# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤٢ ▌ دووشەممە ١٥ی ڕەشەممەی ١٤٠١ _ ٦ی مارسی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## مستەفا هیجری: پێکنەهاتنی هاوپەیمانی خاڵی لاوازی بزووتنەوەکەی ئێستایە



کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە دیمانەیەکدا لەگەڵ «بی. بی. سی» لەبارەی پرسی گرینگی هاوپەیمانی لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: لە قۆناغی ئێستادا دروستبوونی یەکیەتی و هاوپەیمانی لەنێوان حیزبەکاندا زۆر دژوارە و بەداخەوە خاڵی لاوازی جووڵانەوەکەش هەر ئەوەیە. بەڕێزیان لەبارەی هاوکاریی حیزبی دێموکرات و پاشایەتیخوازەکان گوتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و وەک خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەگەڵ بەڕێزیان هاوکاریمان هەبێت. ئەوەش هۆکاری مێژوویی هەیە، ئێمە هەم ئەزموونی سەردەمی دەسەڵاتدارەتی پاشایەتی و هەم ئەزموونی کۆماری ئیسلامیمان هەیە. بۆیە هیچ ناچار نین لەنێوان ئەو دووانەدا یەکیان هەڵبژێرین.


کاک مستەفا لەو دیمانەیەدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئێمە حکوومەتێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدراڵمان دەوێ، حکوومەتێک لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو ناوچەکان و هەموو نەتەوەکانی ئێرانی، بە جۆرێک کە خەڵکی ئێران ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆیانی بزانن.

(ئەو دیمانەیە لە لاپەڕە (٣–٢)دا بخوێنەوە.)

## مستەفا هیجری:

# پەیامەکە ڕوونە، خەڵک «شێخ» و «شا»یان ناوێ






## خالید عەزیزی:

## باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە

کاک خالید عەزیزی لە بەرنامەی «کندوکاو»ی بەشی مێدیایی «شورای مودیرییەتی گوزار»دا ڕایگەیاند باشتر وابوو لەنێو دڵی ئەو جووڵانەوە بەرینەی خەڵک لە نێوخۆدا و بە هاوکاریی هەمەلایەنەی هەموو لایەنەکان ڕێبەرییەک دروست ببا، بەڵام بەداخەوە نیزامی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بەپێی سروشتی ئەو دەسەڵاتە هیچ ڕۆچنەیەکی بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە ژیانەکییە نەهێشتۆتەوە. بۆیە بەپرسایەتیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ وەک ئەرکێک لەسەر شانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند لە ڕوانگەی ئێمە ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ لەخۆگری هەموو ئەو پەیام و دروشم و خواستانە بێت کە لە دڵی بزووتنەوەکەوە هەڵقوڵیون و بە گوێی ئێمەیان دادەدەن و وەرگرتنی ئەو پەیامانە زۆر گرینگن. لە نێوخۆی وڵات و لە خۆپێشاندانەکاندا باسێک لە تەمامییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەبووە و نییە و ئەو باسانە هەر لەجێدا هەڵەن و دژایەتییان لەگەڵ جەوهەری خەباتی خەڵکانی ئێران هەیە. (٣)

## تێرۆری بیۆلۆژیکی قوتابییان

### نوێترین پەڵەی ڕەش بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە

سیناریۆی ئەمنییەتیی ژاراویکردنی قوتابییان لە خوێندنگەکانی ئێران چیدی مەجالی حاشای بۆ هیچ بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەهێشتۆتەوە، بەتایبەت کە تا ئێستاش کەس لەو سۆنگەیەوە دەسبەسەر نەکراوە.

دوای کرماشان، هێرشە بیولۆژیکییەکانی ڕێژیم گەیشتە خوێندنگەکانی شاری مەریوان لە کوردستانیش. لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٥٠ قوتابیی کچ لە خوێندنگەکانی چەند شارێکی وەک تاران، کرماشان، لوڕستان، چوارمەحاڵی بەبختیاری، قوم، ئەردەوێل، مازەندەران، ئیسفەهان، سمنان، خۆراسانی ڕەزەوی، شاهینشار و فەردیس... بەهۆی ژاراویبوونەوە لە نەخۆشخانە خەوێندراون کە تا ئێستا یەک لەوان لە شاری قوم گیانی لەدەست داوە.




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ بە سەرنجدان بە ماهییەتی ڕێژیم لە تاوانە ڕێکخراو و سیستماتیکەکانی وەک کوشتن لەسەر نامووس، قەتڵە زنجیرەیی و ئەسیدپرژاندن و سیناریۆ ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیم ڕادەگەنێت کە بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتانە لەئەستۆی تەواوەتیی ڕێژیم و لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمە. ئامانج لەوەش بڵاوکردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە و تۆڵەکردنەوە لە کچان بەهۆی پێشەنگایەتییان لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»یە.

## حەسەن شەرەفی:

## ئەوان لە تەجزییەی ئێران ناترسن، لە تەجزییەی دەسەڵات زراویان چووە

کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە سیمینارێکی ڕێکخراوی جیهانی کورد بۆ باس لەسەر پرسی «کورد و شۆڕشی ژینا» ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی خوێناویی سەرشەقام و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان دەریخست کە چەندە لەو شۆڕشە دەترسێ و دەزانێ ئاخێزگەکەی کوێیە و دەبێ لە کوێ بدا.

بەڕێزیان لە باسەکەیدا گوتی ئەو ئێرانییانەی بەردی تەواویەتیی ئەرزی لە سینگیان دەدەن، هیچیان دڵیان ئەوەندە بۆ تەواویەتیی ئەرزی ناسووتێ. لە مێژوودا، هەرکەس هێرشی کردە سەر ئێران بەشێکی برد. لە ڕۆژئاوا عوسمانی بردی، لەولا ڕووس بردی، لەولای ئەفغان بردی و... هتد. ئەوانە هەموو لە سەردەمی پاشایەتیدا بووە و هەر لە سەردەمی محەممەدڕەزاشادا، بەحرین پارێزگای چواردەیەمی ئێران لەو وڵاتە جیا بووە، بۆیە ئەوان لە تەجزییەی خاک ناترسن بەڵکوو لە «تەجزییەی دەسەڵات» زراویان چووە. شتێکیش کە ئێمە دەمانەوێ ڕاست ئەوەیە، تەجزییە دەسەڵات و بەشداری لە ئیدارەی ئێراندا.


ناتوانین هاوکاریی لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە — کەماڵ کەریمی — ٣

میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزب حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو — عەبدوڵڵا حەسەنزادە — ٥

شۆڕشی ژینا، مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا — د. محەممەد حوسێنزادە — ٧

فۆبیای ژینا و تۆڵەستێنی لە کچان — عەلی بداغی — ٨

میتینگی مەهاباد و پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس — ئارمان حوسێنی — ٩

## مستەفا هیجری:

# ئامادە نین لەگەڵ پاشایەتیخوازەکان هاوکاریمان هەبێت



**تەلەڤیزیۆنی "بی بی سی"ی فارسی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب تیشکی خستە سەر خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزب بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" وەرگێڕانی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:**

**تەلەڤیزیۆنی "بی بی سی"ی فارسی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب تیشکی خستە سەر خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزب بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" وەرگێڕانی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:**

**کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران چییە؟ دۆخی نوێی ئێران تەعبیر لە چی دەکات؟**

ئەم دۆخە چەند پەیامێکی لێ دەخوێندرێتەوە کە گرینگترینیان یەکگرتوویی بەهێزی نەتەوەکانە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە تێ کۆشاوە لەنێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێراندا ئاژاوە و ناکۆکی بنێتەوە کە "تەجزییە تەڵەبی"، "دژەشۆڕش بوون" و "بەستراوەبوون بە وڵاتانی بێگانە" شابەیتی ئەو تۆمەتانە بوون و تێچوویەکی زۆریشی بۆ داناوە. بەڵام ئەو یەکگرتووییەی ئێستا "نا"یەکی بەهێز و پڕمانا بۆ کۆماری ئیسلامییە کە پێی دەڵێ سیاسەتی ٤٤ ساڵەی مایەپووچ بووە. پەیامێکی دیکە ئەوەیە خەڵک لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەمابڕاو بوون، خۆ ئەگەر سەردەمانێک "ڕیفۆرمخوازەکان" دەیانەویست هیوایەکی بێهوودە بنێنە دڵی خەڵکەوە و ئەو وەهمەیان پەرە پێ دەدا کە کۆماری ئیسلامی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دێموکراسی دەچێتە پێشێ؛ خەڵک ئێستا هێڵی سووریان بە سەر تەواوەتیی ڕێژیمدا هێناوە. گرینگتر لە هەموو شتێکیش ئەوە کە خەڵک ئێستا بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکگر و یەکڕیز بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە هاتوونەتە مەیدان.

**سەنگ و قورسایی حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوو بەدوای کوژرانی ژینا ئەمینی چەند بووە؟**

دەزانین کۆماری ئیسلامی هەمیشە جاڕی ئەوەی داوە کە حیزبە کوردییەکان نەماون و کاریگەرییەکیان لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان نییە. بەڵام دوای ناشتنی ژینا لە سەقز ئێمە لە ناوەندی هاوکاری داوامان کرد خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە کوشتنی ژینا مان بگرن. دوایە داوامان کرد بێنە سەرشەقام و هەمووان بینمان کە خەڵک یەکگر و یەکپارچە بەرەوپیلی داواکەمانەوە هاتن. بۆیە بە لێبڕاوییەوە دەڵێم چەخماغەی ئەو شۆڕشە لە کوردستان، ئەویش بە ڕێنوێنیی حیزبە کوردییەکان لێدرا. کۆماری ئیسلامییش بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند کە "ئاژاوە" و "بشێوی"یەکان لە کوردستانەوە هەڵقوڵیون و حیزبە کوردییەکانیش کە بە "دژی شۆڕش" ناویان دەبات، هۆکار و پێشەنگی ئەو ڕێکخستنانە بوون.

**چەند حەوتوو دوای دەستپێکی خۆپێشاندانەکان بنکەکانی ئێوە و کۆمەڵە و حیزبە کوردییەکانی دیکە لە عێراق کرانە ئامانجی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران. پێتان وایە بۆ لەو کاتەدا ئەو هێرشانە کرانە سەر ئێوە؟**

ویستی بەو بەشە لە خەڵک کە هێشتا پشتی ڕێژیمیان گرتووە پیشان بدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا هێز و دەسەڵاتی بانی هەیە و دەتوانێ تۆڵەی ئەو ڕێکخستن و جموجۆڵانە لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە. بۆیە کراینە ئامانجی بۆردومانەکان و بەداخەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان و ژن و تەنانەت منداڵیش لەو هێرشانەدا شەهید بوون.

**چەند حەوتوو پێش تەقینەوەیەک لە کۆمەڵەیەکی پیشەسازیی بەرگریی ئێران ڕووی دا و وەزارەتی ئیتلاعات ئیدیعای کرد حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستانی عێراقن لەسەر داوای ناوەندێکی هەواڵگری ئەو کارەیان کردووە؛ دیارە کە مەبەستیشیان لەوانەیە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بێت. ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەخۆ هیچ جموجۆڵێکی سەربازیی لە خاکی ئێراندا بووە، یان ئەوەی لەسەر داوای وڵاتێکی بیانی وەک ئەمریکا یان ئیسرائیل کارێکی وا بکات؟**

ئەوەش بەشێکی دیکە لە تۆمەتبەشینەوەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لەدژی حیزبەکەی ئێمە لەسەر زاریان بووە. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم ئێمە لە بەیاننامەکەیدا ئەو تۆمەتەمان ڕەت کردۆتەوە و لەو دەرفەتەشدا پێداگری دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێمەش لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی بە هیچ جۆرێک هیچ عەمەلیاتێکی سەربازیمان لەسەر داوای هیچ لایەنێک لە دژی ئێران نەکردووە. ئەو چالاکییانەش کە ئێمە هەمانە خواست و داوای خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و لەپێناو ئازادیی ئێران و سەربەستیی کوردستانی ئێرانە؛ ئەویش خەبات لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**ئێوە توانایی ئەو جۆرە عەمەلیاتەتان هەیە لەسەری تۆمەتبار کراون؟ بێتوو ئێوە بتانەوێ، ئاخۆ دەتوانن لە تاران، شیراز و ئیسفەهان هێرش بکەنە سەر کۆمەڵەیەکی سەربازی، پێترۆشیمی یان ئامانجێکی تر؟**

نەخێر، ئێمە ئەو توانایەمان نییە.

**زۆر کەس دەپرسن ئێوە کە بەردەوام هێرشتان دەکرێتە سەر و تەنانەت هەڕەشەی هێرشی زەمینی لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانتان لەسەرە، بەڵام ئامادە نین دژکردەوەتان هەبێت. تەنانەت لەو ڕاپەڕینەدا و لە کاتێکدا زۆر لە شارەکان دەکرا بکەونە دەست خەڵک و لە هێزەکانی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم داماڵدرێن و ئەوە دەیتوانی ببێتە جێی هیوا و هۆمێدیش بۆ شارەکانی دیکەی ئێران؛ کەچی حیزبەکەی ئێوە دەستیان پاراست. بۆ؟**

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین بێتوو هێزەکانی ئێمە لە فازی چەکداریدا چووبانە نێو ئەو هاوکێشەیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بیانوویەکی باشی بۆ سەرکوتی خوێناویی زیاتر لە کوردستان دەست دەکەوت و خەڵک پتر دەکەوتنە بەر شاڵاوی زەبروزەنگ و کوشتار؛ هەروەها لەوانە بوو کوردستان پتر کاول بکرێت. بۆیە ئێمە نەمانویست ئەو بیانووە بدەینە دەست ڕێژیم. خەڵک بە دەستی بەتاڵ هاتبوونە سە شەقام و بەگژ هێزەکانی ڕێژیمدا چووبوونەوە. هەر ئەوکات لەنێو خەڵکیشدا هەبوون داوایان لە ئێمە دەکرد فریایان کەوین و هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە. بەڵام ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی ئێمە ئەوە بوو، تەنانەت خۆم پەیامم دا خەڵک هەوڵ بدەن خۆ لە توندوتیژی بپارێزن، چونکی کۆماری ئیسلامی ڕێک ئەوەی دەوێ. ڕێژیم دەیەوێ ڕوخسارێکی توندوتیژ لە کوردستان و لە خەباتی خەڵکی کورد لە بەرچاوی ئێرانییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانیش وێنا بکات؛ بەوەش ڕەوایی بە سەرکوتی خوێناویی پتری خەڵکی کوردستان بدات. بەڵام ئێمە ئەو بیانوویەمان نەدایە دەست ڕێژیم و لام وایە دەکرێ ئەوە بە یەکێک لە دەسکەوتە سیاسییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕاپەڕینەدا دابندرێت.

**زۆر کەس و لایەنی غەیرەکورد دەپرسن حیزبەکانی وەک حیزبی دێموکرات بە زیاتر لە ٧٥ ساڵ ڕابردوو کە مانیفێستتان هەیە، بەڵام خۆتان لە چوارچێوەی کوردستاندا سنووردار کردووە و نەتانتوانیوە خۆتان وەک ئاڵترناتیڤ جێ بخەن. ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە چەکەکانتان وەلا بنێن و دەست بە چالاکیی سیاسی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەن؟**

ئەو باسە لێرە و لەوێ لەنێو حیزبی خۆیشماندا دەکرێت و کەسانی خاوەن بۆچوون لە کوردستانیش هێناویانەتە گۆڕێ. بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش وامان بە سەلاح زانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردستاندا چالاکییەکانمان درێژە پێ بدەین و ئەوەمان بۆ قۆناغی ئێستا پێ باش بووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتەکەی بەوجۆرەی کە پێویستە و لەئاست قورسایی حیزبدایە، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نەناسراوە.

**ئێمە نموونەی وەک پارتی دێموکراتیکی گەلان لە تورکیەمان هەبوو، ئەگەرچ ئێستا بەهۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ پ ک ک و بارودۆخی نیزامی، ڕەوشەکە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە؛ بەڵام ئەوان توانییان دەنگی زۆر لە تورکەکان ڕابکێشن. ئێوە مۆدێلێکی ئەوتۆ بۆ حیزبە کوردییەکان لە ئێراندا نابینن کە بە خستەڕووی بەرنامەکانیان بتوانن لە دۆخێکدا کە مەجالی هەڵبژاردنی ئازاد هەبێت، وەک ئاڵترناتیڤ دەر بکەون؟**

ئێمە دەبێ تایبەتمەندی و دۆخی سیاسیی تورکیە و ئەوەی لە ئێران هەیە لەبەرچاومان بێت. لە تورکیە تا ڕادەیەک دێموکراسی هەیە، بۆیەشە حیزبی وەک HDP توانی لەو کەشی ئازادی و دێموکراسییەدا جووڵانەوە مەدەنییەی خۆی بەرەوپێش ببات و لەگەڵ یەک دوو حیزبی دیکە هاوپەیمانی پێک بێنێت؛ دواتر لەو هەڵبژاردنە ئازادەی لەوێ هەیە، ژمارەیەکی زۆر نوێنەر بنێرێتە پارلمانی ئەو وڵاتە. بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەها زەرفییەتێک نەک بۆ خەڵکی کوردستان پێکنەهاتووە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران سنووردار بوون و هیچ هەڵبژاردنێک لەم وڵاتە ئازاد نییە.

**ئێستا باسێکی سەرەکی لە دەرەوەی ئێران و لە نێوخۆش لەلایەن چالاکانی سیاسی ئەوەیە یەکدەنگ و یەکگر لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا تواناکانیان بخەنە سەر یەک. ئێوە وەک ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ دیدار و چاوپێکەوتنتان لەگەڵ ئەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە بووە، بۆ نموونە ڕەزا پەهلەوی؟**

ئێمە لەگەڵ بەشێک لەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە لە دەرەوەی وڵات یەکترمان بینیوە و پێوەندیمان لەگەڵیان بووە، لە قۆناغێکدا لەگەڵ ڕەزا پەهلەوییش کۆ بووینەتەوە؛ بەڵام لەو قۆناغەدا ئەو یەکیەتییە و هاوپەیمانییە لەنێوان حیزبەکاندا زۆر دژوارە و بەداخەوە خاڵی لاوازی جووڵانەوەکەش هەر ئەوەیە. سیاسەتی حیزبی دێموکرات دیالۆگ و دانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ هەموو کەسایەتی و لایەنەکانە، جا ئەوان هەڵگری هەر جۆر بیرکردنەوە و تێگەیشتنێک بن، بەڵام کاتێک دێینە سەر پرسی هاوپەیمانی و باس لە دۆخ و داواکان دێتە گۆڕێ؛ هێشتا بەتەواوی ڕەزامەندی لەگەڵ ئەو خواست و داوایانە نەدراوتە ئێمە.

**لەجێدا ئێوە ئامادەن لەگەڵ کەسێکی وەک شازادە ڕەزا پەهلەوی هاوکاری بکەن؟**

نەخێر. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وەک خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەگەڵ بەڕێزیان هاوکاریمان هەبێت.

**لەبەرچی؟**

هۆکارەکەی مێژووییە. کاتی خۆی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خەڵک لە ڕیفڕاندۆمێکدا بەشدارییان کرد کە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی تەنیا دوو هەڵبژاردنی خستبووە بەردەم خەڵک: یان ڕێژیمی پاشایەتی، یان کۆماری ئیسلامی. خەڵک ئەوکات ڕێژیمی پاشایەتییان تاقی کردبۆوە و ئەزموون و بیرەوەریی تاڵیان لەو ڕێژیمە سایسییە هەبوو، بۆیە پێکەوە و یەکگرتووانە ڕووخاندیان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامییان نەدەناسی و هەر لەو سۆنگەیەوە دەنگیان پێ دا. ئەگەرچی ئێمە ئەوکات لەو ڕیفڕاندۆمەدا بەشدار نەبووین، بەڵام ئێستا هەم ئەزموونی سەردەمی دەسەڵاتدارەتی پاشایەتی و هەم ئەزموونی کۆماری ئیسلامیمان هەیە. بۆیە هیچ ناچار نین لەنێوان ئەو دووانەدا یەکیان هەڵبژێرین.

**ئەدی پێشنیاری ئێوە چییە؟**

ئێمە هەمیشە گوتومانە کە حکوومەتێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدڕاڵمان دەوێ. حکوومەتێک لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو ناوچەکان و هەموو نەتەوەکانی ئێرانی، بە جۆرێک کە خەڵکی ئێران ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆیانی بزانن و خۆیان لە بەڕێوەبردنی تەواوەتیی ئێران و ناوچەکانی خۆیاندا بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵات بە هاوبەش و بەشدار بزانن.

**ئەگەر ئێوە شازادە ڕەزا پەهلەویتان قەبووڵ نییە، ئەدی لە بنەڕەتڕا بۆ لەگەڵی دانیشتوون و قسە و باستان بووە؟**

دواقسەکانی بەڕێزیان کە باسی لە جیاییخوازی و ئەو بابەتە کلێشەیی و نێوبەتاڵانە کرد، جۆرێکی دی هێڵبەندیی هەڵوێستەکانی کرد و هەر ئەو بابەتە کلێشەییانەی لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەکرێن. قسەکانی ئەو ناڕاستەوخۆ ڕوو لە خەڵکی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران بوو. هەر ئەوەش قسە و دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ بەڕێزیانی سەخت و دژوار کردووە.

**بێتوو لە ئێران هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێت و خەڵک دەنگ بدەن شازادە پەهلەوی وەک پاشای ئێران هەڵبژێردرێ، لەو بارودۆخەشدا ئامادە نین هاوکاریی لەگەڵ بکەن؟**

ئەوە فەرزی نیزیک بە مەحاڵە. چونکی لە خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوودا خەڵک بەئاشکرا و چەند جارێک ڕایانگەیاندووە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت. ئێمەی کوردیش ڕێژیمی پاشایەتیمان ناوێت. بەڵام بە فەرزی مەحاڵ ئەگەر ڕۆژێکیش بە هەر هۆیەک شتێکی وا لە ئێراندا ڕوو بدات، سروشتییە ئەوە خەڵکی ئێرانن دوابڕیار دەدەن. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەوکاتیش لە ویست و داواکانمان پاشگەز بینەوە.

**حامید ئیسماعیلیون، وتەبێژ و دەبیری کۆمەڵەی گیانبەختکردووانی فڕینی ٧٥٢ وەک کەسیک کە دەتوانێ زۆران لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و لە ڕابردووشدا بینیمان کە توانیویەتی بە بانگەوازەکانی دەیان هەزار کەس لە ئاڵمان و کانادا کۆ بکاتەوە کە ئەو میتینگانە لە دەرەوەی وڵات لە مێژووی چالاکیی ئێرانییەکاندا کەموێنە بووە. ئێوە لەگەڵ بەڕێزیان هیچ پێوەندییەکتان بووە؟**

ئێمە وەک حیزبی دێموکرات تا ئێستا لەگەڵی دانەنیشتووین. بەڵام هاوپەیمانەکانمان لەگەڵی دانیشتوون و ئێمەش بەتەماین پێوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵی هەبێت.

**ئێوە ئەگەر سێ هەڵبژاردنتان هەبێت، بڵێن ئێوە ئامادەن لەگەڵ شازادە پەهلەوی، حامید ئیسماعیلیون و مەسیح عەلینژاد ڕێبەریی ئەو جووڵانەوەیە**

کوردستان
ژمارە: ٨٤٢
١٥ی ڕەشەممەی ١٤٠١ _ ٦ی مارسی ٢٠٢٣

## خالید عەزیزی:

# باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە



**ئاماژە: بەرنامەی "کندوکاو"ی بەشی مێدیایی شوورای مودیرییەتی گوزار بۆ باس و تاوتوێی دوورەدیمەنەکانی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حوسێن شەریعەتمەداری، دەبیری شوورای مودیرییەتی گوزار پێک هێنا. لەو وتووێژدا وتەبێژی حیزبی دێموکرات خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی لە بارەی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی چەند بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ئێران لەئارا دایە، بەرپرسایەتییەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەموو تاکەکان. ئەمن ئارەزووم دەکرد لەنێو دڵی ئەو جووڵانەوە بەرینەی خەڵک لە نێوخۆدا و بە هاوکاریی هەمەلایەنەی هەموو لایەنەکان ڕێبەرییەک دروست ببا، بەڵام بەداخەوە نیزامی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بەپێی سروشتی ئەو دەسەڵاتە هیچ ڕۆچنەیەکی بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە ژیانەکییە نەهێشتۆتەوە. بۆیە بەرپرسایەتیی دروستکردنی ئەو ئاڵترناتیڤە کە چۆن بێت و چی بکات وەک ئەرکێک لەسەر شانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

ئەمن پێموایە ساغبوونەوە لەسەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کردەنییە، هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمەیان ناوێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە کە لەبری ئەو ڕێژیمە چ جۆرە نیزامێکی سیاسی بێتە سەر کار؟ بزووتنەوەی ئێستاش هەڵگری کۆمەڵێک پەیامە بە بنەڕەتێکی گشتییەوە کە ئیستبداد و ناوەندگەرێتی دەبێ نەمێنێ و دێموکراسی جێی بگرێتەوە. بۆچی ئیستبداد نەمێنێ؟ چونکی دێموکراسیی نەهیشتووە. بۆچی ناوەندگەرێتی نەمێنێ؟ چونکی هەتا ئێستا مافی هاوبەشی و بەشداریی لە ئەوانیدی زەوت کردووە. بۆچی دێموکراسی پێویستە، چونکی خەڵکی ئێران لەسۆنگەی چەند سەدە دەسەڵاتی پاشایەتی و دەیان ساڵ نیزامی سیاسیی دینییەوە لە مافە مەدەنی و دێموکراتیکەکانی بێبەش کراوە.

پەیامێکی دیکەی شۆڕشی ژینا ئەوەیە وڵات دەبێ بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنێکی زۆر دێموکراتیک و هەمەلایەنەی نێوان حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی فرەنەتەوە دابڕێژرێتەوە. پەیامێکی دیکەی ئەوەیە کە خەڵک نایانەوێ چیدی کۆماری ئیسلامی لەلایەک بەبارمتەیان بگرێت و وەک کارتێک بۆ پرۆژە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەکاریان بێنێت و، لەلایەکی دی چی سەروەت و سامانی خەڵکە لە دەستێوەردانە بیانییەکانی ڕێژیم و خەرجکردن بۆ میلیشاکانی بەفیڕو بدرێت. بەمجۆرە پەیامەکە بەڕوونی پێمان دەڵێ نیزامی سیاسیی دواتر (حکوومەتی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی) دەبێ لە کلاورۆژنەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە بڕوانێتە پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان.

پەیامێکی دیکەی شۆڕش ڕوو بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە کە پرسەکانی ئێران تەنیا لە پرۆژە ئەتومییەکانی ڕێژیمدا قەتیس مەکەن، هەروەها ئەوە کە هەتا ئەو ڕێژیمە بەهێزتر بێت، لاسارتر و سەرەڕۆتر دەبێ و بۆ متمانەپێکردن نابێت. پەیامێکی دیکەش ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات پێچەوانەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە خۆیان سەرقاڵی چەمکەکان و بابەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانیان کردووە، یەکگر و هاوئامانجن. ئاکامگیری لە هەموو ئەو فاکتەرانەش پێمان دەڵێن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوات.

ئێستا کە بەخۆشییەوە کوڕاییەکی ڕێژەیی لەسەر تێپەڕین لە کۆماری دروست بووە، ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتییە دەروەستەکانە بە سەرنجدان بەو بنەڕەت و پەیامانەی باس کران، قۆڵ لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ هەڵماڵن. لە ڕوانگەی ئێمە ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ لەخۆگری هەموو ئەو پەیام و دروشم و خواستانە بێت کە لە دڵی بزووتنەوەکەوە هەڵقوڵیون و بە گوێی ئێمەیان دادەدەن. وەرگرتنی ئەو پەیامانە زۆر گرینگە. لە نێوخۆی وڵات و لە خۆپێشاندانەکاندا باسێک لە تەمامییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەبووە و نییە و ئەو باسانە هەر لەجێدا هەڵەن و دژایەتییان لەگەڵ جەوهەری خەباتی خەڵکانی ئێران هەیە.

دروستکردنی ئەم ئاڵترناتیڤە وەک گوتم کردەنییە. چونکی بێتوو ئیرادەی ئەو کارەمان هەبێت، خاڵی هاوبەشمان زۆر زیاتر لەو خاڵانەیە کە لێکمان دادەبڕن. ئەم کارە دەستپێشخەرییەکی پێویستە. بەخۆشییەوە کەم نین ئەو ڕەوت و لایەنانەی باوەڕیان بە دێموکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات، جیایی دین لە حکوومەت و مافە مەدەنییەکانی جیهانداگر بۆ هەمووان هەیە و ناشیانەوێ نە کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بمێنێ و نە نیزامی پاشایەتی بۆ وڵات بگەڕێتەوە. بۆیە بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی لە نێوخۆوە لەسەرمانە، ڕاستە وەدرەنگ کەوتووین، بەڵام ئەو باس و خواسانە یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش و سەقامگرتوو. ئەوەندەش کە بۆ حیزبی دێموکرات و پرسی کورد دەگەڕێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بەها و بایەخانەی باسیان کرا هەین و دەیان ساڵیشە خەباتیان لەپێناودا دەکەین و خوێنیان بۆ دەدەین. ئامادەین بە ئیعتباری بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە ئێمەیان بەخشیوە، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەوینە دانوستان و ڕێککەوتن.

بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێرانی فرەنەتەوە و فرەباوەڕی ئایینی و جۆراوجۆرییەکان ئەوەیە خەڵک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، سینفی و مەدەنییەکاندا ڕێک بخرێن. چالاکیی هەموو کەسایەتییە مونفەرید و سێلێبریتییەکان کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن جێی ڕێزە. ئێمە بە خەبات و ڕۆڵی هەموو هونەرمەند، دەرهێنەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و... کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت ٥-٦ مانگی شۆڕشی ژینادا تێکۆشاون دەزانین؛ بەڵام لە پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازیدا خەڵکی ئێران دەبێ فێر ببن کە بەڕێکخراو بن و ڕێکخراوتەوەر بن و بۆ ئەوەش ئێمە دەبێ یارمەتیدەر بین. کۆمەڵگە ناکرێ هەتاهەتایە تاکتەوەر و سێلێبریتیتەوەر بێت، ئەوە حیزبە سیاسی و ڕێکخراوەکانن کە ئەرکوەخۆگرن و پتر شان وەبەر بەرپرسایەتی دەدەن و دێموکراسیی داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران دەبێ ڕێکخراوتەوەر بێت.

درێژەی لاپەڕەی ٢

**بکەن، لەگەڵ کامیان شانسی زیاتر هەیە کە بتوانن لەسەر بۆچوون و ڕوانگە و ویست و داخوازەکانی کورد لەگەڵی پێ بێن؟**

ئەگەری هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپە بەدەر لە ئاغای ڕەزا پەهلەوی و مەشرووتەخوازەکان لە هەمووان زیاترە. لەبەر ئەوەی لە باس و قسەکانیاندا ڕایانگەیاندووە کە لایەنگری چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران، یەک لەوان کوردەکانن.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن فەرماندەکانی سپای پاسدارانەوە بەردەوام هەڕەشەتان لەسەر بووە و تەنانەت هەڕەشەی ئەوە بۆ لێدان لە ئێوە بێنە نێو خاکی کوردستانی عێراقەوە و داوایان لە حکوومەتی ناوەندیی عێراق کردووە ئێوە لەو وڵاتە وەدەر بنێت و لەو پێوەندییەدا گوشاریان خستووەتە سەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. دۆخی ئێوە ئێستا چۆنە؟ من سەردانی بنکەکانی ئێوەم کردووە ئەوانەی هێرشی مووشەکییان کرابووە سەر و بینیم کە زۆربەیان چۆڵ کراون.**

بێتوو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشمان بکەنە سەر بە هەموو تواناوە بەرگری لە خۆمان دەکەین. ئەگەرچی من پێموایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێ لە زەوییەوە سنوور ببەزێنێت و هێرشمان بکاتە سەر.

**دوای خۆپێشاندانە بەربەرینەکانی ئەم دواییانە کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئێوە لەگەڵ گرووپ و دەوڵەتەلان بەتایبەت ئەمریکاییەکان دانیشتوون؟**

بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەمریکایی و وڵاتانی ئوروووپایی و لەگەڵ زۆر کەسایەتیی سیاسی هەم پێوەندیمان بووە و هەم ئێستاش لەگەڵیان لە پێوەندیدایین.

**ئەو ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە کە بە "ژن، ژیان ئازادی" ناوبانگی دەرکردووە چۆن دەبینن؟ پێتان وایە دەگاتە کوێ؟**

ئەو جووڵانەوەیە لەوانەیە هەوراز و نشێوی هەبێت، بەڵام ڕاوەستانی نییە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا وای کرد ترسی خەڵک لە ڕێژیم بتەکێتەوە و شەرعییەتی ڕێژیمی سیاسی لە ڕووی ئایینی، سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەتەواوی خەوشدار ببێت. لە ڕووی ئابوورییشەوە ڕێژیم زەبری گورچکبڕی لێ کەوتووە.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا دوو بەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای چەند ساڵ یەکتان گرتەوە. بەنیازن کۆنگرە بگرن؟ پرسی ڕێبەریی حیزب لە داهاتوو چۆن دەبێت؟**

ئێمە ئێستا یەکمان گرتۆتەوە و ئۆرگانە حیزبییەکان و کادر و پێشمەرگەکانمان بەتەواوی ڕێکخراونەتەوە و پێکەوە کار دەکەین. پرۆسەی یەکگرتنەوەکە زۆر بەباشی دەچێتە پێشێ. بەپێی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەمان لانیزۆر هەتا ساڵێک دوای یەکگرتنەوە کۆنگرەیەکی هاوبەش بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانمان دەگرین و لەو کۆنگرەیەدا ڕێبەریی نوێ هەڵدەبژێرین.

**بەتەمان بۆ دەورەیەکی دیکەش خۆتان کاندید بکەنەوە؟**

هێشتا زووە. لەئێستاوە ناتوانم ئەوە بڵێم.

**کۆمەڵە سێ بەش بوو، و ئێستا دوو بەشیان یەکیان گرتۆتەوە. ئێمە بینیمان کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بانگەوازیان دەدا و "پژاک"یش لەگەڵ ئێوە هاوئاهەنگ بوو. لە دەرەوەی ناوەندی هاوکاری، یانی دێموکرات و کۆمەڵە هەوڵتان داوە لەگەڵ پژاک دابنیشن و پتر هەماهەنگ بن؟**

ئێمە لەمێژە ئەوەمان لە بەرنامەدایە و هەر لەجێدا یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بنەڕەتە بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دەبێ بەهێز و یەکگر و یەکگرتوو بێت. ئەو بەهێزییەش لە یەکگرتن و پێکەوەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە ئێمە بەڵێنی خۆمان بە خەڵکی کوردستان بردە سەر. بەڵام ئێمە نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵە، بەڵکوو لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە دیار و بەرچاون، دانیشتنمان هەیە کە "پژاک"یش یەک لەوانە. بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم لە ئێستادا هیچ گرژییەک لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا نییە و پێکەوە کارەکان دەبەینە پێشێ.

***

## کەماڵ کەریمی:

# ناتوانین هاوکاریی لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە

کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" ڕایگەیاند: ناکرێ هاوکاریی ڕەوتێک بکەی بە بە نەتەوە و خاوەن شوناسی خۆتت ناناسێت.

بەڕێزیان لەبارەی پرسی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی ئێرانی داهاتوو، و بە ئاماژە بە وتووێژەکەی کاک مستەفا هیجری لە بی‌بی‌سی کە دەنگدانەوەی زۆری لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبوو، گوتی ئەوەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری خستیەڕوو، ڕوانگەیەکی زۆر دروستە هەم لەنێو حیزبی دێموکرات و هەم لەنێو کورد لە ئێران. کورد نالێم لە دەورانی ڕەزاشا، بەڵام لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا ٣٣ ساڵ خەباتی کرد بۆ ئەوەی لە سیستمی پاشایەتی تێپەڕێ. بۆ ئەمە خەڵکی کوردستان بە سەدان شەهیدیان دا، دەیان کەس ئێعدام کران و بە هەزاران کەس خرانە زیندانەوە. ئەو ستەمەی لەو ماوەیەدا لە کوردستان کرا، لە واقیعدا بۆ هێشتنەوەی لە بەشمەینەتیدا ٣٣ ساڵی خایاند. خەڵکی کورد ئەوکات بەشێک بوو لەو شۆڕشە گەورەیەی لەدژی ڕێژیمی شا کرا و ئەوەیکە ئێمە دەڵێین ناتوانین هاوکاریی لایەنێک بکەین شتێکی ئاساییە. تۆ دەتوانی لەگەڵ کەسێک هاوکاری بکەی کە یەک دەرسەد وەکوو مرۆڤ تۆی قەبووڵ بێت.

ئەو [ڕەزا پەهلەوی] شۆڕشە گەورەکەی ساڵی ٥٧ بە "ئینقلابی مەنحوس" ناو دەبات، لە حاڵێکدا ئەو شۆڕشە بۆ ئەوە کرا خەڵک ئازادییان دەست کەوێ. ئێستا خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و نازانم کێ‌وکێ هاتن و دەستیان بە دامەزرانی سیستمێکی‌تر کرد کە ڕێک لە کار و پرۆژەکانی شای ڕووخاو بەردەوام بن. واتە ئەوە نییە ئینقلابەکە خراپ بووبێ و ئەو بە مەنحووس ناوی ببات. ئەو هەتا ئێستاش دەڵێ ئەمن نازانم زمانی دایک یانی چی، یان پرسی دوو زمانە لە وڵاتدا یانی چی، لە حاڵێکدا بۆخۆی ئەگەر نەڵێم بە منداڵی لە کوێ‌وە بۆ کوێ‌یان ناردووە، بەڵام ئێستا لانی‌کەم زیاتر لە چل ساڵە لە دنیای دەرەوەدا دەژی و ئەگەر کەسێک چل ساڵ لە دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ژیابێ و ئێستاش نەزانێ فەرهەنگی دوو زمانە لە وڵاتێکدا یانی چی، یان کوردی زمانێکە و لە وڵاتانی وەکوو دانمارک ،سوئێد و نۆرویژ و لە زۆر وڵاتانی دیکەدا کلاسی تایبەت بۆ کوردەکان بۆ فێربوونی زمانی دایکییان دادەنێن، کەسێک کە سەرەتا داکۆکی و پشتیوانیی لە سپای پاسداران دەکرد و پاش ئەوەی هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی لەنێو خۆ و لە دەرەوە داوایان کرد سپای پاسداران بە تێرۆریست بناسن لە هەڵوێستەکەی پاشگەز بۆوە، یان کاتێک کە دەڵێ بەشێک لە سپای پاسداران دەبێ بمێننەوە چونکی ئەوە ئەوانن دەتوانن نەزمی وڵات بپارێزن و بەسیج بەشێکە لەو خەڵکەی کە دەتوانێ نەزم بپارێزێ، لایەنێکی ئاوا چۆن لەگەڵی دەڕۆی بە ڕێدا؟ یانی کە دەڕۆی لەگەڵی یەک، دوو، سێ هیچ شتێکی نییە کە تۆ دڵخۆش بکا بۆ ئەوەیکە ئەمە ڕوانینێکی باشی هەیە بەنیسبەت داهاتوو، و مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامە کە نا، ئەمە هەر دەیهەوێ بە دەستەڵات بگا و جێگای باوکی بگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە ٤٤ ساڵە لە ئێران سیستمی کۆماری هەیە و ڕاستیدا ئەوە تەنزێکی مێژوویی دەبێت کە دوای ٤٤ ساڵان ئێمە دیسان سیستمی پاشایەتی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ناسیارییەکی تەواوی لە سیستمی پاشایەتی هەیە؛ یانی ئەوە کە بەڕێزیان شتێکی نەهێشتۆتەوە کە ئەتۆ بڵێی هاوکاریی دەکەم.

ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەو وتووێژەیدا لەهەمبەر هەڵوێست و جووڵە سیاسییەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕایگەیاند: "ئەوەی کاک عەبدوڵڵا لەو پێوەندییەدا دەیکات ئەمن پێم وایە بێ‌نەتیجەیە. ئەو دەڵێ دەڵێ ئێمە لەپێناو پێکهێنانی "کثرت‌گرایی"دا باسەکانمان دەبەینە پێشێ، بەڵام هەر ئەو فرەییە لەگەڵ هەمووکەس بە بڕوای من دروست نییە. ئەتۆ ئەگەر بیر لەوە بکەیەوە کە کۆمەڵگەیەکی موتەکەسرت هەیە و بیر لەوە بکەیتەوە کە دەبێ دەستەڵاتێکی موتەکەسریش پێک بێنی، دەبێ بیر لەوەش بکەیتەوە کێ لەو دەستەڵاتە دابێت و بە چ ڕوانگەیەک ئەو بێتە نێو ئەو دەستەڵاتەوە... بۆیە پێموایە ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێت کە ئێمە بتوانین لەگەڵ کوڕی شا بە قەناعەت بگەین بۆ ئەوەی بگەینە داهاتوویەک کە داخوا خەڵک ڕەئی بەو دەدەن یا نایدەن، بە بڕوای من لانی‌کەم حیزبی دێموکرات ناتوانێ لەگەڵ ئەو ڕەوتە بڕواتە پێشەوە.

کاک کەماڵ کەریمی بە ئاماژە بە وتووێژەکەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەگەڵ "بی‌بی‌سی" گوتی مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە قسە لەگەڵ کەس ناکەین، باسەکە ئەوەیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ کەس و لایەنێک هاوکاری بکەین کە هیچ شتێکی بۆ خەڵکی ئێران و هیچ شتێکی بۆ کورد بەتایبەتی پێ نییە. واتە ئەو لایەنانەی نە وەکوو نەتەوە دەتناسن، نە وەکوو عەقەلییەت و تەنانەت وەکوو قەومیش ناتناسن؛ تۆ ناتوانی لەگەڵیان بیت. بگرە کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە ئەتۆ قەومێکی، بەڵام ئەو هەر دەڵێ یەک ئێران، یەک میللەت و یەک زمان و ئەمە بناخەی فکری ئەوە بۆ دەستەڵاتدارەتی؛ یانی هەمان سیستم کە ڕەزاشا لە ساڵی ١٣٠٤دا دایمەزراند. دەی سروشتییە کە ئەتۆ ناتوانی لەگەڵ وەها ڕەوتێک هاوکاری بکەی. بۆ ئەوەی تۆ هاوکاریی بکەی، دەبێ ئەوە بەشێک لە خواستەکانی تۆی پێ دروست بێ و دانی پێدا بنێت. بەڵام کاتێک ئەو هیچ شتێکی تۆی قبووڵ نییە، زۆر تەبیعییە کە کاک مستەفا بە دروستی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند کە بڵێ ئێمە ناتوانین هاوکاریی بکەین.

### د. قاسملوو:

# هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، تاوانی تەجزییەتەڵەبییان پێ بەستووە



**ئاماژە: لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و ئەو ئازادییە ڕێژەییەی باڵی بەسەر کەشی کوردستان و ئێراندا کێشابوو، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری دابوو لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی دیاری کردبوو کە بوو بە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا. ڕۆژێک کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا، و بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە زیاتر لە سەت هەزار کەسییەدا شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزب بۆ خەلک دوا.**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە بۆخۆی لەگەڵ نەمر جەلیل گادانی یەکێک لە وتاربێژانی دیکەی ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە بوو، لە وتارێکدا دەڵی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ دوای ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ٢ی ڕێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستان سێهەمین ڕۆژ و ڕووداوی گرینگی مێژووی ژیانی حیزبی دێموکراتە. "کوردستان" لە ٤٤ ساڵەی ئەو ڕۆژە مێژووییەدا دەقی وتارەکەی د. قاسملوو بۆ خوێنەرانی ئێستای بڵاو دەکاتەوە کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە مانیفێستی سەدە، یان مانیفێستی حیزبی دێموکرات ناو دەبرێت.**

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**میوانانی خۆشەویست!**
**خەڵکی بەشەڕەف و شۆڕشگێڕی مەهاباد!**
**هاوڕێیانی خەباتگێڕ!**

ڕێگام بدەن بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەم و بەختیاری و دڵخۆشیی خۆم و هاوڕێیانم لە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە مەزن و مێژووییە دەرببڕم. سپاسی هەموو خوشک و برایانی خۆشەویست و میوانانی بەڕێز دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە و لە شارەکانی دورر و نیزیکی کوردستان و ئێرانەوە، بۆ بەشداریکردن لەم میتینگەدا لێرە ئامادە بوون. هەروەها سپاسی دانیشتووانی مەهابادی قارەمان دەکەم کە هەم بە بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا، هەم بە میواندارییان ئیمکانی تەشکیلی ئەم میتینگەیان پێکهێناوە.

سڵاو لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئێران و گەلی کورد کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان بۆ ئێمە ئامادە کرد. سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ڕۆڵە بەشەڕەفەکانی گەل، کە لە ساڵانی ڕەشی ئیستبدادی پاشایەتیدا، نیشانەی بەرزی فیداکاری و ئینسانییەت، نیشانەی زیندووبوونی گەل و سیمبولی درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانەکەمان بوون. سڵاو لە برایانی فارەس، ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئەرمەنی، کەلیمی و هاوخەباتانی ئێمە لە شۆڕشی ئێراندا.

**هاونیشتمانان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی ئەمڕۆ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکا. لە ماوەی ساڵانی چالاکی نهێنیدا، ئەندامانی حیزبی ئێمە چ فیداکارییەک کە نەیانکردووە، چ زەحمەتێک کە نەیانکێشاوە، چ تەنگوچەڵەمەیک کە تووشی نەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهیدی زۆری داوە، زیندانیی زۆر بووە، ئەندامان و لایەنگرانی بەدبەختی و کوێرەوەرییان زۆریان دیوە. بەڵام ئەندامانی حیزبی ئێمە بە پشتیوانیی خەڵک ڕێگای خەباتی بەر نەداوە و ئێستاش سەربەرز و دڵنیا لە هێزی خۆیی و هێزی بێپایانی گەل بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، ڕاوەستاوە و پەیمان تازە دەکاتەوە کە لە دوارۆژیشدا، بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بۆ پتەوکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، لە هیچ تێکۆشان و گیانبازییەک نەکشێتەوە. گەلی کورد بەحەق چاوەڕوانی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی، شەهیدانی چوارچرا، حیزبی شەهیدانی فەیزوڵڵابەگی، مەلا ئاوارە، برایانی موعینی، شەریفزادە، مەحموودی زەنگەنە، نحۆ، وێردی، حیزبی عەزیز یووسفی، سەدانی شەهیدی کرماشان، سنە، سەقز و... سەدان زیندانی قارەمانی هەموو ناوچەکانی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری کۆماری مەهاباد، یەکەم حکوومەتی گەلی کورد لە تاریخی نوێی کوردستاندایە. یادی ئەو کۆمارە و سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی ئێستاش، لە بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکدا، هەر زیندووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦ و١٣٤٧ە کە بە سەرکردەیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، حیزب هەتا دوا هەناسە تا شەهیدبوون لە ئامانجەکانی حیزب و گەل دیفاعیان کرد. حیزبی ئێمە لە ماوەی ٢٥ دیکتاتۆڕیی ڕەشی حەمەڕەزا شادا، لە دیفاع لە مافی گەلی کورد و قازانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان درێغی نەکردووە. ئەندامان و لایەنگرانی هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوی خەباتدا بوون. هەموو پێکەوە دەبێ تێبکۆشین جارێکی دیکە ڕێژیمی شا و هەرچەشنە ئیستبدادێکی دیکە زیندوو نەبێتەوە.

پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان و دابینکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا، زامنی ئەسڵیی بەرەوپێشچوونی شۆڕش بۆ بە دەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیی گەلەکەمانە. بەبێ ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە مافی گەلی کورد بەتەواوی دابین نابێ و بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، ڕێژیمێکی دێموکراتیک تا سەر پێک نایەت. گەلی کورد وەکوو هەموو گەلانی دیکە ئێران، هەقی هەیە بەڕەسمی پێی بگووترێ، کە ستەمی نەتەوایەتیی میراسی شوومی ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا لەنێو دەچێ و شوێنەواری نامێنێ. دەبێ نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی موئەسسان و لە دانانی قانوونی ئەساسیی تازەی ئێراندا بەشدارن بن تا بتوانن مافی ڕەوای گەلانی ئێران و گەلی کورد لەم قانوونەدا بگونجێنن.

تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی گۆرانییەکی کۆنە و هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، ئەم تاوانەیان پێ بەستووە. ئێمە لە کاتێکدا ئەو تاوانە بە تەوتیئەی دوژمنانی شۆڕش دەزانین و بەتەواوی ڕەدی دەکەینەوە، ڕادەگەیَنین کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، دووپاتەی دەکەمەوە، لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، هیچ هێزێکی سیاسی جیاوازیخواز و تەجزییەتەلەب نییە. گەلی کورد بە تێکڕایی داوای مافی نەتەوایەتیی خۆی لە چوارچێوی ئێراندا دەکا. ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی ئێران و گەلی کورد پێیان وایە کە بە سازکردنی تاوانی جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی دەتوانن گەلی کورد، ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بەخۆییەوە بگرێ و داوی مافی ڕەوای خۆی نەکا زۆر بەهەڵە چوون. ئێمە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان، حەقی تەعینی سەرنوشتی خۆمان دەوێ و بۆ ئەم مافە بە هەموو هێزمانەوە تێدەکۆشین.

**هاونیشتمانیان!**

ئێستا کە لە ئێراندا هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕی پێکهاتووە، پێمان خۆشە ڕابگەیەنین کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی مەرکەزی نابێ هەوڵ بدا ژاندارمێری و شارەوانی بە شیوەی پێشوو لە کوردستان و سەرانسەری ئێران زیندوو بکاتەوە. ئیدارە و هەڵسوڕاندنی کاروباری نێوخۆی کوردستان، دەبێ بە دەست خەڵکی کوردستانەوە بێ. هێزی ئیجرایی ناوەوە دەبێ پێڕەوی لە شۆڕاکانی ئینقلابی بکا کە لە شار و دێ پێکهاتوون. لەسەر ئەرتەش نەزرمان ئەوەیە کە ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی هەڵوەشێ و لە جێگای ئەو ئەرتەش گەلی و برای خەڵک کە تەنیا ئەرکی دیفاع لە سنوورەکانی وڵات بێ، دابمەزرێ. لە دوارۆژ دا، نابێ ڕێگا بدرێ، ئەرتەش دەستدرێژیی بەسەر خەڵکدا بکا و ببێتە گۆپاڵی دەستی دەوڵەت، بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی خەڵک. کوردستانی ئێران دەبێ لە حاڵەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە، نیزامیکراو بێتە دەر و ئەو پادگانانە کە بۆ دیفاع پێویستن، دەبی لە نیزیک سنوور بن نەک لەنێو شارەکانی کوردستاندا.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

شۆڕشی ئێران هەتا ئێستا هەنگاوێکی گەورەی هەڵێناوە، بەڵام ڕێگایەکی دووریشی لەبەرە. بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تازە وەدەست بێنین، یەکیەتی و خۆڕێکخستنمان پێویستە. نابێ ڕێگا بدەین دوژمن لەنێوماندا، ڕەخنە بکا و دووبەرەکی و ناکۆکی پێک بێنێ. نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی، دژی چین و توێژێکی نیشتمانی دیکە، عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان هەروەکوو ئێران پاوانی هیچ حیزبێک و دەستەیەکی سیاسی تایبەتی نییە. با هەموومان بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک، و خەڵک ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەشنە تێرۆری فیکری دەبێ لەنێو بچێ و هیچ کەس لەبەر بیروباوەڕی خۆی نابێ بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیروڕا و بەرنامە و داخوازەکانی حیزبی ئێمە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بەشێوەیەکی دێموکراتیک بڵاوکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن. لەسەر ئەندامان و کادرەکانی حیزبی ئێمەیە کە بە هەموو هێزیانەوە، بۆ بووژاندنەوە و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی تێبکۆشن و هەرگیز نابێ لەبیریان بچێ کە ڕێکخراو، تەشکیلات چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە. ئەو چەکەمان پێ بێ هەموو قەڵایەکمان پێ دەگیرێ.

**هاونیشتمانان!**
**هاوڕێیان و میوانانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە بەخێرهاتن و پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوام ئەوەیە کە گەلی کورد بە تێکۆشانی هەموو ڕۆڵە بەشەڕەفەکانییەوە، هەر بیروباوڕێکیان هەبێ و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران، لەم خەباتە مێژووییەدا سەرکەوێ. با بەرهەمی خەباتی شێلگیر و یەکگرتووی ئێمە، جمهوورییەکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران بێ.

**بژیی شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران!**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، لە ڕێگای دێموکراسی و سەربەخۆییدا!**

**سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ڕێگای خودموختاری کوردستانی ئێراندا!**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد!**

## سیاسەتی گەلی و نیشتمانتەوەر



ئەلبورز ڕۆئینتەن

هەر ڕێکخراوێکی دیاریکراو سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەماکانی جیاواز دیاری دەکات، ئەو بنەمایانە دەکرێ بنەمای ئایدۆلۆژییەکی باو یا بەرژەوەندییەکانی تاک و تاقم یا بەگوێرەی بەرژەوەندی گشتی لەوانە گەل و نیشتمان بێت.

هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتە و لێکەوتەکانی ئەوەمان بۆ دەر دەخەن کە ئەو سیاسەتە تا چەند توانیویەتی خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات. چونکە هەموو لایەک پێی وایە لەو ڕاستایەدا واتە خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان کار دەکات، بەڵام لێکەوتەکانی سیاسەتن دەری دەخەن کە ئەو بانگەشەیە ڕاستە یا نا. بێگومان لە کۆتاییشدا هەر ئەو هێز و ڕێکخراوانە دەتوانن پێگەی جەماوەریی خۆیان و سەرکەوتنیان بە بەردەوامی مسۆگەر بکەن کە سیاسەتەکانیان لە پێناو گەل و نیشتمان بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەم ڕێکخراوی مودێرنی کوردی و مێژوویەکی درێژ لە خەباتی سیاسی و ئەزموونێکی زۆر لە بەڕێوەبەری شایەنی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی هەڵسانگاندنێک بکرێت کە تا چەند سیاسەتەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەل و نیشتمانتەوەریدا جێ دەگرێ، بێگومان لێرەدا ئامانج نەدیتینی کەموکوڕییەکان یا گشتاندنی سیاسەتە ئەرێنییەکان بە سەر هەموو قوناغەکاندا نییە. هەروەها هەڵسەنگاندنی هەموو مێژووی حیزب لە توانای ئەو کورتەنووسینەدا نییە، بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا ئاماژەی دەدرێتێ پەیوەندیدارە بە سێ قوناغی دامەزران، ئاشکرابوونی خەباتی حیزب دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب لە ئێستادا لە پێناو پێکهێنانی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی.

لە قوناغی دامەزراندنی حیزب کە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە لە هەموو قوناغەکاندا سیاسەتی حیزب لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانتەوەرییە. بۆ نموونە پێشەوا قازی محەممەد ویست و داوای باقرۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجان ڕەت دەکاتەوە کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە ئازەربایجان. یان دەبینین کە هەموو هەوڵەکان و بڕیارەکانی ئەوکاتی کۆماری کوردستان لە پێناو بوژانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و ئازادی کوردستان تا گیانبەختکردنی سەرۆک کۆماری کوردستان لە پێناو پاراستنی خەڵک، لە هەر هەموویاندا سیاسەتی حیزب لەسەر بنەمای پاراستنی گەل و خاکە. هەر ئەوەش وای کردوە کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر لە مێژووی کورددا شوێنێکی وا دەستەبەر بکەن کە نەک فەراموشکردنی ئاسان نەبێت، بگرە تەنانەت هەروا ئیلهامبەخش بمێنێتەوە.

قوناغی دووەم پەیوەندی بە ئاشکراکردنی خەباتی حیزب دوای ماوەیەکی زۆر لە دوای کۆماری کوردستان کە توانیبووی بەردەوامی بە چالاکیی خۆی بدات، هەیە. لە هەلومەرجێکدا لە دونیای گەرمی سیاسەتی ئەوکات بەئاشکرا و نهێنی کاراکتەرەکانی سیاسەت سەر بەم جەمسەر و ئەو جەمسەر یا سەر بەم ئایدۆلۆژیایە و ئایدۆلۆژیایەکی دژ بوون، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دیدارێکی مێژوویی سەدان هەزار کەسیی خەڵک کە لە هەموو کوردستانەوە هاتبوونە مەهاباد، بەئاشکرا گوت کورد بۆ خۆی چارەنووسی خۆیا دیاری دەکات و موسکۆ، واشینگتۆن، تاران یا بەغدا بڕیار لە چارەنووسی کورد نادەن. ئەو وێژمانە بۆ چەپەکان تابو بوو کە باسی مۆسکو بکرێ، هەروەها بۆ ئەوانەی خۆیان بە ناوەند دەبەستەوە، بەڵام بۆ هێزێکی گەورەی خەڵکی وەک حیزبی دێموکرات زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە پێویستە سیاسەت لەپێناو ئەوەی کورد بۆ خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بکرێ.

لە قوناغی ئێستاشدا کە دەبینین دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە کورد بۆ هەڵگیرسان و پەرەسەندنەکەی تێچوویەکی یەکجار زۆری داوە و، هەندێ هێز و لایەن بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ بەر لە هەر بابەتێک بە بیانووی جیاواز کورد و ویستە ڕەواکانی پەراوێز بخەن؛ ڕێک لەو کاتەدا بەرپرسی یەکەمی حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێک کە پڕۆپاگەندەی زۆری بۆ دەکرێ بە هۆی ڕەچاونەکردنی مافەکانی کورد ڕەت دەکاتەوە. ئەو بڕیارەش پێش هەمووان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە و دواتر لە لایەن هەر ئازادیخوازێک بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت. بەوەش جارێکی دیکە و نزیکەی هەشت دەیە دوای دامەزران و چوار دەیە پاش ئەوەی خەباتی خۆی بەئاشکرا ڕاگەیاندوە، هەر بەدوای ئەوەدا دەڕوات کە تەسلیمی پڕوپاگەندە نەبێت، بەڵکوو لە پێناو ویستەکانی گەلدا سیاست بکات و ئامانجی سەرەکی هەر نیشتمان بێت.

سیاسەتی گەلی و نیشتمانتەوەر دەتوانێ پێگەی تاک و ڕێکخراو بەهێز و بەهێزتر بکات و هیوای گەیشتن بە ئازادی نەتەوە و خاک مسۆگەر بکات، سیاسەتی گەل و نیشتمانتەوەر دەخوازێ کە کورد لەسەر مافەکانی ویستە ڕەواکانی پێداگر بێت، لە ڕوانگەیەکی واقیعگەرایانە بڕوانەتە بابەتەکان بە دوای بەرژەوەندیی کورتماوە نەبێت و لە هەمووشی گرینگتر بۆ کورد بە لە بەرچاو گرتنی مێژووە خوێناوییەکەی و نیشتمانە بندەستەکەی فریو نەخوات و ئازایانە بەرگری لە گەل و نیشتمان لە هەموو ئاستەکان و دەرفەتەکاندا بکات.

***

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**

# میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو

**هەپەیڤین: دیاکۆ دانا**

**ئاماژە: ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕۆژێکی هەرە مێژووییە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. لەودا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە لە تێکۆشانی نهێنیی ئەو حیزبە ڕاگەیاندرا. ئەگەر ٣٢ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە لە چوارچرای مەهاباد نەمر قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات لە میتینگێکی هەزاران کەسیدا گوتاری سیاسیی کوردی بە گوێی هەمووان دادا و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمجارەیان دیسان هەر لە مەهاباد، ئەوە شەهید د. قاسملوو بوو لە میتینگێکی زیاتر لە سەت هەزار کەسیدا و لە مانیفێستێکی سیاسیدا دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.**

**"کوردستان" بۆ تیشک خستنەسەر بایەخی مێژوویی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسیی حیزب لەو ڕۆژەدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەباتکاری لەمێژینە و سیاسەتمەداری کورد کە یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو میتینگەش بووە، پێک هێناوە:**



**بەڕێز مامۆستا ١١ ڕەشەممەی ئەمساڵ ٤٤ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاشکرای چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. ئامانجی حیزب لەو میتینگە چ بوو؟**

لەپێشدا سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. پیرۆز بێ یادی ڕووداوی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە بەهەق سەرەتایەک بوو بۆ زۆر پێشهاتی گەورەی مێژوویی لە کوردستانی خۆشەویست. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم:

پێکهێنانی ئەم میتینگە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئامانجی دیکە لە پشتەوەی ئەو ڕاگەیاندنە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی _ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە_ تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، بیروبۆچوونەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵک بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیەویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە. کورد دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ دەبوو بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەوتوو پێش ئەو ڕۆژە، هێندێ کەس داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە! کە هەر لەوێدا دوکتۆر گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو بە هەمووان نیشان بدەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی: هاوپێوەندی لەنێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی _ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لە واقیعدا بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی تەنانەت کۆمەڵەش بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد_ دەمانەویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵی دواییدا گرتوویەتە پێش، وەلا بنێ و یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی کۆمەڵی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەوویزی تێکۆشانی ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی بکەین، ڕەنگە بە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە و دووریش نەبوو جوابەکەمان مەنفی بێ و پێمان بڵێن نەخێر نابێ. بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە هەلومەرجی ئەوڕۆژەدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری خەڵکی دەستی بە کار کردووە؛ بەئاسانی ناتوانێ لە دژی بوەستێ. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقێکی قانوونیی خۆمان دەزانین و کەلکیشی لێوەردەگرین.

**ئەم ڕووداوە لەوکاتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش دانا؟**

میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە کاتی خۆیدا بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو. چونکە بەڕاستی نیشانی دا کە ئەم حیزبە چ پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە و بێ لەخۆباییبوون دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژەوە دێموکرات بووە حیزبی جێی هیوای خەڵک و تەنانەت مەرجەعێکی سیاسییش. وتاری دوکتۆر قاسملووش بوو بە مانیفێستی ئەم حیزبە کە هەتا ئێستاش لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆیدا هەر ئەو ئەسڵانە وەک سەرمەشق و ڕێنیشاندەر چاو لێ دەکا کە لەو میتینگەدا هاتوونە گۆڕێ.

**وەک ئاماژەتان پێ دا دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبدا وتاری سەرەکیی ئەو میتینگەی پێشکێش کرد. هێڵە گشتییەکانی ئەم وتارە چ بوون؟**

وتاری دوکتۆر قاسملوو کە لەڕاستیدا بە پەسندی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبیش گەیشتبوو، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێبازی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو. (ئەودەم وشەی ئێران بەشێک لە ناوی حیزب نەبوو) زۆر ئەسڵی گرنگ و سەرەکی لەو وتارەدا گونجابوون، لەوانە هەە وەک نموونە:

– دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بەرانبەر ڕێبەران و بنیاتنەرانی حیزب و هەموو ئەوانەی پێش ئەوکاتە نەخشێکیان لە بەرەوپێشبردنی کار و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا یاری کردبوو.

– خوێندنەوە و بە گرنگزانینی نەخشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بانگهێشتنی هەمووان بۆ یەکگرتن و هاوخەباتی لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

– پێداگرتن لە سەر هاوکاری و خەباتی هاوبەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان چ ئەوانەی ئەو کاتە لە مەیدان بوون و چ ئەوانەی دواتر پێیان نایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی.

– بانگهێشتنی هەمووان بۆ تەمرینی دێموکڕاسی و پێداگرتن لەسەر ئەوە کە کوردستان لە پاوانی هیچ گرووپێکدا نییە و هەمووان بۆیان هەیە لە فەزایەکی کراوەی دێموکراتیدا بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن.

– داوای نیزیکی و هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە تێیدا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن.

– داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دێموکراتیکی نیشتمانی و بەڕەسمیناسینی ماف و ئازادییەکان و وەلانانی سیاسەتی میلیتاریستی و بەدوورگرتنی سوپا لە دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی و تەرخانکردنی تواناکانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سنوورەکانی وڵات.

– هەروەها بانگهێشتکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی و بەدوور لە دەستەبەندییە نیزامییەکان.

– ڕەتکردنەوەی تۆمەتی بێبنەمای جیاوازیخوازی و ڕاگەیاندنی ئەم ئەسڵە کە ئەو جۆرە تۆمەتلێدانە ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بگێڕێتەوە.

**گرینگیی پەیامەکەی د، قاسملوو لە چیدا بوو؟ ئەو پەیامە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانگەی خەڵک بۆ حیزب و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕوانینی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دانا؟**

گرنگیی ئەو وتارە پێش هەموو شتێک لەوەدا بوو کە پاش پتر لە سێ دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەمین جار بوو خەڵک گوێیان لە باسێکی ورد و جامیعی سیاسی دەبوو کە بە جۆرێک هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتی هاونیشتمانانی لەخۆ گرتبوو. کاریگەریی وتارەکە لەسەر بیروڕای خەڵکی کوردستان وا دەبینم کە پوختەی ویست و داخوازەکانی گەلی کوردی بۆ هەمووان گەڵاڵە کرد و بەش بەحاڵی خۆم شوێنەواری ئەو وتارە و لەویش زیاتر پەیامی حیزبی دێموکرات لە زوربەی بۆچوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەدی دەکەم. بۆ باسی کۆماری ئیسلامی وا بزانم ئەوەندە بەسە کە پاش ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژیم هەرگیز ڕێگای نەدا ئەم حیزبە لە ڕێگای ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنەوە سیاسەتەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باس بکا، چونکە دەیزانی کۆی ڕوانگە سیاسی و نیشتمانییەکانی حیزب لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێن و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بە دژی حیزب و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد پووچەڵ دەکەنەوە.

**بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی میللی–دێموکراتیک هەمیشە باوەڕی بە بەها و بایەخە نەتەوەییەکان هەبووە، حیزب دوای ١١ی ڕەشەممە چۆن توانی پێشەنگایەتیی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێری لە کوردستاندا بکات؟**

ڕاستگۆیانە دەڵێم پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەموو هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورددا هەبووە و نەخشی حیزبە سیاسییەکان پتر لەوەدایە کە فۆڕمی هێنانەگۆڕ و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان داهێناوە و زیادیشم نەگوتوە ئەگەر بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی نەخشی بنەڕەتیی لەو بوارەدا گرتۆتە ئەستۆ. بەو حاڵە پێم باش نییە باسی پێشەنگایەتیی حیزب بکەم و لە نەخشی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە. باشترە قەزاوەت لەو بارەیەوە بۆ خەڵک بەجێ بێڵین.


**بەڕێز مامۆستا لە وتاریکدا کە چەند ساڵ لەوە پێش بەو بۆنەیە پێشکێشتان کرد، فەرمووتان کە وتارەکەی د. قاسملوو بۆ ئێستاش تازەیە؟ مەبەست چییە؟ مەبەست لە وەدینەهاتنی بەرنامە و داخوازەکانی کوردە، یان ئەوە کە دۆخی سیاسیی وڵات نەگۆڕاوە؟**

ئەوە ڕاستە کە بەداخەوە هێشتا داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بەڕەسمی نەناسراون و وەدی نەهاتوون و بۆ بەدەستهێنانیان هێشتا خەباتێکی سەخت و ڕێگایەکی دووروردرێژمان لەپێشە، بەڵام لەوێدا مەبەستم ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەگشتی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە کە پاش ٤٤ ساڵ و بگرە دوای ٧٧ ساڵ ئێستاش هەر ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار هاوشانن.

**٤٤ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ئەگەر جەنابت بفەرمووی شتێکی زیادە بخەیە سەر ئەو بابەتە، یان قسەیەکی نەگوتراوتان مابێت.**

هیچم نییە لێی زیاد بکەم و گرنگیی وتارەکەش هەر لەوەدایە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ پتری لەسەر بدوێم دەڵێم، دوو ڕێبەری زانای حیزبی دێموکرات –پێشەوا قازی محەممەد و دوکتۆر قاسملوو– زۆر میراتی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین کە یەکێک لە گرنگترینەکانیان واقیعبینی و تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی خەبات و پارسەنگی هێزەکانە. هیوادارم حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرەکانی لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتیدا بن قەدری ئەو میراتە بەنرخە بزانن و لە قسە و کردەوەدا بەکاری بەرن. دوکتۆری نەمر زۆرجار پێی دەگوتین هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ڕەوا پیرۆزە، بەڵام سیاسەت لەسەر بناخەی ئارەزوو ناکرێ و سەروکاری لەگەڵ واقیعییەتەکانە.

## پیلانێکی دیکە لە دژی پاوە



تەیموور مستەفایی

٢٣ تا ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هێزێکی پاسداری دەورەدیتوو لە لوبنان بە فەرماندەیی چەمران و ئەبووشەریف کە بۆ داگیرکردن و ئاژاوەنانەوە هاتبوونە شاری پاوە، سەرەڕای هەموو هەوڵێک بۆ پێشگرتن لە شەڕ بەداخەوە شەڕخوازان و ئەو هێزە تایبەتە و چەند بەکرێگیراوێکی نێوخۆیی توانییان شەڕ بەسەر خەڵکی ئەو شارەدا بسەپێنن. ئەو شەڕە بەرنامەبۆداڕێژراوە سەری هێزە تایبەتەکەیانی خوارد و هەموویان کوژران. دوایەش خومەینی فەرمانی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانی دەرکرد و بەوەش هێرش و لەشکەرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان پەرەی سەند.

پاش دەرکردنی فەرمانی جیهاد لەلایەن خومەینییەوە، هێزەکانی ڕێژیم سەرەتا هێرشیان کردە سەر شاری پاوە و پاشانیش بەبێ ئەوەی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا هیچ ئاڵۆزییەک هەبووبێ، هێرشیان کردە سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان. ڕێژیم لەو شەڕەدا بەخوڵقاندنی جینایەت و سازکردنی دوژمنکاری لەدژی خەڵکی کوردستان توانی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئازادی لە کوردستان کە تا ئەوکات پەناگای هەموو ئەو تێکۆشەرانە بوو کە لە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە دەکەوتنە بەر هێرشی کۆنەپەرەستی و دەهاتنە کوردستان، بوەستێنێ و، دیکتاتۆرییەتی ڕەشی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا سەپاند.

پاش ئەم شەڕە، ڕێژیم شاری پاوەی کردە سکۆی هێرش بۆ سەر ناوچەکانی دیکەی کوردستان. ڕێژیم جگە لەو کاتەی شەڕەکە لە ئارادا بوو کە لە چوارچێوەی هاوکاری جاشەکانی ئەم ناوچەیە هێندێ یارمەتیی دان، ئیتر لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتدارەتی خۆیدا کەمترین گرینگی بەم شارە نەدا و، لاوەکان و خەڵکەکەی بە تەواوی خستنە پەراوێزەوە.

ئێستا پاش ئەو هەمووە ساڵە ئێستا ڕێژیم پاوەی وەبیر هاتۆتەوە، ئەویش چ بیر هاتنەوەیەکی سەرنجڕاکێش، وەک لە هەواڵەکاندا هاتبوو ناوی "پاوە"یان لەسەر مووشەکێکی دوورهاوێژی کرۆز داناوە! پاش زیاتر لە چوار دەیە سیاسەتی زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵکی پاوە و گرتن و ئێعدامکردنی دەیان کەسی خەڵکی ئەو شارە، ڕۆژی شەممە ٥ی ڕەشەممە حاجیزادە فەرماندەی هەوافەزای سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژێکی تەلەوڤیزیۆنی ڕایگەیاند: "سوپای پاسداران خاوەن کۆمەڵە مووشەکێکە بە مەودای ٢هەزار کیلۆمیتر کە دەتوانن کەشتییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بکەنە ئامانج." حاجیزادە لە درێژە قسەکانی باسی لەوە کرد: "ئەم مووشەکە سەرچاوەی لە شەڕی نێوان سوپا و حیزبە کوردییەکان لە ساڵانی سەرەتای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامییەوە وەگرتووە و ناوی" پاوە"ی لە سەر دانراوە"

چ ناوێکی سەیر؟! گەلۆ پاوە بەو سرووشتە جوان و دڵڕفێنەیەوە بۆ ئەوە دەبێ بکرێ بە ناوچەیەکی گەشتیاری یا مووشەکی مرۆڤکوژی بە ناوەوە بکرێ؟ بەڵێ پاوە بە جێگای ئەوەی کە مووشەکی مرۆڤکوژی بە ناوەوە بکرێت، باشتر وابوو بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری کە هەم دیمەنی شارەکەی پێ ڕازاوەتر دەبوو و هەم دەبووە سەرچاوەیەکی داهات بۆ لاوەکانی ئەم شارە جوانە، بەڵام ئەمە کارێک نییە کە لە کۆماری ئیسلامی بوەشێتەوە، ئەم ڕێژیمە تەنیا مەرگ و خوێن دەناسێ و بەس.

ئامانجی ڕێژیم لە دانانی ناوی پاوە لەسەر ئەو مووشکە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- ئێستاکە ڕێژیم گلۆڵەی تەمەنی کەوتووەتە لێژی دەیەوێ کۆنەستی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قۆناغە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و ورە بە لایەنگرەکانی بدا.

٢- بەپێچەوانەی وتەکانی حاجیزادە کە هەڕەشە لە بەئامانجگرتنی کەشتییەکانی ئەمریکا یا هێرشکردنە سەر ئیسراییل دەکات، چاوسوورکردنەوەیە لە حیزبە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

٣- مانۆڕێکە، بۆ ئەوەی بە خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پێشان بدات کە ڕێژیم هێشتا بەسەر وەزعەکەدا زاڵە و ئەوەی خەڵک لەو ٥ مانگەدا لەپێناو ڕووخاندنی ڕێژیم کردوویانە و هاتوونەتە سەر شەقام کاریگەریی لەسەر ئۆتوریتە و هەیمەنە و خۆی گوتەنی پێشکەوتنە سەربازییەکانی ئەوان دانەناوە.

٤- خاڵێکی دیکە لەو نێوەدا ڕەنگە یادکردنەوەیەکیش بێت، لەو تیمە پاسدارە دەورەدیتووەی لوبنان و چەمران کە ئەو شەڕەیان بە پیلانی ڕێژیم بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند و هەموویان کە زیاتر لە ٦٠ کەس دەبوون کوژران.

پاش ئەم خاڵانە دەمەوێ بڵێم ڕێژیمێک کە خاوەن دەیان جۆرە مووشک بە ناوی جۆراوجۆرەوە، چۆنە ئەو مووشەکە دوورهاوێژانە، بۆ وێنە شەهابی ٦ کە مەودایەکی ٦٥٠٠ کیلۆمیتری واتە چوار هێندی ئەم مووشەکە نوێی"پاوە" مەودا دەبڕێ، بۆ جارێک و لە وڵامی یەکێک لەو دەیان هێرشانە کە تا ئێستا لەلایەن ئیسراییلەوە دەکرێتە سەریان بەکار نەبرا؟ مادام ناتوانن بەکاری بێنن ئەی ئامانج لە بەرهەمهێنانی مووشەکی نوێ چییە؟ ئەم هەموو مووشەکانەیان بۆ چییە و بۆ چ ڕۆژێکیان دەوێ؟!

**دوا وتە لەم بارەوە:**

لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی شاری پاوە ناوی مووشەکێک لەسەر شارەکەیان بە پیلان دەزانن و زۆری پێ تووڕەن و چاودێرانی سیاسی لایان وایە ڕەنگبێ لە داهاتوودا وێرانی و کوشتارێکی دیی ڕێژیم لەسۆنگەی ئەو مووشەکەوە بەرۆکی بزووتنەوەی کورد بگرێ؛ بەڵام پاوە هەمیشە شاری جوانی و حەماسە، مەڵبەندی کوردایەتی و خەبات و قوربانیدان دەمێنێتەوە.

# دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟*




ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە بڵێین لە بڕگەیەکی تازەی مێژوویی‌داین و دەبێ چی بکەین! بۆ ئەوەی بڵێین دەبێ چی بکەین، دەبێ بزانین چی ڕووی داوە. چۆن ڕووی داوە، بەکوێ گەیووە، ئێمە لەکوێی ڕووداوەکانین.

ئەو شۆڕشەی لە ئارادایە، شۆڕشی ژینا، "ژن، ژیـان، آزادی" دیاردەیـەکـی دەگمەنە لـە مـێـژووی دەیـان سـاڵـەی ئـێـراندا. پێشتر ناڕەزایەتی و بزووتنەوە بووە. بزووتنەوەی مامۆستایان، کرێکاران، ژنان کە دیارە ئەوانە هەموو ئێرانی نەگرتووەتەوە و داخوازەکان زۆرتر سینفی و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی توێژێکی کۆمەڵ بـوون. ئـەوجـار شۆڕشەکە هەموو ئێرانی گرتووتەوە. بەڵام لەکوێ هەستا؟ لە کوردستان. ئەو دروشمە کە ئێران و هەموو جیهانیشی داگرتووە لەکوێ لەدایکبووە؟ لە کوردسـتـان. بۆ ئـاوا بـەربـڵاو وڵاتـی داگـرت؟ لەبەر ئەوەی هەم پرسێکی ئینسانییە و، هەم پرسێکی ڕەگـەزی و هەم پرسێکی نەتەوەیی تێدا بەرجەستەیە و لە هەموو ڕەهەندەکاندا بـاس لـە نـەمـانـی جـیـاوازیـی لـێـکـهـەڵاواردن دەکات. بێجگە لەوە هیچکات بزووتنەوەکان لە ئێران، ئاوا لێکگرێدراویی ئێرانییەکانی دەرەوی وڵات نەبووە کە هاوکاری و هاوپێوەندییەکان بەو جۆرە بێ.

ئـەم بزووتـنـەوەیـە لـە کـوردسـتـان سـەری هەڵدا، هەموو ئێرانی گرتەوە و دروشمەکەشی لەدایکبووی کوردستانە. ئەو بانگەوازانەی کە نـاوەنـدی هـاوکـاری دانـی، نە دوو جار و نە سێ جار، بەوانەی کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی گوتـەنـی ئـەو حیزبانـە سـەرکوت کراون و نەماون، یان بەشێکی دیکە وەکوو ئۆپۆزیسیۆن کە لایـان وابـوو نابێ ئەوەندە حیساب بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردییانە بکەین، هەمووی شوشتەوە و شتێکی دیکەی لە جێگای دانا. کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی خوێناویی سەرشەقام و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان دەریخست کە چەندە لەو شۆڕشە دەترسێ و دەزانێ ئاخێزگەکەی کوێیە و دەبێ لە کوێ بدا. بەشێک لە ئۆپۆزیسۆن کە دەیانگوت نابێ حیساب بۆ کورد بکەن، ئێستا ئەوە کوردە دەپرسێ کە ئاخۆ دەبێ حیساب بۆ ئـەوان بکا یـان نەیکا؟ کە وابـوو ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆ بووینەوە، دەبێ چی بکەین؟

ئێمە دەبێ واز بێنین لەوەی کە هەر دانیشین و بیر بکەینەوە کە لە بەرنامەی چ ڕێکخراوێکدا، دوو وشە و ددانێکی بەخێر بۆ کوردان هەیە بچین وەدوای کەوین و بچین پشتیوانیی لێ بکەین. بۆ ئەوە بکەین؟ لەوان کەمتر خوێنمان داوە؟ کە وابـوو ئێمە لە پێش هەموو شتێک دەبێ خۆمان بین. بۆ کورد بین، بۆ لابردنی ئەو ستەمانە بین، کە ساڵیانی ساڵە لەسەرمانە. خۆ خەباتی کورد لەو شۆڕشەوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵام بەو تایبەتمەندییانەی ئەوجارە ڕەنگێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە و بەرەو قۆناغێکی تایبەت لە بزووتـنـەوەی کوردی بردووە.

**ئێمە دەبێ چی بکەین؟**

ئێمە هیچ شتێکمان بۆ ناکرێ بێتوو یەکگرتوو نەبین، هیچ ئـەولاولای تێدا نییە. کـەوابـوو لە پێشدا کورد خۆی دەبێ یەکگرتوو بێ. کە خۆی یەکگرتوو بـوو، دەرفـەتـی باشتری یەکگرتنی لەگەڵ خەڵکانی دی بۆ پێک دێ. لەم ڕووەوە پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێ پلاتفۆڕمێکمان هەبێ بۆ یەکگرتوویی کورد، بە لانیکەمی شتە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی یەکگرتووییەکە بەرینتر بێ. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ پلاتفۆڕمێکیشمان هەبێ بۆ هەموو ئێران و لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێران.

چۆن؟ با واقعی بیر بکەینەوە. ئۆپۆزیسۆن لە ئێران کێیە و بەرانبەر بە ئێمە ڕوانینیان چییە؟ سەڵتەنەتخوازەکان ئیعتراف بە ناو و بوون و ناسنامەمان ناکەن تا بگا بە مافەکانمان. کەوابوو چۆنی لەگەڵ بکەم، مەرجیشم بۆ دادەنێ. بۆچی؟ نەک بۆ ئەوەی مافەکەم بداتێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە خزمەتیدا بم تا ئەو بە دەسەڵات دەگا، هەر بۆ ئەوەندە.

موجاهیدینی خەڵکە، خاڵێ ئەرێنیان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد هەیە، بەڵام ئەوانیش شتی دیکـەیـان هـەیـە و ڕەنـگـە ئـاوا بـەئـاسـانـی بۆ ئەوجۆرە هاوپەیمانییانە کە ئێمە بۆ ئامانجی خۆمان بەدوایدا دەچین گونجاو نەبێ. بەشێک لە چەپەکان ڕای باشیان بە نیسبەت دێموکراسی و مافی کـورد هـەیە. بـەڵام بەشیکی، بوونەتە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی بەرانبەر بە پرسی کـورد. باشە تـۆ دەتـەوێ ئیئتلاف بکەی، ئەمیان ئاوایە و ئەویان ئاوا. ئیدی چی دەکـەی و لـەگـەڵ کێی دەکـەی، دەبـێ لەسەر عەرزی واقیع ئەوانە هەڵسەنگێنی. ئێمە دەتوانین گـەلاڵـەمـان خـۆمـان هـەبێ، بێجگە لـەوەی بۆ یەکیەتیی کورد باسمان کرد کە دەبێ گەلاڵەمان هـەبـێ بـۆ یەکگرتنێکی بەرینتر. ئێمە ئێستا هاوپێوەندی بۆ یەکڕیزی، ئازادی و بەرابەریمان هەیە کە ٩ حیزب تێیدا بـەشـدارن و ئێمەش تێیدا ئەندامین. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرڕاڵ هەیە کە ئـازەری و بەلووچ و کورد و عەرەبی تێدا و ئێمەش تێیدا ئەندامین. بێجگە لەوە کۆمەڵە کەسایەتییەکیش هەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە دەبێ سەرەتا هەم گەلاڵەمان هەبێ بۆ یەکڕیزیی کورد، چونکی تا ئەوەمان نەبێ ئەویدیکەمان پێ ناکرێ. دوایـە ئەگەر ئێمەی کـورد یەک بین، لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، داخوازەکانمان بە مـوزایـەدە دادەنـێـن. ئەگەر جودا، جودا بین و تەفرەقە لەنێوماندا بێ، ئەوە ئەوانن داخوازەکانمان بە موناقسە دادەنێن کە فەرموون کامتان بە لانیکەم ڕازین.

چەقی باسەکە ئەوەیە پێویستیی ئەو یەکگرتنە لە پێشەوەیە، دوایە پێویستی ئەو پلاتفۆڕمەی خۆمان و دواتر ئەوەی نەتەوەکانی دیکە ئێران و هەمبەستگی و کەسایەتییەکان و شوڕای دێموکراسیخوازن. لێرەدا بەڵام پێمخۆشە یەک شت بڵێم. لەو پلاتفۆڕمەدا کە دەبێ بۆ ئێران هەمان بێ، ئەو پلاتفۆڕمە دەبێ ڕەنگدانەوەی ئـەو دروشـمـە بـێ: ژن، ژیـان، ئـازادی. چۆن ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمە بێ، دەبێ جۆرێک بێ کە بە هەموو ئەوانە وەکوو ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی ئیدعای دێموکراسی دەکەن، دروشمی دێموکراسی دەدەن، بەڵام کە دێتە سەر مافی ژن ئەوە نییە، کە دێتە سەر مافی نەتەوەکان هـەر ئـەوە نییە بە مانای واقعی. ئێمە دەبێ پلاتفۆڕمی هاوپێچمان بۆ پلاتفۆڕمی گشتی هەبێ. ئێمە کە دەڵێین "ژن، ژیـان، ئـازادی" و ئـەوان لە تـاران دەڵێن ژن، ژیـان، آزادی جیاوازییەکی ئەو پلاتفۆڕمەیە کە ئێمە بۆ ژن ئەوە دەڵێن، ئێمە بۆ فلان توێژی ژێرچەپۆکە ئـەوە دەڵـێـن. بۆیە دەڵێین پلاتفۆڕمەکانمان هـەروەکـوو دروشـمـەکـە کـە لـە کـوردسـتـان پـەرەی گـرت، بەڕاستی دەبـێ پلاتفۆڕمێکی ئاومان هەبێ کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیدا لەبەرچاوتر بێ بە نیسبەت خستنەڕووی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە بە قەولی خۆیان ئیدیعای زۆر شت دەکەن. باس لە خەتی سوور کرا، چـۆن خـەتـی سـوورمـان نییە ئێمە. ڕەنگە بەربەستمان نەبێ بۆ دانیشتن لەگەڵ هەر لایەنێک بۆ ئەوەی لێم تێبگا و لێی تێبگەم. بۆ ئـەوەی بە ڕوانگەکانی یەکتر بزانین و یەکتری هەڵسەنگێنین. بـەڵام کە دێتە سەر بابەتی هاوکاری و هاوپەیمانی، بەڵێ لەوێدا هێڵە سوورەکان دەردەکەون.

**پرسی کورد و سەڵتەنەتخوازەکان**

سەڵتەنەت بەشێوەیەکی مێژووی لەنێو ئێراندا یانی دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵات لە ناوەند، لە ناوەندیش یانی لە دەستی یەک کەسدا. ئەو یەک نەفەرش بۆ مادامولعومرە، مادامالعومر زیاتر و وەرەسـەکـەشـی دێتە سەری. ئەگەر تۆزێک بە وردبینییەوە بڕوانین بەڕاستی ئەو ئیدیعای دێموکراسییە کە ئەو دەیکا، لەو قەڵافەتە دەوەشێتەوە؟ نا، وا نییە.

بێجگە لەوە هەموومان دەزانین و هەمووتان شارەزان، بەرنامەی سیاسیی هێزەکانی کوردی بە تایبەتی ناوەندی هاوکاری، داواکارییەکانی هەموو لە چوارچێوی ئێران‌دایە. کەوابوو ئێمە حاشامان لەوە نییە کە بەرنامە و داواکانمان لە چوارچێوەی ئێران‌دایە، بەڵام ئەگەر بوو بە گۆپاڵ لە سەرت چی؟ دە ڕێکخراوی غەیری کورد لەگەڵ یەکتر دانیشتن باسی تەواویەتی ئەرزی ناکەن، بەڵام کە بڵێین کورد دەیانەوێ بێنە ئەو مەیدانە مەرجی یەکەمیان تەواویەتیی ئەرزییە. باشە ئەو مەرج دادەنێ، منیش مەرج دادەنێم مەرجی من ئەوەیە ئەویش فاشیست نەبێ. کەوابوو ئێمە مەرج قبووڵ ناکەین، بەڵام ئەگەر مەرج هاتە پێش، ئێمەش مەرج دادەنێن. باسمان کرد بەرنامەی ئێمە لە چوارچێوەی ئێران‌دایە، بەڵام مادام ئەو قەڵسەت لێ دەگیرێ و لە سەرتی دەکاتە گۆپاڵ و لێت دەکاتە مەرج، ئەویش نەک بۆ ئیقرار بە مافەکەت بەڵکوو بۆ ئەوەی ئیجازەت پێ بدا وەدوای کەوی تا ئەوەی دەگا بە سەڵتەنەت؛ ئەدی ئەگەر ئەوکات بوو بە هێزی موتڵەق بڵێی چ مەرجێکت بۆ دابنێ. بۆیە ئێمە بە نیسبەت سەڵتەنەت نـەک هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو ناوەندی هاوکارییش باوەڕمان بە کۆمارییە.

بابەتێکی تـر، ئـەوجـار ئـەوان دێـن باسی تەجزییەی ئێران دەکـەن. بەکورتی عەرزتان دەکـەم، ئـەو ئێرانییانەی بـەردی تەواویەتیی ئەرزی لە سینگیان دەدەن، هیچیان دڵیان ئەوەندە بۆ تەواویەتیی ئەرزی ناسووتێ. بۆ؟ ئێوە بیر بکەنەوە لە مێژوودا، هەرکەس هێرشی کردە سەر ئێران بەشێکی برد. لە ڕۆژئاوا عوسمانی بـردی، لـەولا ڕووس بـردی، لـەولای ئەفغان بـردی و... هتد. ئەوانە هەموو لە سەردەمی پاشایەتیدا بـووە و کەسیش نەیگوتووە بۆ وڵاتـیـان بـە تـەجزیـیەبـوون دا، ئـەگـەر نەڵێم تەجزییەیان کرد. ڕەنگە بڵێن ئەوە کۆن بووە و، ڕۆیشتووە و پێوەندی بە مێژووەوە هەیە، بەڵام خۆ لە سەردەمی محەممەدڕەزاشادا، بەحرین پارێزگای چواردەیەمی ئێران جیا نەبووە و لە تاران لە خۆشییان چەپڵەیان لێ دەدا؟ کام حیزبی ئێرانی بەیاننامەیەکی لە مەحکوومکردنی ئەو جیابوونەوەیە دا. ئەوان لە یەک شتی دیکە دەتـرسـن، نـەک تەجزییەی خـاک بەڵکوو لە "تەجزییەی دەسەڵات" زراویان چووە. شتێکیش کە ئێمە دەمـانـەوێ ڕاسـت ئـەوەیـە، تەجزییە دەسەڵات و بەشداری لە ئیدارەی ئێراندا.

بەکورتی و لە کۆتاییدا پێ لـەسـەر پێویستیی یەکگرتوویی کـورد و بـوونـی پلاتفۆڕمێک، بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان دادەگرمەوە و لە عەینی حاڵدا، بەرنامەکە دەبێ ئەوە بێ کە بە نیسبەت ئەوانی دیکە لەسەرتر بێ. کۆتا قسەش منیش پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکـەم کە شوێنێکمان هـەبێ جا نـاوی لێ دەنێین ستاد، هەیئەت یان هەر شتێکی دی لە شارەزایانی کورد بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات، بۆ دیالۆگ و دەرکەوتن لە هەر مێدیایەک بۆ بەرگری کردن لە ستاتوی کورد لە هەمبەر ئەو چەواشەکاری و تەبلیغاتە ژاوارییانەی لە دژی کورد و خەباتەکەی دەکرێن.

***

***پوختەیەک لە قسەکانی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنفڕانسی ڕێکخراوی جیهانی کورد**

# ناوەندی هاوکاری: ئامانجە سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و چینایەتییەکان نایەنە دی، بەبێ ئەوەی ژنان پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بیننەوە

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ڕاپەڕیوی کوردستان!**

**خەڵکی ئازادیخواز و خەباتگێڕی ئێران!**

**کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوە داکۆکیکارە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی ژنان!**

ئەوساڵ لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن دەکەینەوە کە نزیکەی ٦ مانگ بەسەر ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران بە پێشەنگایەتیی ژنـان و لاوان لـە ئێراندا تێدەپەڕێ. ڕاپەڕینێک کە سـەرەڕای ئەوەی لـەگـەڵ بـەرزی و نزمـی لـە ئاستی چالاکی لەسەر شەقامەکان و مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە مکوڕبوون و شێلگیربوون لەسەر ویستە سەرەکییەکانی —کە لە گرینگترینیان سڕینەوەی هەڵاواردنی ڕەگـەزیـیـە— بـەردەوام بـووە و تا ئێستاش بـەردەوامـە. ڕاپـەڕیـنـێـک کـە تـا ئێستاش دەسکەوتی بەنرخی بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەت بۆ ژنان وەدی هێناوە، بە چەشنێک کە لـەو مـاوەیـەدا شاهیدی وەرچەرخانێکی مـێـژوویـی لـە ڕوانـیـنـی کۆمەڵگە بۆ پێگە و ڕۆڵی ژن لە بیاڤی گشتیدا بووین. لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەدا گۆڕانکاری بەسەر ڕوانین و بەهاکانی کۆمەڵگەدا هاتووە و ژن جارێکی دیکە نە وەک قوربانی بەڵکوو وەک پێشەنگ و ئاکتۆری سیاسی بووەتە زامنی دابینکردنی کۆمەڵگەیەکی ئـازاد و پێشکەوتوو، بووەتە هـانـدەر و پاڵنەر بۆ بەسەرکەوتن‌گەیاندنی ئـەم شـۆڕشـە و پێشکەوتنێکی گـەورە لە سارێژبوونەوەی کەلێنی ڕەگەزیدا ڕووی داوە، بە جۆرێک کە خواستی یەکسانیی ڕەگـەزی و سڕینەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە خواستێکی ژنانەوە بۆ خواستی گشتیی کۆمەڵگە گۆڕاوە.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک پارادایمی سەرەکی و ستراتیژیی شۆڕشی "ژینا" کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەری هەڵداوە و نەتەنیا سـەراسـەری ئێران، بەڵکوو وەکوو پێناسەی ئەو شۆڕشە لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەنـگـدانـەوەی بەرینی هـەبـووە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەرجەستەبوونی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە زەینیەتی پیاوسالاریی کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە؛ کە ئەویش بەرهەمی خەباتی ساڵانێکی زۆری ژنان و پیاوانی مافخواز بووە. لە ئاستی نێوخۆییدا، ژنـان لـە ڕیـزی هـەرە پێشەوەی ناڕەزایەتییەکان‌دان و لە پاشکۆیەتیی نەریتییەوە بەرەو پێشەنگایەتیی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخواز هـەنـگـاویـان نـاوە. لـە ئاستی دەرەکیشدا، درێژبوونەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و پشتیوانیی فـراوان لـەو دروشـمـە چ لـە ئاستی نوخبەی سیاسی و چ لە ئاستی کەسایەتییە ئەکادیمی و فەرهەنگی و هونەرییەکان لە جوغرافیایەکی فراوانی نێودەوڵەتیدا، هەروەها دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کاردانەوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوون بەرامبەر بە دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی. سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و بەشداریی بەرچاو و شوێندانەری ژنـان لـە نـاڕەزایـەتـیـیـەکـانـدا و، هـەروەهـا پاڵپشتیی بێوێنەی لاوان لـە تایبەتمەندییە پێشکەوتنخوازانەکانی ئەو ڕاپەڕینە، نیشان لە پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی کوردی لە پێگەی ژن و کارکردەکانی لە کۆمەڵگەدایە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ژێرخـانـە یـاسـایـی، سـیـاسـی، فـەرهـەنـگـی و ئابوورییەکانی ستەمی ڕەگـەزی بە شێوەی سیستماتیک ڕێگـەیـان بۆ هـەرچـی زیـاتـر چـەوسـانـەوەی ژنـان خـۆش کـردووە. لە ڕوانـگـەی ئـەو سیستەمە کۆنـەپـارێـزەوە، پـەراوێـزبـوونـی ژن و سـتـەمـی ڕەگـەزی دیاردەیەکی سروشتیین کە پێویستە ژنان پابەند بن پێیەوە. سـەرەڕای ئـەوەی ڕێژیم سەرجەم دامودەزگا تەبلیغی و پەروەردەیی و میدیاییەکانی بۆ جێخستنی ئەو خوێندنەوەیە لە ژنان تەرخان کردووە و هەوڵی داوە ژنان بـە کۆمەڵێک پـرسـی لاوەکـی و بێبایەخی وەک جۆری پۆشش و هەڵسوکەوت و ژیانی تایبەتی سەرقاڵ بکا و دووریان بخاتەوە لە مافە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکانیان. بەڵام دەبینین بزووتنەوەیەکی چالاکی ژنان بۆ وەدیهێنانی ویست و مافەکانیان بەدرێژایی تەمەنی کۆمـاری ئیسلامی لـە ئـارادا بـووە. ئـەو بـزووتـنـەوەیـە بـە تـایـبـەت لـە سـاڵانـی ڕابـردوودا زەمینەی شۆڕشێکی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتیی ڕەخساندووە کە کاریگەریی حاشاهەڵنەگری هەبووە لە سەرهەڵدانی ئەو کەشە شۆڕشگێڕانەیەی ئێستاکە لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەیبینین.

ڕووداوەکـانـی ڕاپـەڕیـنـی ئـەمدوایـیـانـەی گەلانی ئێران بەئاشکرا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆمەڵگەی ئێران ئـامـادەیـی تـەواوی بۆ تێگەیشتن لـە پـرسـی ژنـان و زەرووڕەتـی چارەسـەری یەکسانیی ڕەگـەزی بە مەبەستی ڕێـگـەخـۆشـکـردن بـۆ گـەشـەی سـیـاسـی و ئابووری هەیە. دەورگێڕانی پێشەنگانەی ژنان لە خۆپیشاندان و ئاکسیۆنە جۆراوجۆرەکانی نـاڕەزایـەتـی لـە هـەمـوو بـوارەکـانـدا هەڵگری ئـەو پەیامەیە کە کۆمەڵگەی ئێران خـۆی بۆ داڕشتنەوەیەکی نوێ لە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئامادە کردووە. بەشێوەیەک کە سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا بەبێ چارەسـەری پرسی ژن مومکین نییە و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ بەر بەو گۆڕانکارییە بگرێ.

بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان لە کوردستان بەهۆی ئەو پاشخانە مێژووییەی هەیەتی و بەتایبەت بە ئیلهاموەرگرتن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی، خاوەن ناسنامەیەکی بەرچاوتر و کردەی ئامانجدارترە. ژنی کورد وەک بەشێک لە ناسنامەیەکی فراوانتری چەوساوەی نەتەوەیی، ئەنگیزەی بەهێزتری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم بەشێوەیەکی گشتی هەیە. حـوزووری چالاکانەی ژنانی کورد لە خەباتی نەتەوەیی، لە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بگرە تا مەیدانە جیاوازەکانی خەباتی فەرهەنگی و سیاسی و میدیایی، دەرفەتی شازی بۆ بزووتنەوەی ژنان ڕەخساندوە تا بتوانێ لە پێناسە کردنەوەی ناسنامەی خۆیدا کەڵکی لێوەرگرێ.

سـەرەڕای هـەمـوو ئـەو ئاستەنگانەی لە بـەردەم ژنان لە کوردستاندا هەن، لە هەمان کاتدا ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی لە بوارە جـیـاوازەکـان و بـەتـایـبـەت ناسنامەخوازیی ڕێکخراوەییدا وایکردوە ژنان دەرفەتی گەورەیان لە داڕشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاراستەی سڕینەوەی چەوسانەوەی ڕەگەزی لەبەر دەستدا بێ. ژنانی کورد گەیشتوونەتە ئـەو ئاستە لە تێگەیشتوویی و ژیـری کە لە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە سیاسییەکانی داهـاتـوودا، بتوانن هـەڵاواردنـی ڕەگـەزی لە یاساکان و دامەزراوە ڕەسمییەکاندا بسڕنەوە، کـاریـگـەری لـەسـەر دامـــەزراوە فەرهەنگی، فێرکاری و میدیاییەکان دابنێن بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بە عەقڵییەتی پیاوسالار.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئـێـران وێـڕای ڕێزگرتن لە ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن و پیرۆزبایی ئەو یادە لە ژنان و بەتایبەت ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕمەندیی خۆمان بە هێزی هـەراو و یـەکلاکـەرەوەی ژنـان لە هـەمـوو بـوارەکـانـدا دووپـات دەکـەیـنـەوە و پێمان‌وایە لەگەڵ ئەوەی هەنگاوی کاریگەرمان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ وەدیهێنانی یەکسانیی ڕەگەزی ناوە، لە هەمان کاتدا دان بەو ڕاستییە دادەنێین کە شۆڕشی پێشکەوتنخوازی ژینا و دروشمی سەرەکیی ئەو شۆڕشە، پلان و بـەرنـامـەی جیددیترمان لـێ دەخـوازێ و پابەندمان دەکا بە هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و دوور لە ستەمی ڕەگەزی. ئێمە پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە کە ئامانجە سیاسی، کۆمـەڵایـەتـی، نـەتـەوەیـی و چینایەتییەکان نایەنەدی بەبێ ئەوەی ژنان پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا ببیننەوە.

سـەرکـەوێ شـۆڕشـی ژیـنـا و خـەبـاتـی پێشەنگانەی ژنان لەژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادی،

نـەمـان بۆ دەسـەڵاتـی دژەژنـی کـۆمـاری ئیسلامی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان کوردستانی ئێران**
**٦ی مارسی ٢٠٢٣**

کوردستان
• ژمارە: ٨٤٢
١٥ی ڕەشەممەی ١٤٠١ _ ٦ی مارسی ٢٠٢٣

# شۆڕشی ژینا، مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا



د. محەممەد حوسێنزادە

مافەکانی مرۆڤ بریتین لە کۆمەڵە مافێکی سرووشتی کە پێویستە مرۆڤەکان بەهۆی پێگە و کەرامەتی مرۆیی و بە حوکمی مرۆڤبوونیان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و پلەوپایە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێیان بەهرەمەند بن. مافی ژیان، مافی ئاسایشی تاکەکەسی، مافی خاوەنداریێتی، یەکسانی بەرانبەر بە یاسا و دەستپێڕاگەیشتن بە دادگا و دادوەریی دادپەروەرانە، مافی دەستپێڕاگەیشتنی یەکسان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە و دامەزراندنی ئەنجومەنە ئاشتیخوازانەکان، ئازادی ئایین و ڕێباز و هەموو فاکتەرە پێویستەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لە نموونەی ئەو مافانەن.

ئەگەرچی بە هۆی بنەما فەلسەفییە جیاوازەکان، جیاوازیی ئایین و کولتوور و هەروەها جیاوازی ڕوانگە سیاسییەکانی وڵاتان پێناسەیەکی تاکانە و گشتگیر لە مافەکانی مرۆڤ نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵام لە ئاستی جیهانیدا کۆدەنگییەک هەیە لەمەڕ ئەوەی مرۆڤەکان خاوەن مافن و یاسای نێونەتەوەیی دانی بەو مافانەدا ناوە و زۆرێک لە وڵاتانیش ئەو مافانەیان لە یاسای بنەڕەتیی خۆیاندا چەسپاندووە و خۆیان دەروەست بە جێبەجێکردنیان دەزانن. بە کردەوەش لە ماوەی نزیک بە حەفتا و پێنج ساڵی ڕابردوودا، واتە لە سەرەتای ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە کە جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و جاڕنامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان پەسەند کران و بەتایبەتی تر دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و خێراتربوونەوەی ڕەوتی بەجیهانیبوون پرسی مافی مرۆڤ پەرەی سەند. بە جۆرێک کە لە ئێستادا هەموو دەوڵەتەکان وا دەنوێنن کە ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرن. بەڵام لە ڕاستیدا پەرەسەندن، بەجیهانیبوون و بەنێونەتەوەییبوونی مافەکانی مرۆڤ نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو مافانە ببنە ئەولەوییەتێک بۆ دەوڵەتەکان بە جۆرێک کە سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای پەرەپێدان بەو مافانە دابڕێژن. ڕیالیستەکان کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا ڕوانگەیان بەسەر خوێندنەوەی سیاسەت و پەیوەندییە نیونەتەوەییەکاندا زاڵ بووە، پێیان وایە سیاسەتی نێونەتەوەیی گۆڕەپانی کردە و کاردانەوەی وڵاتان و بەتایبەت وڵاتانی زلهێزە. هەر یەک لە دەوڵەتان و بەتایبەت زلهێزەکان هەوڵ دەدەن لەو گۆڕەپانەدا بە کەمترین تێچوو زیاترین دەستکەوت و بەرژەوەندی بۆ خۆیان تۆمار بکەن. هەر لەو ڕوانگەیەوە وڵاتانی زلهێز زۆر جار گرنگی بە پرسە ستراتیژییەکان دەدەن نەک پرسگەلێکی وەک مافی مرۆڤ.

ئەمە ڕوانگەیەکی زاڵە و پێشوازییەکی زۆری لێ کراوە، هۆکاری زاڵبوونەکەشی ئەوەیە کە لە لایەکەوە لەگەڵ تێگەیشتنی زۆرینەی خەڵک لە سیاسەتی نێونەتەوەیی تەبایە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ڕەفتاری ڕاستەقینەی وڵاتانی دێتەوە.

ڕیالیستەکان بە بەڵگەهێنانەوە و ئاماژەدان بە ڕەفتاری وڵاتان دەڵێن، ئەو وڵاتانە زیاتر گرنگی بە پرسە ستراتیژییەکان دەدەن و زیاتر وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵک لە مافی مرۆڤ وەردەگرن. ئەوان دەڵێن، ڕاستە دەوڵەتەکان بەڵێنیان داوە ڕێز لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بگرن، بەڵام بەکردەوە زیاتر گرنگی بە سەروەری وڵاتان و خۆبواردن لە دەستێوەردان لە کاروباری باقی وڵاتان وەک دوو بنەمای سەرەکیی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن. دەوڵەتەکان بە گەڕانەوە بۆ ئەو دوو بنەمایە پرسی مافی مرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە. واتە ئەگەرچی هەندێ لە یاسا و ڕێسا نیونەتەوەییەکان ئەو مافەیان بە وڵاتانی زلهێز داوە کە هەندێ جار لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تەنانەت دەستێوەردانی سەربازیش بکەن، بەڵام بە گشتی و وەک ڕەوتێکی زاڵی سیاسەتی نێونەتەوەیی، پاساوی ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتان و خۆبواردن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی تر ڕێگر بووە لەوەی گوشار بخرێتە سەر وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ و ناچار بە جێبەجێکردنی ئەو مافانە بکرێن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە دیکتاتۆرێکی وەک هۆگۆ چاوز بیری لەوە دەکردەوە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا بە تۆمەتی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆیی و هەوڵدان بۆ کودەتا سکاڵا تۆمار بکات یاخود ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک ئێران بەردەوام مافی مرۆڤ لەژێر ڕووکەشی مافی سەروەریدا پێشێل بکات.

ڕیالیستەکان دەڵێن ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندویانە وڵاتان بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان سیاسەتی دەرەکی دادەڕێژن نەک بە پێی پەرەپێدان یان پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. واتە بەرژەوندییەکانی وڵاتان لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە ناکرێن، بەڵکوو ئەوە مافەکانی مرۆڤن کە لە چوارجێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا پێناسە دەکرێن. بۆیە ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو دابینکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانە. گرنگترین بەرژوەندییەکانیش لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بریتین لە زیادکردنی ڕێژەی هێز بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لەو سیستەمەدا. کەوابوو، مافەکانی مرۆڤ تا کاتێ گرنگییان پێ دەدرێ کە لە خزمەتی بەرژوەندییە نیشتمانییەکاندا بن.

پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دیکتاتۆرەکان و دژایەتی لەگەڵ هەندێ لە دێموکراسیخوازان و بزووتنەوە دێموکراتییەکان لە ساڵانی شەڕی سارددا بە بیانووی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ناوچە جیاوازەکاندا، پشتگوێخستنی توندوتیژی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڤلادیمیر پۆتینەوە لە چیچەن، دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا و ڕێکخراوی سەربازیی ناتۆ لە یۆگۆسلاوی بە بیانووی ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی زیاتری مافی مرۆڤ لە دەیەی ١٩٩٠دا و هاوکات بیدەنگی و بێهەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرامبەر ئەو ژینۆسایدەی لە هەمان کاتدا لە ڕوواندای ئافریقادا لە ئارادا بوو، لەو نموونە بەرجەستانەن کە ڕیالیستەکان ئاماژەیان پێ دەکەن سەبارەت بەوەی وڵاتان بەردەوام گرنگییان بە بەرژوەندییە ستراتیژییەکان داوە و مافی مرۆڤیان پەراوێز خستووە. لەو ڕوانگەوە تەنانەت وڵاتان کاتێک باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن کە لە چوارچێوەی بەرژوەندییاندا بێت. بۆ نموونە، وڵاتانی ڕۆژاوا کاتێک کێشەکانیان لەگەڵ وڵاتی چین پەرە دەستێنن، زیاتر پەرە بە ڕەخنەکانیان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا دەدەن و دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان هەمدیسان پرسی مافی مرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە.

تا پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و پێشێلکردنی ئەو مافانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوەتی لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیستەکان دەهاتەوە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا و بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران ئاشکرا بوون دەمانبینی کە وڵاتانی ڕۆژاوا بە بەراورد لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ زیاتر گرنگییان بە پرسی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران دەدا. هەر لەو ئاراستەیەدا دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکانی "سەعدئاباد" و "پاریس" لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و دواتر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ناسراو بە "بەرجام" لەگەڵ ئۆباما پرسی مافی مرۆڤیان خستە پەراوێزەوە. وەبیر بهێننەوە کە باراک ئۆباما لە سەروبەندی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز و خۆپیشاندانەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر سەرکوتی خەڵک لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە نەنواند بۆ ئەوەی گرفتێک بۆ دانوستانە ئەتۆمییەکان دروووست نەکات و دواتریش لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی مرۆڤ نەکرا. بەپێی خوێندنەوەی ڕیالیستی هۆکاری سەرەکی ئەو جۆرە سیاسەتە ئەوەیە کە بەئەتۆمیبوونی ئێران زیاتر لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەرژوەندییەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە.

ئەگەرچی هێشتا گریمانە سەرەکییەکانی ڕیالیزم گونجاوترین گریمانەکانن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پرسی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تایبەتی، بەڵام ناکرێت بە ئاسانی گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕشی ژینا پشتگوێ بخەین. شۆڕشی ژینا هەر وەک چۆن لە زۆر ڕووەوە کاریگەری لە ناوخۆی ئێران دانا، تا ڕادەیەکیش بووە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی تارانەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لانیکەم بۆ ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەریی ڕوانگەی ڕیالیستیدان سەرنجڕاکێش و تا ڕادەیەک چاوەڕواننەکراو بوون.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی ئورووپا و لەوانە ئاڵمان و فەڕانسە وەک دوو زلهێزی نێو یەکیەتیی ئورووپا بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو هەڵوێستی توندیان بەرانبەر بەکارهێنانی توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران و هاووڵاتییان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نواند. سەرەڕای ئەوەی جۆ بایدن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا بەردەوام هەوڵی دابوو بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییە کە لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە هەڵوەشابووەوە، کەمتر گوشار بخاتە سەر ئێران و تەنانەت لەو پێناوەدا پرسی مافی مرۆڤیش پەاویز بخات، بەڵام شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و خۆپیشاندانی باقی هاووڵاتییانی ئێران و پێداگرییان لەسەر داخوازییەکانیان سەرەڕای سەرکوتی دڕندانە هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی ڕێژیم، بەرپرسانی باڵای ئەمریکای ناچار کرد کاردانەوە نیشان بدەن و بەکردەوەش تا ڕادەیەک لەبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەو وڵاتە سزا بدەن. ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپاش کە زۆر جار بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن تارانەوە بێدەنگ و بێهەڵوێست بوون ئەمجارە هەڵوێستی توندیان نواند.

بەگشتی دەتوانین پشتیوانی ئاشکرای بەرپرسانی باڵای وڵاتان لە خۆپیشاندەران (بۆ نموونە ئاڵمان و فەڕانسە)، بانگهێشتکردنی باڵوێزەکانی ئێران بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سەرکوتی دڕندانەی خۆپیشاندەران، دەرکردنی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی ژنانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانگهێشتنەکردنی ئێران بۆ کۆنفرانسی ئەمنیەتیی مۆنیخ وەک گرنگترین کۆنفرانسی تایبەت بە ئاسایسی جیهان و بەپێچەوانەوە بانگهێشتکردنی دوو کەس لە چالاکانی دژبەری ئەو ڕژیمە و هەروەها هەوڵی هەندێ لە وڵاتان بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەک نموونەی ئەو گۆڕانکارییانە ناو ببەین. ئەم گۆڕانکارییانە بەڕاستی جدین، چونکە بۆ نموونە تا پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا نزیک لە هەمووی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا دژی بڕیاری ئەمریکا سەبارەت بە بەتیرۆریستناساندنی سوپای پاسداران بوون بەو پاساوەی کە ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی داخرانی هەموو کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەڵام لە ئێستادا نەک ئەو کۆدەنگییە نەماوە بگرە بەشیکی بەرچاو لەو وڵاتانە لەگەڵ بە ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستین. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو پرسە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەندە گرنگ بوو کە پێش شۆڕشی ژینا ڕایگەیاندبوو کە یەکێک لە پێشمەرجەکانی گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەوەیە کە ئەمریکا سوپا لە لیستی تیرۆریستی دەربهێنێت.

هەڵبەت حاشاهەڵنەگرە خۆبواردنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە گفتوگۆ ئەتۆمییەکان و ناردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەدژی ئوکراین لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئەو گوشارانەی وڵاتانی ڕۆژاوا لەسەر کۆماری ئیسلامین. بەڵام ئەوانە فاکتەرگەلێک بوون کە پێشتریش لە ئارادا بوون. فاکتەری نوێ کە بووە هۆی هاندانی ئەو وڵاتە بۆ گۆڕینی بەرچاوی سیاسەتیان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکان و خەڵکی ئێران لە ناوخۆ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش خۆپیشاندان و چالاکی دیاسپۆرای کورد لە ئاستی جیهان و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئێران لە بەردەم ناوەندەکانی بڕیاردانی وڵاتانی ڕۆژاوا و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی جیهان لە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران بوو. لەبیرمان نەچێت لە میانەی خۆپیشاندانەکاندا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان ڕایگەیاند، لە ئێستادا تەرکیزمان لەسەر دانوستانی ئەتۆمی نییە، بەڵکوو چاومان لە خۆپیشاندانەکانە و هەوڵ دەدەین گوشار بخەینە سەر تاران بەمەبەستی کوتاییهێنان بە ستەم و سەرکوتی خەڵک. تەنانەت ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دانی بەوەدا نا کە ئیدارەکەی پێشتر هەڵەی کردووە کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی سەوز و خۆپیشاندانەکان نەکردووە و پێشنیاری کرد ئیدارەی بایدن پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بکات.

هەرچەندە دژوارە گریمانە سەرەکییەکانی ڕیالیستەکان سەبارەت بە ڕوانگەی وڵاتان بۆ پرسگەلیک وەک مافی مرۆڤ بە ئاسانی ڕەت بکرێنەوە، بەڵام لەوانەیە کاریگەرییەکانی شۆڕشی ژینا لەسەر هەڵویستی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەم ساتە، لە داهاتوودا وەک نموونەیەکی جیاواز سەیر بکرێت.

***

# ناوەندی هاوکاری: ژاراویکردنی کچان لە خوێندنگەکان پیلانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمە

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٠٠ قوتابیی کچ لە خوێندنگەکانی چەند شارێکی وەک تاران، کرماشان، لوڕستان، چوارمەحاڵی بەبختیاری، قوم، ئەردەوێڵ، مازەندەران، ئیسفەهان، سمنان، خۆراسانی ڕەزەوی، شاهینشار و فەردیس... بەهۆی ژاراوییبوونەوە لە نەخۆشخانە خەوێندراون کە یەک لەوان لە شاری قوم گیانی لەدەست داوە.

ناوەندە بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمییان لەهەمبەر بەردەوامیی ئەو ڕووداوانە و زنجیرەی ژاراویکردنی قوتابییانی کچ کە ئێستا ئیدی بەئاشکرا بە تێرۆری بایۆلۆژیکی باس دەکرێ نەبووە. هەندێک ڕەوت و لایەن بەرپرسایەتیی ئەو هێرشانەیا خستۆتە ئەستۆی گرووپە توندڕەوە سەرەڕۆیەکانی نیزیک لە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و هیندێک بەرپرس و لایەنیش قامکی تاوانیان بۆ لای دەستی دەرەکی وەک ئۆپۆزیسیۆن و وڵاتانی دوژمن! ڕاداشتووە.


ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بە ماهییەتی ڕێژیم لە تاوانە ڕێکخراو و سیستماتیکەکانی وەک کوشتن لەسەر نامووس، قەتڵە زنجیرەیی و ئەسیدپڕژاندن و سیناریۆ ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیم ڕادەگەنێت کە بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتانە لەئەستۆی تەواوەتیی ڕێژیم و لە سەروو هەموانەوە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمە. ئامانج لەوەش بڵاوکردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە و تۆڵەکردنەوە لە کچان بەهۆی پێشەنگایەتییان لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"یە.

ناوەند هەروەها بە سەرنجدان بە پێشینەکانی کۆماری ئیسلامی لە خولقاندنی جینایەت و کارەسات لەدژی خەڵکی مافویست و نارازیی ئێراندا داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکا کاردانەوەی خێرا و توندیان لەهەمبەر کۆمەڵکوژی و ڕەفتاری دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیدا هەبێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠١ی هەتاوی**



# فۆبیای ژینا و تۆڵەستێنی لە کچان


عەلی بداغی

لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا زیاتر لە ٤٠٠ قوتابیی کچ بەهۆی ژاراویبوون کەوتوونەتە سەر تەختی نەخۆشخانەکان کە تا ئێستا یەک لەوان گیانی لەدەست داوە. ئەم ڕووداوە وەک تیرۆرێکی بیولۆژیک نە بوکوحەرام لە نیجێریە و ئیسلامیستە سیاسییەکانی چیچێن کردوویانە و، نە لە ئەفغانستانی ژێر هەیمەنەی سیاسیی تالیباندا ڕووی داوە. ئەم کارەساتە گەورەیە، لە دوای شۆڕشی ژینا و لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا خەریکە ڕوو دەدەن.

مانگی سەرماوەز بوو کە هەواڵی ژەهراویبوونی قوتابخانەیەکی کچان لە قوم هاتە سەر تێلێتێکستی هەواڵەکان. لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا لە ٣١ قوتابخانەی چەند شارێکی وەک تاران، کرماشان، لوڕستان، چوارمەحاڵی بەبختیاری، قوم، ئەردەوێڵ، مازەندەران، ئیسفەهان، سمنان، خۆراسانی ڕەزەوی، شاهینشار و فەردیس... ئەم هێرشانە چەندپات بوونەتەوە.




کاردانەوەکان بە زنجیرەی ژاراویکردنی قوتابخانەکانی کچان لە نێوخۆی وڵات تا دێ زیاتر دەبن. ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لە پەرەسەندنی هێرشەکان وای کردووە بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکان بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکانیان داوای بایکۆتی خوێندنگەکان بکەن. کانوونی سینفیی مامۆستایان ڕایگەیاندووە بۆ ئەوەی چارەنووسی پەروەندەکانی کوشتن لەسەر ناموس، قەتڵە زنجیرەییەکان، ئەسیدپێداکردن بە ژنان و سیناریۆ ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیم دووپات نەبنەوە، پێویستە هەموو توێژەکانی دەسەڵات لە حەوزەی عیلمییەوە هەتا دەوڵەت و لەسەروو هەمووانەوە خامنەیی هەڵوێستی ڕوونیان هەبێت. ماڵی فەرهەنگییەکانی ئێرانیش لە بەیاننامەیەکدا هێرشی شیمیایی بۆ قوتابخانەکانی کچانی بە "تیرۆریزمی دەوڵەتی" ناو بردوە و ڕایگەیاندووە کە "دەسەڵات کە هەتا ئێستا ویستوویەتی بە زەبروزەنگ و تۆقاندن، بە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات کپ و ناچار بە پاشەکشە لە ویست و داواکانیان بکات، ئێستا ئیدی دەست لە منداڵانیش ناپارێزێ و تیرۆری بیۆلۆژیکی قوتابییانیشی بە کارنامەی ڕەشی تاوانەکانی زیاد کردووە. بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆی چەمرانی ئەهوازیش لە بەیاننامەیەکدا بە ئاماژە بەوەی پەردەپۆشی و ناڕوونی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان وەک خۆیان کە سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە و هەمیشە کارەساتی بۆ کۆمەڵگەی خوڵقاندووە، گوتوویانە ئەو ڕووداوانە دەستی ئانقەستیان لەپشتە و بەوەش هیندەی دیکە کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات هەراوتر دەبن.

بەربڵاویی ئاستی کارەساتەکە وای کردووە کاردانەوە جیهانییەکانیش بە تیرۆرە بیۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم لە خوێندنگەکانی کچان زیاتر ببن. ڕێکخراوی یونیسێف، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئۆسترالیا و چەند وڵاتێکی دیکەش جگە لە بەرپرسیارزانینی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشانەدا، سەبارەت بە لێکەوتە کارەساتبارەکانی ئەو ڕووداوە کاربەدەستانی ڕێژیمیان وریا کردۆتەوە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێرانیش بە سەرنجدان بەوەی هەتا ئێستا کەس لەسۆنگەی ئەم هێرشانەوە دەسبەسەر نەکراوە و بە بیرهێنانەوەی تاوانە سیستماتیکەکانی پێشووی ناوەندە ئەمنییەتییەکان بۆ نموونە ئەسیدپرژاندن بە ژنان و قەتڵە زنجیرەییەکان و، بەو ئاکامگیرییە کە بکەرانی ئەم جینایەتانە سەر بە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بن؛ داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کردووە کاردانەوەی خێرا و توندیان لەهەمبەر ڕەفتاری دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیدا هەبێت.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ئەم هێرشە بیۆلۆژییە لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا، پێدرام پاکئایین، وتەبێژی وەزارەتی بێهداشت نەیشاردۆتەوە "دەرەنجامە زانستییەکانی ژاراوایبوونەکان بەتەواوی ڕوون و ئاشکران، بەڵام ئەوەی ڕوون و دیار نییە هۆکارە دەرەکییەکانی پشتی ئەو هێرشانەن دە دەبێ وەڵامەکەی لای ناوەندە ئەمنییەتییەکان بێت." محەممەدتەقی فازڵ مەیبودی، مامۆستای زانکۆش "بەئانقەست"بوونی ئەو هێرشە ژاراوایانەی پشتڕاست کردۆتەوە و لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "شرق" گوتویەتی "گرووپێکی ناسراو بە (هەزارەگەرا) لە پشتی ئەو هێرشانەن، چونکی باوەڕیان وایە کە کچان نابێ بخوێنن." ئەو نایشارێتەوە کە ڕەوتێکی ئایینی بە شێوەی سیستماتیک دەستیان لەو جینایەتانە هەیە. لە تەنیشت ئەو داننانە ئاشکرایانە، وەزارەتی نێوخۆ دیسانەکە حاشا لەوە دەکات پلانێکی سیستماتیک لەپشتی ئەو ڕووداوانە بێت و، لەولاش بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس و کاربەدەستانی دەوڵەتیش "دوژمنان، ئیسرائیل و مونافقین" بە دەستتێداهەبوون لەو تیرۆرە شیمیاییانە تاوانبار دەکەن. ڕۆژنامەی "جوان"ی سەر بە سپای پاسداران تاوانی ئەو جینایەتانەی وەپاڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی داوە و ڕۆژنامەی "همشهری"یش داوای کردووە بەرپرسایەتیی ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی لەو ڕووداوە لە وەزارەتی بێهداشت بستێندرێتەوە و بدرێتە پۆلیس و ناوەندە ئەمنییەتییەکان.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی جێی هیچ شک و گومانێک نە بۆ خەڵک و نە بۆ ویژدانە زیندووەکان ناهێڵێتەوە ئەوەیە کە ئەو هێرشانە تۆڵەکردنەوە لە لایەنگرانی شۆڕشی "ژینا" بۆ ئامانجی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هاتنەسەرکاریەوە لە هەموو بەرە و بوارەکاندا و بە هەموو هێزیەوە شەڕی لەدژی ماف و ئازادییەکانی ژنان کردووە بۆ هیچ کەس و لایەنێک شاراوە نییە، بەڵام ئەمجارەیان ڕچەشکێنی و پێشەنگایەتیی ژنان لە شۆڕشی ژینادا کە بووە هۆی ئەوەی هەموو هێڵەسوورەکانی ڕێژیم لە فڕێدانی سەرپۆشەوە هەتا دڕاندنی وێنەی ڕێبەرانی ڕێژیم ببەزێندرێ، و لە نێوخۆ و دەرەوە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی گەورەترین تەنگژە و تەنگانەی تەمەنی دەسەڵاتەکەی بێتەوە؛ ژوورە فکرییەکانی دەسەڵاتی وەها دەهری کردووە کە دەست لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە ژنان نەپارێزن. ئەوەش ڕوونە ڕێژیمێک کە بە دۆشکا تەقە لە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام بکا، دەستدرێژی بکاتە سەر دەسبەسەرکراوان و بەندییەکان ئێعدام بکا، مووشەک لە فڕۆکەی مەدەنی بگرێ و کۆرپە لە زگی دایکیدا بکوژێت، لەو ئاستە لە جینایەت و تاوانخوڵقینیدا تۆڵەی "نا"گوتن لە منداڵان و قوتابییان بکاتەوە.

لە سووچێکی دیکەوە، ژاراویکردنی کچانی قوتابی دوای نیزیک ٦ مانگ لە شۆڕشی خەڵک جارێکی دیکە بۆ هەمووانی سەلماندەوە کە کۆی ئەو ڕووداوانە هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە بیرکردنەوەی کاربەدەستانی ڕێژیمدا پێک نەهێناوە و ئەوەندەی تر لەسەر توندوتیژییەکان دژی ژنان و سەرکوتی مافەکانیان چیڕتری کردوون. ڕێژیم کە لە ئێستادا بەتەواوی گەیوەتە بۆنبەستی شەرعییەت و هیچ پێگەیەک لە دڵی خەڵکدا شک نابات، دەیەوێ وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی مێژوو بە جینایەت و تاوانخوڵقێنی چەند ڕۆژێکی دی بە تەمەنی نگریسی زیاد بکات. هیچ کەس و لایەنێکیش ئەو چاوەڕوانییەی لە کاربەدەستانی ڕێژیم نییە کە بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە بگرنە ئەستۆ.

مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێشانی داوە کە ڕێژیم هیچ کات ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتیی تاوانانەکانی وەئەستۆ نەگرتووە. کاتێکیش بۆگەنی پیسکارییەکانیان وڵاتی داگرتووە و چیدی سیاسەتی حاشا، یان تاوانبارکردنی دوژمنانی دەرەکی دادی نەداون؛ بە ئاماژە بەوەی گرووپێکی خۆسەری سەرەڕۆ ئەو کارەیان کردووە، کارەساتەکانیان دیزە بەدەرخۆنە کردووە. بۆیە ئەمجارەش لە نیهایەتدا هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

دواقسە: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" وەستانی نییە و ئەو تاوان و جینایەتانەش نەک هەنگاوەکانی خەڵک شل ناکەن، بەڵکوو لە ڕووخاندنی ڕێژیم شێلگیرتر و لێبراوتریان دەکەن.

## خەزانی دیکتاتۆر


ڕەزا دانشجوو

خەزانی باوکسالار یان خەزانی خۆسەپێن (El otono del patriarka) ناوی بەرهەمێکی "گابریل گارسیا مارکێز"، یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی مێژوویە. کتێبێک کە لە ڕوانگەی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەرهەمێکی ناوازەیە و یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخ.

"مارکێز" لەم کتێبەدا دوور لە تایبەتمەندییەکانی کات و شوێن کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە دەناسێنێت، ئەم کارەکتەرانەی بە یارمەتیی قەڵەمە بەهێزەکەی مارکێز زۆر ڕاست و باوەڕپێکراو دێنە بەرچاو. مارکێز لە وەسفکردنی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەدا پارادۆکسێکی ناوازە دەخاتە ڕوو: ستەمکاری و تۆتالیتاریزمی ژەنەڕاڵێکی پیر کە هەندێکجار وەک کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی بێسنوور و بە دوور لە توانایی مرۆڤ خۆی نیشان دەدا، بەڵام لە ژیانی کەسی و سۆزداریی خۆیدا وەک مرۆڤێکی تەواو لاواز و بێتوانا دەردەکەوێت. هەرچەند وەک باس کرا چیرۆکەکە کات و شوێنێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەوەی مارکێز وێنای دەکات زۆر نزیکە لەو واقعییانەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی ژەنەڕاڵ "فڕانکۆ" لە ئیسپانیا و "ڕافایل ترۆخیلۆ" لە کۆماری دۆمینیکەن ڕوویان داوە. باوکسالار نوێنەرایەتیی تەواوی پاوانخوازان و دیکتاتۆرەکانی جیهان دەکات، ئەو نموونەی گەندەڵیی دەسەڵاتی ڕەهایە. تایبەتمەندی سەرەکی باوکسالار ئەم تەنیاییە هەستپێکراوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ترسی هەمیشەیی ئەو لە شۆڕش. نیگای کۆمێدی، وردبین و هەندێکجار گاڵتەجاڕانەی مارکێز جوانییەکی تایبەت بە گێڕانەوەکانی دەبەخشێت، بۆ نموونە کاتێک منداڵی باوکسالار لەدایک دەبێت، پلەی ژەنەڕاڵی پێ دەدرێت و لەو کاتەوە ئەم منداڵە لەنێو گالیسکەوە سەرۆکایەتیی کۆبوونەوە فەرمییەکان دەکات! یان لە شوێنێکی تر دەخوێنینەوە کە بەپێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانەی کە دەیخاتە ڕوو، باوکسالار بەتەواوی بەرانبەر بە ئیمپریالیزم بێدەسەڵاتە. بۆ نموونە ژمارەیەک باڵیۆزی ئەمریکا داوای دەریای" کارائیب" دەکەن وەک بەڵێنێک بەرانبەر بەو سوودە زەبەلاحەی کە حکوومەت ناچارە بۆ قەرزە دەرەکییەکەی بیدات!

ئەوەی زۆر وشیارانە لە "خەزانی باوکسالار" پەیڕەو دەکرێت، خۆسەری و خۆسپاندنی دیکتاتۆرێکە کە بە هۆی شێوازی هەڵسوکەوتی لە سەردەمی حوکمڕانییەکەیدا، ئێستا هیچ دۆستێکی نییە و لە هەموو کاتێک تەنیاترە. لە یەکێک لە گێڕانەوە گرنگەکانی ئەم کتێبەدا، ژەنەڕاڵی پیر گومان لە وەزیری جەنگ، ژەنەڕاڵ "ڕۆدریگۆ ئەگویلار" دەکات کە یەکێکە لە هاوڕێ کۆنەکانی.


لە گەرمەی شۆڕشی خەڵک کە هەڕەشە لە حکوومەتەکەی دەکات، هەموو بەرپرسە باڵاکانی وڵات و سوپا بانگهێشتی خوانێک دەکات. شەو گەیشتووەتە نیوەی و وەزیری شەڕ، ژەنەڕاڵ "ئەگویلار" کە کردە و تاوانەکانی هۆکاری سەرەکیی شۆڕشی خەڵکە بەڵام لە هەمان کاتدا بە نهێنی هاوکاریی سەرکردەکانی شۆڕش دەکات، هێشتا بەشداریی لە ئاهەنگەکەدا نەکردووە. گێڕەرەوە کە وادیارە یەکێکە لە ئامادەبووانی ئەو ئاهەنگە، دیمەنەکە بەم شێوەیە وەسف دەکات: نیوەشەو بوو و هێشتا هیچ هەواڵێکی



## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# لەنێو جەرگەی کارەساتی قەڵاتانەوە

## شەهید سمایل کرمانج


برایم چووکەڵی

هەگبەی "شۆڕش و شاخ" ڕووپەڕێکە بۆ نووسینەوەی حەماسەت و قارەمانیەتیی باشترین ڕۆڵەکانی گەل و نیشتمان، ئەو پێشمەرگە و فەرماندەیانەی بە بەخشینی گیانیان سەروەریی مێژووییان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردووە. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا یادی شەهید سمایل کرمانج بەرز ڕادەگرین.

شەهید سمایل کرمانج ساڵی ١٣٤١ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە ئاوایی "لەجێ" لە ناوچەی مەهاباد لەدایک بوو. زوڵموزۆری دەربەگایەتی پاڵی بە بنەماڵەی سمایل کرمانجەوە نا تا بە ناچاری ناوچەی مەهاباد جێ بهێڵن و بچنە شاری نەغەدە و لەوێ بگیرسێنەوە. سمایل کرمانج پاش چەند ساڵ خوێندن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان وازی لە خوێندن هێنا. سەختییەکانی ژیان و نابەرابەری و ستەمی نەتەوایەتی ئەوی وشیارتر کردبوو و خەبات و تێکۆشانی قارەمانانی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٤٦-٤٧ و شەهیدبوونی کۆمەڵێک لەو شۆڕشگێڕانە و بە تایبەتی پێشاندانی تەرمی چەند کەس لەو فیداکارانە لە شەقامەکانی شارەکانی کوردستاندا، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەستی سمایل دانابوو. هەر ئەوەش وای کرد سمایل لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە کوردستان دەوری بەرچاوی هەبێت و ببێتە یەکێک لە کەسایەتییەکانی جێگای متمانەی خەڵکی شاری نەغەدە.

شەهید سمایل لە گرتنی ژاندارمەریی شاری نەغەدە و پایەگای "دووئاوان"دا ڕۆڵی سەرەکیی بوو. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب لە ڕەشەممە ١٣٥٧ شەهید سمایل پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و، بوو بە پێشمەرگەیەکی چالاکی حیزب. ئەو بە فیداکاری، تێکۆشان و نەسرەوتوویی تا ئاخرین چرکەی ژیانی درێژەدەری ئەو ڕێبازە مایەوە. شەهید سمایل خاوەنی خوو و ڕەوشتێکی شۆڕشگێرانە بوو، مرۆڤێکی ئازا بوو. لە کاتێکدا لە مەیدانی شەڕی دژی داگیرکەراندا پێشمەرگەیەکی بەدەست و چەک، ئازا و بە غیرەت بوو، بەڵام باوەڕی قووڵی بە پاراستنی کەرامەتی مرۆیی ئینسانەکان بوو. لەو سۆنگەیەوە هەوڵی دەدا دیلەکانی مەیدانی شەڕ بپارێزرێن و بەپێی ئوسووڵ و پرەنسیپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. هاوڕێیەکی شەهید سمایل بەمجۆرە باس لە شەڕی نەغەدە دەکات: "لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەیەکی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە شاری نەغەدە ئەوان بێبەزەییانە تەقەیان لە ژن و منداڵی کوردی بێچەک دەکرد. ژمارەیەکی بەرچاو لەو هێزەکانی ڕێژیم کوژران و زۆریان بە دیل گیران. هەرچەند لەو شەڕەدا هاوڕێیەکی شەهید سمایل بە ناوی ئەحمەد بۆتکە شەهید ببوو، و شەهید سمایل و هاوڕێیەکی دیکەشی بە ناوی برایم جوجە بریندار ببوون، بەڵام ئەو نەیهێشت کەس بێحورمەتی بە دیلەکان بکا و هەموو هەوڵی خۆی دا دیلەکان بگەیەنێتە یەکێک لە مزگەوتەکان کە لەوێ گیانیان پارێزراو بێت."

پاش شەڕی نەغەدە شەهید سمایل وەک فەرماندەری لک لە هێزی ئەفشێن دیاری کرا. ساڵی ١٣٥٩ چەندین عەمەلیاتی گەورە بە فەرماندەیی سمایل کرمانج لەسەر هێزەکانی ڕێژیم لە شاری نەغەدە و ڕێگای پیرانشار- نەغەدە کران. ناوبراو لە شەڕی سێ مانگەدا حەماسەی خوڵقاند، بۆ وێنە لە شەڕی قەبری حوسێن لەسەر ڕێگای پیرانشار، سەردشت زەبرێکی گاریگەری لە هێزەکانی ڕێژیم دا. لەوشەڕەدا چەندین تانکی حکوومەت سووتان و ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران. ئەو زەبرە بە ڕادەیەک قورس هەبوو کە هێزەکانی دوژمنی بۆ ماوەی چەند مانگ لەو شوێنە ڕاگرت و پێشی پێشڕەویی لێ گرتن.

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا هەواڵ بە شەهید سمایل گەیشت کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکوومەت مەغولئاسا بە فەرمانی مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ بۆ هێرشکردنە سەر گوندی قەڵاتان بەڕێوەن. شەهید سمایل بە بیستنی ئەو هەواڵە بەبێ ڕاوەستان لە گوندی شاوەلە ڕا خۆی گەیاندە ناوچەی شەڕ و سەرپەرەستیی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە ناوچە گرتە ئەستۆ کە لە پێشمەرگەی هێزەکانی سمکۆ و ئەفشین پێک هاتبوون. کاتژمێر ١٠ی بەیانیی ڕۆژی ٦ی خاکەلێوە هێرشی هێزەکانی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی لەژێر تۆپ بارانی قورسی تانکدا دەستی پێ کرد و لە پاشان هێزی پیادە لە چەند لاوە هێرشیان کردە سەر گوندی قەڵاتان. شەهید سمایل کە لەو شەڕەدا فەرماندەیی هەموو جەبهەکانی بە دەست بوو، بۆخۆی لەگەڵ پەلێک لە پێشمەرگەکان لەسەر ڕێگای نەغەدە- قەڵاتان جێگیر بوو.


شەڕ هەتا دێ خەستتر و قورستر دەبوو. بەرەنگاریی بێوێنەی پێشمەرگەکان چەند جاری پاشەکشە بە هێزەکانی ڕێژیم کرد. ڕێژیم پاش هەر پاشەکشەیەک، بە تۆپ و خۆمپارە و گوللەی تانک سەنگەری پێشمەرگە و گوندی قەڵاتانی دەکردە ئامانج. دەمەوئێوارێ دوژمن دیسان هێرشی هێنایەوە و ئەمجار زۆر بێبەزەییانەتر سەنگەری پێشمەرگەکانی دایە بەر دەستڕێژی چەکی قورس و، بەداخەوە لەو هێرشەدا چەند پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون کە شەهید سمایل کرمانجیش یەکێک لە بریندارەکان بوو. ڕێژیم ئەو دۆخەی قۆستەوە و خۆی گەیاندە نێو گوندی قەڵاتان و ئەو کارەساتەی خوڵقاند کە وەک پەڵەیەکی ڕەش بۆ ئەبەد بە نێوچاوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە ماوەتەوە. لە کۆمەڵکوژیی قەڵاتاندا و لە ماوەیەکی کورتدا ١٢ کەسی خەڵکی ئاوایی شەهید بوون. هێزەکانی دوژمن لە خوڵقاندنی ئەو کارەساتەدا ڕەحمیان بە هیچ کەس نەکرد، گەورە، بچووک، ژن و منداڵ و تەنانەت بەزەییان بە سەید ئەحمەدە شێتش کە مرۆڤێکی ناتەواو و بێدەسەڵات بوو نەهاتەوە و وەک لەشکری مەغول قاچی سەید ئەحمەدیان بە بیور پەڕاند... .

سمایل بۆ چارەسەریی برینەکانی ڕەوانەی نەخۆشخانەی مهاباد کرا، بەڵام ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە ١٣٥٩ سەرەڕای هەوڵی پزیشکەکان و پاش چەند ڕۆژ چاوەدێری، بەداخەوە لەبەر قورسیی برینەکەی شەهید بوو و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.



(١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی – یاریگای وەرزشیی شاری مەهاباد – وتاربێژ: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

# میتینگی مەهاباد و پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس



ئارمان حوسێنی

لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە هێشتا چەند ڕۆژێک بەسەر شۆڕشە مەزنەکەی هەموو نەتەوەکانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی تێپەڕیبوو، خەڵکی شاری مەهاباد (پێتەختی کۆماری کوردستان) و میوانەکان کە لە شار و گوند و ناوچەکانی دوور و نزیکی کوردستانەوە هاتبوون، هەموو لە یاریگای شار کۆ بوونەوە تا لە زمانی دوکتور قاسملو، ڕێبەری ناوداری حیزبی دێموکراتەوە هەواڵی دووبارە دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پاش ٣٢ ساڵ چالاکی نهێنی، ببیسنن. ئەم کۆبوونەوە گرینگ و هەزاران کەسییە لە ئەدەبیاتی حیزبیدا بە "میتینگی مەهاباد" ناسراوە و لەو میتینگەدا حیزبی دێموکرات ویژمان و ڕێبازی خۆی کە لەڕاستیدا هەمان خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین"ی پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنیی خۆی ڕاگەیاند.

دوکتور قاسملوو، ڕێبەری کاریزمای حیزبی دێموکرات وتەکانی خۆی لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە بە بەرزنرخاندنی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و یادێک لە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و باقی ئایینەکانی ئەو وڵاتە دەست پێ کرد و پێداگریی لەسەر ئەو ڕاستییە کردەوە کە حیزبی دێموکرات تا دابینبوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و بنیاتنانی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێران بە چەشنێک کە هەموو نەتەوەکان بە مافەکانیان بگەن، بە خەباتی شێلگیرانەی خۆی درێژە دەدات. بەڕێزیان دیسان پێداگرییان کرد لەسەر خواستی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کە خوازیاری دابینبوونی مافە نەتەوەییەکان و بەفەرمی ناسینی مافی چارەی خۆنووسینە. هاوکات بۆچوونی دوکتور قاسملوو لە هەمبەر تۆمەتی خەیاڵی "تجزیەطلبی" ئەمە بوو کە ئێمە بە هەموو تواناکانمانەوە بۆ دابینبوونی مافەکانمان و چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین خەبات دەکەین و ناوەندگەراکان بە هەڕەشە و چەواشەکاری ناتوانن پاشگەزمان بکەنەوە. ئەسڵی مافی چارەی خۆنووسین بەردەوام لە حیزبی دێموکراتدا لەسەری پێداگری کراوەتەوە و شادەماری بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەیە و لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتدا جەخت لەسەر خەبات بۆ دابینبوونی مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتدا کراوەتەوە، ئەڵبەت شانبەشانی باقی نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی.

بە گەڕانەوە بۆ یاسا نێونەتەوەییەکانیش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین" یەکێک لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی یاسای نێونەتەوەییە. ئەم ئەسڵە لە مادەی یەکەمی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و وەکوو یەکێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپاوە. جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئاوا دەڕوانێتە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین کە مافێکە دەبێتە هۆی پێوەندی دۆستانە و ئاشتیخوازانەی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان.

بە نەختێک تێفکرین لە وتە مێژووییەکانی دوکتور قاسملوو کە لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ٥٧دا باسیان کرد و هەروەها بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات و یاسای نێونەتەوەیی، بەڕوونی ئەم ڕاستییە دەر دەکەوێت کە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین یەکێک لە کۆڵەکە قایمەکانی ڕاگرتنی پێوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکانە، بەم واتایە کە کاتێک مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین نەتەوەکان دابین بێت و بە ویژمان و بیرێکی کراوەوە لەگەڵ نەتەوەکان بدوێین و بە دوای خۆسەپاندن و حاشاکردن لە نەتەوەکان نەبین، ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین خۆی وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانی دڵخوازانە دەردەخات، نەک هەڕەشە. نموونەگەلێکی زۆر هەن کە بە بەفەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان یەکیەتی و سەقامگیری و گەشەی وڵاتەکە بەهێزتر بووە. وڵاتانی وەکوو "کانادا، هیندوستان و وڵاتانی ئورووپایی. لە وڵاتی کانەدا دەبینین کە فەرانسەییی زمانەکانی ئەو وڵاتە کە لە "کەبێک" دەژین مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەفەرمی ناسراوە بەڵام خەڵکەکەی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا ماونەتەوە و نەک هەر نە بوونەتە مایەی هەڕەشە بۆ کانەدا، بەڵکوو هۆکارێک بوون بۆ گەشە، دەوڵەمەندی و بەهێزبوونی ئەو وڵاتە.

بەداخەوە لە ئێراندا هەر کاتێک پرسی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین لە لایەن نەتەوە بندەستەکانەوە دێتە بەرباس، زۆر زوو تۆمەتی جیاییخوازی لە هەمبەر مافی ڕەوای چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان زەق دەبێتەوە. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە بۆچی ناوەنگەراکان ئاوەها لەگەڵ ئەم پرسەدا دەجووڵێنەوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەچینە سۆراغی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ئەسڵی یەکەمدا هاتووە کە "حکوومەتی ئێران، کۆماری ئیسلامییە کە نەتەوەی ئێران بە هۆی باوەڕی دێرینەی خۆی بە زۆرینەی ڕەهای ٩٨.٢٪ لە ڕێفراندۆمی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشت دەنگی پێ داوە.

دڵنیام کە ئاگاداری پڕۆژەی دەوڵەت–نەتەوەی ئێرانیش هەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری ڕەزا پاڵەوی (ڕەزا میرپەنج) دەستی پێکرد و بە پێی یاسای بنەڕەتی سەرەدمی پاڵەوی، ئێران حاشا لە بوون نەتەوەکانی ئێران کرا چ بگات بەوەی مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێ، بە چەشنێک کە لە یاساکەدا هاتبوو؛ ئێران وڵاتێکی یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و یەک زمان و...

ئەو فاکتانەی کە لەسەرەوە باسیان لێوە کرا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە خەباتی دوور و درێژ و خوێناوی کە نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە بۆ دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانیان و بەفەرمی ناسینی چارەی خۆنووسین کردوویانە و بەردەوامیشن، لەمپەڕێکی گەورەی بە ناوی ویژمانی ئێرانشاری لە پێشە و تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم تێگەیشتنە سەقەت و خۆسەپێنە جێی خۆی نەداتە بیر و هزری دێموکراسیخوازی و لە کۆتاییدا بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان، گەر بەشێک لە مافەکانیانیش لە یاسای ئێراندا پچەسپێ دیسانیش هەڕەشەی جدییان لەسەرە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئایا ئێمە نەتەوە بندەستەکان مافی چارەی خۆنووسینیمان هەیە یا نە؟
بە پێی یاسای نێونەتەوەیی کە لەسەرەوە بە کورتی ئاماژەمان پێ دا، بەڵێ ئەو مافە بۆ هەموو نەتەوەکان ڕەوایە کە نەتەوەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

کۆتا قسە ئەمەیە کە مادام بەپێی یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین" بۆ هەموو نەتەوەکان ڕەوایە، کەوابوو ئیتر ئەم مافە لەسەری دانووستان و مامەڵە ناکرێت.

ژەنەراڵ "ئەگویلار" نەبوو، کەسێک ئیزنی خواست تا بڕوا وگوتی: بە مۆڵەتی ئێوە! ژەنڕاڵی پیر بە نیگایەکی کوشندە کە دەیگوت کەس نەجووڵێت، کەس هەناسە نەکێشێت، کەس بەبێ مۆڵەتی من نابێ بژی، وای کرد ئەم کەسە بێ قسەکردنی زیاتر زوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی! کەمێک دواتر ژەنەڕاڵی بەناوبانگ و وەزیری شەڕ "ڕۆدریگۆ ئەگویلار" کە لەسەر کەشەفێکی زیوین درێژ کراوە، دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بە گوڵەکەلەم و سەوزی و ... وەک خواردن ڕازاوەتەوە وسوورکراوەتەوە! جلی گرانبەها لەبەر و پێنج بادامی زێڕین لەسەر شان، نیشانی ئازایەتی لەسەر قۆڵە کۆکراوە دەستە براوەکەی و حەوت کیلۆ مەدالیا لەسەر سینگ و دەستەیەک سەوزیی جەعفەری لە دەمدا، ئامادە بۆ پارچەپارچە کردن و خواردن! بە بەرچاوی ئێمە، میوانانی ئەم جەژنە دۆستانەیە، کە هەمووان لە ترسان چاوبەمۆڵەق ڕاوەستابوون و تووشی هەناسەبڕکێ ببوون، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی خۆشیبڕین و دابەشکردندا کرد. پاشان کە پارچەیەک لە وەزیری شەڕ بە سەوزی و ناوەکی سنەوبەر لەسەر دەوری هەر کەسێک دانرا، باوکسالار فەرمانی دا کە دەست پێ بکەین: نۆشی گیان...

شۆڕشی ژینا وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز تانوپۆی دیکتاتۆرییەتی عەلی خامنەیی هەژاند و بەرهەڵستی هەموو ئەو بەهایانە بوویەوە کە ساڵیانی ساڵ بوو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ بە سەر خەڵکی داسەپاندبوو، لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی کە کۆماری درۆ و خۆنمایشی ئیسلامی ساڵانێک بە تێچوویەکی زۆرەوە وەک ڕێساگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بونیادی نابووە و بیری دەکردەوە ئێستا دەتوانێت لە سێبەری ئەواندا دابنیشێت و حوکم بکات، لە بوومەلەرزەیەکی بەهێز و لەناکاودا هەژا و بە سەریەکدا ڕما. هەرچەندە دیکتاتۆری وەهمی وەک ژەنەڕاڵە پیرەکەی چیرۆکی مارکێز هەوڵی دا خۆی بەهێز نیشان بدات و باسی لە دارێکی پتەوی خەیاڵی کرد کە کەس ناتوانێ لە ڕیشەی دەربێنێت، بەڵام ڕووخساری زەرد و ماندوی باوکسالار زیاتر لە هەر کاتێکی تر باسی تەنیایی دیکتاتۆری پیر دەکات. ئەو دیکتاتۆرەی کە ساڵانێک لەمەوبەر بۆ چاوترساندنی نۆکەرانی، هاوڕێ پەنجا ساڵانەکەی لەنێو حەوزدا خنکاند، ئێستا بە گۆڕینی سەرۆکی دەزگای سەرکووتکردن و هەندێک فەرماندەی سەربازیی دیکە هەوڵی دا لە هەمان کاتدا کە شکستی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا دەخاتە سەر شانی فەرماندە نیزامییەکان؛ جارێکی دیکە نیشانی نۆکەرانی بدات کە دڕندەیی و توندوتیژیی باوکسالار بێکۆتاییە.

لە کاتێکدا کەشوهەوای شەقامەکان بە هۆی ناتەبایی هەندێک ڕەوتی تۆتالیتاری ئۆپۆزسیۆنەوە کەمێک هێور بووەتەوە و ژەنەڕاڵی پیر پێیوابوو دەتوانێت هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵمژێت، دەسپێکردنەوەی مانگرتنی کرێکاران و خانەنشینان لە زۆر شوێنی جیاوازدا لە سەروبەندی ساڵی نوێدا دیسان بووە هۆی پەرۆشی و سەرلێشێواویی باوکسالار. بەڵام ئەوە تەنیابەشی ئەوە چیرۆکە تازەیە نییە. بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و بێتوانایی تەواوی حکوومەتی بوکەڵەیی "ئیبراهیم ڕەئیسی" ئابووریی نەخۆشی کۆماری ئیسلامیی خستۆتە لێواری دارمانەوە. دۆخێک کە دەنگی ناڕەزایەتی و پەرۆشی زۆرێک لە شارەزایانی ئابووری لێ کەوتووەتەوە، بەڵام دیکتاتۆری پیر وەک هەمیشە بەکاردانەوەیەکی هیستریک بە شێوەی هەموو دیکتاتۆرەکان ڕەخنەی لەو وریاکردنەوانە گرت و بە بێبنەمای زانین.

دیکتاتۆری تەنیا و گۆشەگیری چیرۆکەکەمان، لە لێکچوونێکی ناوازە لەگەڵ باوکسالاری چیرۆکی مارکێز، ئێستا بێهیوا لە خەڵک، دوور لە دروشمی بێ بنەما و فریودەری" مەرگ بۆ ئیمپریالیزم"، بەدوای دەرکەیەک دەگەڕێت بۆ دەسپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ "شەیتانی گەورە". هاوشێوەی باوکسالار، دیکتاتۆر بۆ ڕازیکردنی زلهێزەکان ناچار بوو کەنداوی فارس و دەریای عومانی ڕادەستی چینییەکان و دەریای خەزەری تەحویلی ڕووسەکان بدا و ئێستا دەستی بۆ لای ئەمریکا درێژ کردووە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات. ئێستا بۆ دیکتاتۆری تەنیا و گۆشەگیر تەنیا شتێک گرنگە، ڕاگرتنی تاج و تەخت.

بەڵام دۆخەکە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی دیکتاتۆردا نییە، دارمانی ئابووری، ترس لە گەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر شەقام، کابوسی بەردەوامی چوارشەممە سووری و نەورۆز و هتد، هەموو داتاکان ئاماژەن بۆ ڕووداوی زۆر پێشبینینەکراو، ڕووداوگەلێک کە دەتوانن داری کۆن و ڕزیوی دیکتاتۆر لە ڕیشە دەربێنن و نەمامێکی نوێ لە شوێنی بچێنن.

بەهار وەرزی گەشەکردنە، وەرزی بەئاگابوونەوە و وشیارییە، بەڵام بۆ باوکسالار پاییزێکی سارد و خەمگینە، وەرزی کەوتنی لقەکان، کاتی گەڵاڕێزانی یارمەتیدەران و بەکرێگیراوانی باوکسالار، وەرزی کۆتایی دیکتاتۆرییەت لە وڵاتی نەورۆز و بەهاردا.

## وێستگە

# ٨ی مارسی ئەمساڵ جیاوازە!

ئاسۆ مینبەری

لەکاتێکدا خەریکین لە ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان نزیک دەبینەوە کە بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە دۆخێکی زۆر جیاوازدا تێدەپەڕن.

باش دەزانین کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی هیچکات باوەڕی بە ڕۆژە جیهانییەکان نەبووە، هەوڵی داوە بە داتاشینی بۆنەی جیاواز هەم ڕووبەڕووی بەقەولی خۆی هێرشی بێگانە بۆسەر دەسەڵاتەکەی ببێتەوە هەم پیرۆزییەک بخولقێنێ کە لە ڕێگای ئەو پیرۆزییە داتاشراوەوە بتوانێ درێژە بە هێژموونیی خۆی بدات. لەم نێوانەشدا ڕەتکردنەوەی ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژێکی جیهانی بۆ ژنان لە بەرنامەی کاریی ئەم ڕێژیمەدا بووە و هەموو ساڵێک بە سەرکوت و هەڕەشە هەوڵی داوە پێش بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەم بوارەدا بگرێت. بەڵام گرینگتر لەوە داتاشینی ڕۆژی ژن لە ئێران بووە! ڕێژیم کە لە هەموو قۆناغە هەستیارەکاندا پەنا دەباتە بەر ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی، ئەمجارەش وای کرد و بە ناودێرکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا لە ڕۆژژمێری خۆیدا وەکوو ڕۆژی ژن و ئەڵبەت زیاتر وەکوو ڕۆژی دایک هەوڵی دا بایەخ و گرینگیی ڕۆژی ٨ی مارس کەم بکاتەوە.

ئەڵبەتە نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕێژیم جیا لەو مەبەستەی کە لە سەرەوە باسی کرا، ویستێکی گرینگی دیکەشی هەبوو، ئەویش بنەڕەتیکردنەوەی ئەو بیرکردنەوە و ڕوانگەیە کە ژن لە قامووسی ئەواندا و لە ڕاستای ئیدئۆلۆژیی ئەواندا، ڕۆڵی گرینگی دایکایەتیی لەئەستۆیە و ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهراش بەو مەبەستەیە کە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ژن کاتێک بەنرخ و بەبایەخە کە ڕۆڵی دایک بگێڕێت! ئەویش دایکێک کە وەکوو لە ئایینەکەیاندا هاتووە لە تەمەنی ٩ ساڵاندا بۆ پارێزرابوونی لە گوناح و تاوان شوو بکات و دواتریش وەکوو هاوسەرێکی گوێڕایەڵ، ئەرکی دایکایەتی لەئەستۆ بگرێت تاکوو هاوسەنگی ئیدئۆلۆژییەکە ڕابگیرێت.

بەداخەوە لەبەردەستدابوونی ئیمکاناتی دەسەڵات و دەرفەت بۆ ڕێژیم وای کردووە کە ئەم جۆرە بۆنانە لە مێشکی تاکەکاندا جێگا بگرن و زۆر جار بینیومانە سەرەڕای ئەوەی خودی تاکەکان لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوسەرگیریی پێشوەختە و دووگیانبوونی پێشوەختە و تەنانەت جیابوونەوە لە ئاکامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەقەولی خۆیان پیرۆزەیدا کە ڕێژیم بەرنامەی بۆ دارشتووە دیسانەوە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرتووە چونکە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لەلایەن دەسەڵاتی تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێرانەوە بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی قووڵ لە دۆخەکەی لێ ئەستاندوون. هەر بۆیە زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم دەسەڵاتە تۆتالیترە تاکوو سەرجێگای نوستنەکەیان چووە و لە شەخسیترین پرسی ژیانیاندا دەستێوەردان دەکات و وەکوو ڕۆبۆت هەموویان بەدوای بۆچۆن و ئیدئۆلۆژیی خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەم پرسە لە کوردستاندا زۆر جیاوازترە! لەبەر ئەوەی تێگەیشتوویی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت پیلان و سیاسەتە دزێوەکانی ڕێژیم لەسەرەوەیە کە بێگومان بزووتنەوەی سیاسیی حاکم بەسەر کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی لەگەڵ داگیرکەر ڕۆڵێکی تایبەتی لەم تێگەیشتنەدا هەبووە. لە ڕاستیدا خەڵکی کوردستان بۆ هەموو کردەوەیەکی ڕێژیم خوێندنەوەی سیاسییان هەیە و باش دەزانن کە ئامانجی ڕێژیم لە هەر کردەوەیەک چییە!

بەم ڕوانینەوە با بێینەوە سەر دۆخی هەنووکەیی لە کوردستان. ماوەی ٥ مانگە شۆڕشی ژینا بەردەوامە، ئێستا کە خەریکین بەرەوپیری ٨ی مارسەوە دەڕۆین دەبێ ئاوڕێک لە تێکۆشانەکانی ساڵانی ڕابردووی ژنان لە بواری مافەکانیان بدەینەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر لە کوردستان ڕێزیان لە ٨ی مارس گرتووە، ئەگەر ڕێگایان پێ نەدرابێ کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمی بەڕێوە ببەن، لە سەیرانگە و پارکەکانی شارەکاندا یان بە هاتنەسەرشەقام و وتنەوەی دروشمێکیش بووبێت ٨ی مارسیان بەرز ڕاگرتووە، هەرچەند هەر لەم پێناوەشدا کەوتوونەتە بەر هێرش و سەرکوت کراون بەڵام هیچکات لە تێکۆشان نەوەستاون.

لەلایەکی تریشەوە هەبوونی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکان و بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی دەرفەتێکی باشی بۆ چالاکانی بواری ژنان ڕەخساند تاکوو بتوانن بە ئاگایی بەخشین و پەرەدان بە چالاکییەکانیان، زیاتر خەڵک لەگەڵ ڕەوتی بەرەپێشچوونی جیهان ڕێک بخەن و هەنگاوی کردەیی باش هەڵ بگرن.

دەکرێ شۆڕشی ژینا ئاوا پێوەند بدرێت بە ٨ی مارسەوە کە شۆڕشەکە، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی ژنانێک بوو کە لە ٨ی مارسەکاندا و لە باقی ڕۆژەکانی ساڵدا و بە بیانوگەلی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کران و دەنگی مافخوازییان کپ کرا! زۆرجار باس لەوە دەکرا کە دەبێ ٨ی مارس ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ خەبات دژ بە چەوسانەوە و هەڵاواردن، ڕەنگە خەباتەکەش بەردەوام بووبێت بەڵام شۆڕشی ژینا سەلماندنی کە ژنان چەندە لەسەر مافەکانیان پێداگرن، ئەوان بوون کە بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز و لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا، چەخماخەی شۆڕشێکی ژنانەیان لێ دا کە بڵێسەی ئاگرەکەی هەموو کوردستان و ئێرانی داگرت. ڕەنگە ئەگەر ئەو کردەوە سەمبولیکە و گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەو ڕۆژەدا نەبایە، ئەم شۆڕشە هەر دەستی پێ نەکردایە! ژنان بوون کە بە پێشەنگایەتی و بەگژداچوونەوەی بیری دواکەتووی داکیرگەر لەو ڕۆژەدا، ناوی ژینایان کردە ڕەمز بۆ شۆڕشێک کە دەسەلاتی ئاخوندەکانی بەرەو لێواری ڕووخان بردووە.

ئێستاش لە دڵی ئەم شۆڕشەدا، ٨ی مارس دەتوانێ ئەو دەرفەتە زێڕینە بێ کە باشتر دەنگی ژنانی چەوساوەی ئێران و کوردستان بە گوێی جیهانیان بگەینێ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ٨ی مارسی ئەمساڵ زۆر جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو دەبێ، ئەگەر پێشتر تەنیا ژنان ڕێزیان لەم ڕۆژە دەگرت و کەمتر پیاوان خۆیان لەگەڵی ڕێک دەخست، ئەوە ئەمساڵ ٨ی مارس دەتوانێ ڕۆژێک بۆ یەکگرتوویی و هەنگاوی یەکسانی ژنان و پیاوان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئینسانییان بێ، بە پێچەوانەی هەموو ئەو پڕوپاگەندەی کە ڕێژیم کردی و ویستی ئەو دوو ڕەگەزە لەیەک دابڕێ، ئێستا هاوئاهەنگی و یەکهەڵوێستیی ئەوانە کە ڕێژیمی تووشی گەورەترین ترسی مێژووی خۆی واتە ڕووخان کردووەتەوە.

# پلانی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ئا: کاروان مێراوی**

ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ کوردی بەرانبەر بە ٢ی فێبریەی ٢٠٢٣ی زایینی، ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لەسەر پرسی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی لە دوارۆژی ڕزگاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیبەتێکی بۆ دوو پسپۆڕی زمانناسی کورد و پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خست کە لەو دیبەیتەدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەشداری کرد.

کەماڵ کەریمی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە "بەرنامە و پلانی زمانیی ئێوە بۆ چارەسەری کێشەی زمانی لە دوارۆژی ئێرانی فرەپێکهاتەدا چییە؟" گوتی: "ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و نەتەوەی جۆراوجۆری وەک کورد، بەلووچ، تورکمان، فارس، تورک، عەرەب و کاسپییەنی و کەمینەکانی تری تێدا دەژین. هەر بەو پێیە زمانی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی ئێران وەک زمانی کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لەو ناوچانەدا بەکار هاتووە و هەرکام لەم نەتەوانە لەنێو خۆیاندا بە زمانی خۆیان دواون. لەم وڵاتە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە و بەتایبەت دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزا شا و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە بە دروشمی یەک وڵات و یەک نەتەوە لە ئێراندا دەستی پێ کرد و لە سێ دەورەی دەسەڵاتداریی پەهلەویی یەکەم و دووهەم و کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی لە خوێندن و کار و بازاردا، بۆ لەناوبردنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵاتی ئێران و تەنانەت بە دروستکردنی فەزایەکی کولتووری و ڕەوانی بۆ بەشێک لە خەڵک کە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، یارمەتییان دەدات بەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا باشتر جێگە و پێگەی خۆیان ببیننەوە، هەوڵی زۆر دراوە. هەموو ئەم هەوڵانە لەو ماوەدا کە لە بیری شۆڤێنیستیی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک بەشێک لە سیاسەتی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی مێژوویی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران جگە لە فارس بووە لەو وڵاتە فرە پێکهاتەیەدا. بەڵام لە پاڵ ئەم نکۆڵیکردنە لە زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران و لەژێر هەموو ئەو گوشارانەی خراوەتە سەر چالاکوانانی پاراستنی زمانی کوردی وەک پێگەیەکی شوناسی نەتەوەییمان، دەبینین ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵات خەباتی خۆبەخشانەی چالاکانی پارێزەری زمانی کوردی، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی قوتابخانە و خولگەلێکی تایبەتیان کردووەتەوە و منداڵانی کورد فێری زمانی دایکی و نەتەوەیی خۆیان دەکەن و کردوویانەتە سەنگەرێک لە بەرانبەر هەوڵی سڕینەوەی زمانی دایکیان.

ئێمە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی شوناس و بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە، بەردەوام پێداگریمان لەوە کردووە کە ئەگەر تا ئێستاش دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ئێران ڕێگەی بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکە جگە لە فارسی لە ئێراندا نەداوە، دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکدا کە لە ئێران بێتە پێش، پێداگری لەسەر بەفەرمیناسینی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەک کە بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکانی دیکە کە لە ئێراندا بەیەکەوە دەژین، بکرێتەوە. بێگومان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەبێت زمانێکی پێوەندیی فەرمی بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتە هەبێت کە هەتا ئێستا زمانی فارسی ئەو پێگەیەی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی بە هۆی سەپاندنیشی بێت. بەڵام لەگەڵ بەفەرمیناسینی زمانی فارسی کە زمانی پێوەندییەکانی نێوان هەموو خەڵک و پێکهاتەکانی ناو ئێران بەیەکەوە دەبێت لەنێو یەکتردا، پێویستە زمانی کوردییش بەپێی یاسا وەکوو یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی فرەزمانیی ئێران لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا بە فەرمی بناسرێت و پلۆرالیزمی زمانی بپارێزرێت و بەتایبەت لە ئاستی سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردەکردندا، هەروەها لە کوردستانیشدا بۆ زمانی پەروەردەکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکوو بەرزترین پلەکانی خوێندن، زمانی فەرمیی حکوومەت، زمانی بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، زمانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژی و دیجیتاڵ، زمانی سەرجەم کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێندرێت".

بەڕێزیان لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە لەسەر "بەرنامەی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دوارۆژ لە کوردستان بەگشتی و بەتایبەت بۆ پرسی شێوەزار و لکەزارەکانی زمانی کوردی"، گوتی: "بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، گرینگیدان بە زمان و کولتووری نەتەوەییمان ئەرکێکی گرینگی بەردەممانە. بۆ ئەم مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی حیزبی و شۆڕشیشدا پلانی خۆی هەبووە. ئەگەر سەردەمی کۆمار بە نموونەیەکی بەرچاو دەبیندرێت کە پێم وایە بۆ هەموو لایەک ڕوونە و لە مێژووشدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە، دەزانن لە قۆناغی دواتردا کە تەنانەت کاتێک کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا قوتابخانەمان بۆ منداڵانی کوردستان کردەوە هەتا هەم لە خوێندن دوا نەکەون و هەم فێری زمانی کوردی ببن. حیزبی دێموکرات کۆڕی پەروەردەی دامەزراند و ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکانی حیزب لەژێر ناوی مامۆستای شۆڕشدا ئەرکی مامۆستای قوتابخانەکانیان گرتە ئەستۆ. دواتر و بەتایبەت لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا وەک باس کرا بەشێک لە چالاکوانانی نێوخۆ ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و لە فێرکردنی زمانی کوردیدا زەحمەتی زۆریان کێشا. بۆ داهاتووش لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ڕیشەدار و دەوڵەمەندە، دەکرێت بۆ بەهێزترکردنی هەوڵی جێخستنی شێوەزارێکی سەرەکی بدرێت و بکرێتە بناغەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد کە بەداخەوە هەتا ئێستا کورد لێی بێبەشە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی بدرێت بە ساغکردنەوەی ئەو شێوەزارانە کە بە جۆرێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی ئەوی ترەوە کە زمانی فارسییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دەزانین یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی ئەم زمانە، شێوەزارە جیاجیاکانیەتی کە بۆ پاڵپشتیی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەبێت پشتیان پێ ببەسترێت و کەڵکیان لێ وەرگیرێت. بەگشتی بۆ خوێندن و سەرجەم کاروباری فەرمیی حکوومەتی و پێوندیی نێوان ناوچەکانی کوردستان کە هەر کامەیان خاوەن شێوەزارێکی دیاریکراوی خۆیانن، دەکرێت یەکێک لە شێوەزارەکان کە تاکوو ئێستە زیاتر کوردیی ناوەندی (سۆرانی) بووە، بکرێت بە بنەمای زمانی بۆ گرێدانەوەی هەم ناوچەکانی کوردستان و هەمیش شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی، شێوەزارەکانی دیکە بۆ ئاخاوتن و کاری ئەدەبی، بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، ڕاگەیاندن و بەتایبەت ئامادەکردنی قامووسی ئەو شێوەزارانە یارمەتی بدرێن و ڕەسەنایەتییە کوردییەکەیان بپارێزرێت. بۆ ئەم کارەش دەکرێت لە قوتابخانەکاندا بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد لە شێعر، چیرۆک و ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارەکان کەڵک وەربگێردرێت".








ئاگری ئیسماعیلنژاد

ئەم ڕۆژانەی ئێستا ڕەنگە گرینگترین چرکەکانی مێژووی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن چون بێگومان هەر هەنگاوێکی کە لە ئێستادا هەڵدەهێندرێتەوە کارتێکەری لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات دەبێت. پرسیاری سەرەکیی ئەو وتارە ئەوەیە ئێستا دەتوانین چ جۆر سیاسەتێک بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرچاو بگرین؟

ئەگەر بمانەوە بۆ بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک ستراتیژی دیاری بکەین دەتوانین بڵێین: ستراتیژیی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات دابینکردنی مافی نەتەوەی کورد و لادانی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. ئەو بزوتنەوەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی خۆی بەربەستێکی لەسەر ڕێگایە، بەربەستەکە کۆماری ئیسلامییە. کە وایە ئێمەی کورد بۆ گەیشتن بە ستراتژی خۆمان ناچارین لە پێشدا کۆماری ئیسلامی بڕوخێنین.

لێرەدا ڕوون دەبێتە کە ستراتیژی ئێمە چییە و گەورەترین بەربەستمان چییە؟ کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستادا زیاتر لە هەمیشە لە دەوری شوناسی ئێتنیکیدا کۆ بۆتەوە و بەکورتی دەتوانن بڵێین کۆمەڵگەی ئێران ئێستا بەسەر شوناسی ئێتنیکیدا دابەش بووە؛ واتە تەنیا ژێرخانێک کە دەتوانێ خەڵکانێک لە ئێران لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە شوناسی ئێتنیکییە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین ئەو شوناسانە لە ئێراندا هەن و دەتوانین ڕێکخراوەی سیاسی بە دەسەڵات دامەزرێنن:

شوناسێکی ناوەندتەوەر کە شوناسی فارس_شیعەیە، کۆمەڵە شوناسێکی پەڕاوێزخستووە کە بریتین لە تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن.

لە نێو شوناسە پەڕاوێزخراوەکان شوناسی تورک لە ڕاستییدا شوناسێکی لێهاتووتەوەرە و لێهاتووانی تورکیش بەشێک لە خاکی کوردستان بە خاکی ئازەربایجان دەزانن و ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی شوناسی تورک لە زۆر بواردا خۆی لە بەرانبەر شوناسی کوردستانی بووندا پێناسە بکات، کە وایە ئەگەر بمانەوێت واقعبینانە سەیری کۆمەڵگەی ئێران بکەین، هەم شوناسی فارس_شیعە و هەم شوناسی تورک بە جۆرێک خۆیان لە بەرانبەر شوناسی کوردستانی بوون پێناسە دەکەن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەبێت درگای دیالۆگ و دانوستان لەو دوو شوناسە دابخەین.

پاش ئەو پێناسە گشتییە دەتوانین بڵێین ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چەند تایبەتمەندییان هەیە کە دەبێت لەبەر چاویان بگرین:

یەکەم: لە قۆناغی ئێستادا ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتیی شوناسی فارس دەکەن بەدەر لەوەی کۆماریخوازن یان شاخواز، خوازیاری ئەوەن بە لەبەرچاو گرتنی هێندێ ڕێوشوێن پێکهاتەی فارستەوەری یان فارس سەروەری بهێڵنەوە.

دووهەم: زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و خەڵکی ئێران گەیشتوونە ئەو باوەڕەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو سیستمێک دەبێت لادرێ.

سێهەم: بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی پێویستە هاودەنگییەک لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبێت.

هاوکات لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانە ئۆپۆزیسیون، ئێمە وەکوو کورد دەبێت لە چوونە نێو هەر چەشنە هاوپەیمانییەک کە ستراتیژی سەرەکیی بزوتنەوەی کوردستان لەبەر چاو نەبێت، خۆبپارێزین؛ ڕوونە کە مەبەست لە ستراتژی ئەو ستراتێژییە کە لە سەرەوەدا باسی لێکرا.

کەوایە ئێمە لە دۆخێکی وا ئاوادەین:

بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس دەیەوێت پێکهاتەی فارس سەروەری کە لە ڕاستییدا بنەمایی هەڵاواردنەکانی کورد و نەتەوەکانیتره پاش گۆڕانی ڕێژیم ڕابگرێت، هاوکات ئێمە بەتەنیا یان تەنانەت بە هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش ناتوانین هێزێک پێکبینین کە کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ.

لێرەدا دەبێت بڵێین لە دۆخێکداین کە ئەگەر هاوپەیمانییەکی بەرین لەگەڵ ئۆپۆزیسیون فارس سازبکەین، ئەو هاوپەیمانییە دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی پێکهاتەی فارسسەروەری کە ژێرخانی هەڵاواردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هاوکات سازنەکردنی هاوپەیمانی دەتوانێ دوو مەترسیی پێوە بێت:

یەکەم: شانسی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەباتە سەرێ.

دووهەم: ئەگەری ئەوە هەیە بەرەیەک ساز بێت و ئەو بەرەیە وەکوو هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات بزووتنەوەی کوردستان پەراوێز بخات.

ئەگەر کۆی قەیرانەکانی پێش دەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ستراتیژیی ئەو بزووتنەوەیە لەبەر چاو بگرین، دەتوانین بۆ ئەوەی مەترسییەکان کەم بکەینەوە و ئەگەری گەیشتن بە ئامانج زیاتر بکەین، گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراوی خوارەوە وەکوو بنەمای کاری سیاسی بزوتنەوەی کوردستان دیاری بکەین.

لە کوردستان ناوەندی هاوکاری بەرین بکرێتەوە، لە ئاستی ئێراندا لەسەر دوو بنەمایی هەوڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیم و هەوڵ بۆ دەستبەرکردنی مافی نەتەوەی کورد هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە بکرێت و بەو پێیە سێ ئاست بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدەر لە ئێتنیک داندرێ، ئاستەکان بریتی بن لە:

**١– هاوپەیمان**

ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیون دەبێت دوو تایبەتمەندیی هەبێت:

یەکەم: باوەری بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بێت.

دووهەم: ستراتیژیی سیاسیی ئەوە نەبێت کە پێکهاتەی فارسسەروەر بپارێزێ.

**٢– دۆست**

لایەنێکە کە لەسەر ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یەکلا بۆتەوە، بەڵام لێی دڵنیا نین کە ستراتیژیی فارسسەروەریی نییە؛ ئۆپۆزیسیۆنی تورکیش کە گێچەڵی خاک بە کوردستان دەکات لەو بەشەدا دەگونجێ.

**٣– هاوکار**

لایەنێکە دڵنیاین لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یەکلابۆتەوە، بەڵام ئەگەری ئەوەی بیەوێت سیستمی فارسسەروەر بپارێزێ ، ئەگەرێکی زۆرە.

بە پێی ئەو دابەشکارییە دەتوانین ڕایەڵەیەک سازبکەین کە ناوەندی هاوکاری کوردستان لە ناوەندی ئەو ڕایەڵەیەدا بێت. هاوکات هێندێ هاوپەیمانی وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، شورای دێمۆکراسیخوازان و هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا بکرێت بەشێک لە گرێکانی ناو ئەو ڕایەڵەیە، و باقی لایەنەکانیتر کە لە توێی دۆست و هاوکار دادەبن لە ڕایەڵەکەدا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام تەنیا لە پرۆژەی تایبەت و لە قۆناغی تایبەتدا ئەو ڕۆڵەیان دەدرێتێ واتە بۆ وێنە بۆ خۆپیشاندانێک هاوکارییان دەکرێت یان داوای هاوکارییان لێدەکرێت، یان بۆ ڕێکخستنی ئەکسیۆنێکی تایبەت لە نێوخۆی ئێران هاوکارییان لەگەڵ دەکرێت.

لە ئاستی سیاسەتی گشتییشدا سیاسەتی ناوەندەکانی نێو ئەو ڕایەڵەیە دەبێت، ئەوە بێت کە بانگەشە بۆ فکری خۆیان بکەن، نەک دژکردەوە لە بەرانبەر فکری بەرانبەرەکەیان نیشان بدەن.

قازانجی ئەو ڕایەڵەیە ئەوەیە کە دەتوانین بە شێوەی کاتی لەسەر پرۆژەی ڕووخانی ڕێژیم هاوکاری چەند لایەنە بکەین، بەڵام هاوکات جیاوازی ئەو ڕایەڵەیە لەگەڵ پرۆژەی هاوپەیمانی بە شێوەی کلاسیک ئەوەیە کە لە گەڵاڵەی ڕایەڵەییدا دەتوانین پێش بەوە بگرین کە لە ناوەندی ئێران هێزێک ببێتە هێزی سەرەکی. ئەوەی لە ناوەندی ئێران هێزێک نەبێتە هێزی سەرەکی ئەگەری پێشگرتن بە پاراستنی سیستمی فارسسەروەری دەباتە سەرێ و هاوکات پێش بەوە دەگرێت کە لە داهاتوودا هێزێکی سیاسی ژێرخانی نیزامی ئێران بۆ ئامانجی خۆی بەکار بێنێ.

کورتی بابەتەکە ئەوەیە کە گەڵاڵەی ڕایەڵەی هاوکات دەتوانێ کۆهێزییەک لە دژی کۆماری ئیسلامی کۆ بکاتەوە بەبێ ئەوەی لایەنێک بتوانێ لەو گەڵاڵەیدا ببێتە هێزی سەرەکیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئەوەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا هێزێکی سەرەکی ساز نەبێت بەستێنی دامەزرانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک دەخولقێنێ.

# "مولدسازی دارایی های دولت"، فێڵێک بۆ بەتاڵانبردنی سامانی گشتی و بەهێزکردنی ئۆلیگارشیی خامنەیی



سولێمان تاشان

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە پاساوی پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە و بە بیانووی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت دەستی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی بەناو یاسایی کردووە کە لە ڕاستیدا فێڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و بەهۆیەوە بەشێکی زۆر لە سامانی نیشتمانیی و دەوڵەت هەرزانفرۆش دەکات و لە گیرفانی دەوڵەتەوە بۆ گیرفانی چەند کەس و دامەزراوەیەکی سەر بە عەلی خامنەیی دەگوازێتەوە.

پڕۆژەکە لەژێر ناوی "مولدسازی دارایی های دولت"ە و ئامانج لێی فرۆشتنی سەرجەم ئەو موڵک و زەوی و کارخانە و دامەزراوانەیە کە وەزارەت و بانکە جیاوازەکانی دەوڵەت خاوەندارێتی دەکەن و بە موڵکی گشتی و نیشتمانیی هەژمار دەکرێن. ئەو دامەزراوانە لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئیسلامیی هیچ قازانجێکیان نییە و هەندێکیان خەرجییەکانیان لە قازانجیان زیاترە و بۆیە وا بە پێویست زانراوە لە قۆناغی یەکەمدا، سەرجەمیان لە لایەن دەستەیەکی حەوت کەسی بەدواداچوون و پشکنینیان بۆ بکرێت و هەر ئەو لیژنەیە هەڵسەنگاندن بۆ موڵکەکان بکەن و بەو ڕێکارەی خۆیان دەستنیشانی دەکەن، بیانفرۆشن و پارە و داهاتەکەی بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە، بەکار بێنن و بەشێکیشی بۆ پڕۆژە نیوەچڵەکان لە وەزارەتەکان تەرخان بکەن.

پێشنیاری دامەزراندنی دەستەیەک بۆ فرۆشتنی موڵک وماڵی دەوڵەت لە ساڵی ١٣٩٩ لە لایەن عەلی خامنەیی درایە ئەنجوومەنی باڵای هەماهەنگیی ئابووریی سەرانی سێ دەسەڵات و دواجار گەڵاڵەنامەی داڕێژراوی ئەو ئەنجوومەنە لە هەمان ساڵ و لە کۆتاییەکانی کابینەی حەسەن ڕووحانی، لە چوارچێوەی کارگرووپدا پەسند کرا، بەڵام لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، بە دەسەڵاتێکی بێسنوور، بە دەستەیەکی حەوت کەسی سپێردرا. جگە لە یاریدەدەری سەرۆک کۆمار، چوار وەزیر و سەرۆک ڕێکخراوێک و نوێنەری هەر یەک لە پەرلەمان و دەزگای داد، بەشدارن.

### پارێزبەندیی یاسایی

حەوت کەسەکە پارێزبەندیی یاساییان لەلایەن عەلی خامنەیی پێ دراوە و ١٠٠% سەربەست کراون لەوەی لە وەزارەت و دامەزراوەکاندا بە دوای ئەو موڵک و شوێنانە بگەڕێن، بیاندۆزنەوە و لە چوارچێوەی ڕێکارێک کە هەر خۆیان دەزانن چۆنە و هیچ شەفافیەتێکی تێدا نییە، بیانفرۆشن.

فرۆشتنی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە کابینەکانی تریشدا هەبووە بەڵام ئەم جارە جیاوازییەکەی ئەوەیە دەرگای دزیی و تاڵان زۆر ئاوەڵاتر کردووە و هیچ کەسێک و دامەزراوەیەک ناتوانێت، لێپێچینەوە بکات. عەلی خامنەیی و حەوت کەسەکە، دەسەڵاتی ڕەهای فرۆشتنی موڵک و ماڵی دەوڵەتیان پێدراوە. لە کابینەکانی پێشوو ژمارەیەکی زۆر کارخانە و دامەزراوە فرۆشران و گەندەڵییەکی زۆر کرا و کەسانێک بە دادگا سپێردران و تەنانەت حوکم دران، ژمارەیەکی زۆری کرێکار کە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەتی گواسترانەوە زەرەرمەند بوو. عەلی خامنەیی ئەم جارە ویستوویەتی بە بێ هیچ کێشە و بەربەستێک پیلانەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە پارێزبەندی پێیان داوە تا نە پەرلەمان و نە دەزگای داد و نە هیچ وەزارەتێک نەتوانن بەربەست و تەگەرەی بۆ بهێننە کایەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە گەڵاڵەی پەسندکراو زوو ڕەخنەی توندی یاساناسان و چاودێرانی سیاسی و پسپۆڕانی ئابووری و تەنانەت بەشێک لە لێپرسراوانی ڕێژیمی ئیسلامیی لێ کەوتەوە و بە پڕۆژەیەکیان دانا کە جگە لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و کردنەوەی دەرگای گەندەڵیی و دزیی، هیچ شتێکی تری لێ شین نابێت. هەر لەم دواییانەدا شەش وەزیری پێشووی پەروەردە لە نامەیەکدا دەوڵەتیان لە فرۆشتنی قوتابخانە و موڵکەکانی سەر بەو وەزارەتە وریا کردەوە و بە کارێکی نایاساییان دانا.

### پاساوەکان نالۆژیکین

پاساوی سەرەکیی ڕێژیم بۆ فرۆشتنی موڵک و ماڵی دەوڵەت لەلایەک بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە و لەلایەکی تر بۆ وەگەڕخستنەوەی پڕۆژە نیوەچڵەکانە، بەڵام داتاکان دەری دەخەن، هەر دوو پاساو بێبنەمان.

بەپێی ڕەشنووسی بودجەی ساڵی ١٤٠٢ کە لە پەرلەمانە و هێشتا پەسند نەکراوە، کۆی بودجە بە نزیکەی پێنج هەزار و ٢٠٠ تریلیۆن تمەن دەستنیشان کراوە و سەرووی ٣٠٠ تریلیۆنی کورتهێنانە. ئەمە پێوەری مانگ و نیوێک لەمەوبەرە و هی کاتێکە نرخی دۆلار ٤٢ هەزار تمەن بوو. وەک لە گەڵاڵەکەدا باس کراوە حکوومەت دەیەوێت بەم کارەی و بە فرۆشتنی ئەو موڵک و ماڵەی دەوڵەت، ١٠٣ تریلیۆن تمەن کۆ بکاتەوە. بەپێی ئەم بودجەیە ڕێژەی ئەو باج و ماڵیاتەی قەرارە بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت و بەشێک لە داهاتی بودجەی پێ پڕ بکرێتەوە سەرووی ٨٠٠ تریلیۆن تمەنە. ئەگەر حکوومەت وا بە ئاسانی بتوانێت ٨٠٠ تریلیۆن تمەن کۆ بکاتەوە ئیتر بۆ کۆکردنەوەی داهاتی ١٠٣ تریلیۆن تمەن ناچێت خۆی ڕیسوا بکات، جگە لەمە بە پێوەری نرخی ئێستای دۆلار، لانی کەم بە ڕێژەی ٣٠% بارەکەی سووکتر بووە.

ئامار و داتاکان دەری دەخەن ئەوەی ڕوو دەدات فڕی بە پڕکردنەوەی بودجە نییە چونکە بەهای ئەو بڕە کورتهێنانەی قەرارە بەم گەڵاڵەیە پڕ بکرێتەوە کەمترە لە ٢%ی کۆی بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی ١٤٠٢ی ئێران.



دوای ئەوەی بەهای دۆلار لە ماوەی کەمتر لە مانگێک لە ٤٠ هەزار تمەنەوە گەیشتە ٦٠ هەزار تمەن، بەهای ڕاستەقینەی ڕەشنووسی بودجە بە دۆلار لە ماوەی کەمتر لە مانگێک لە ١٣٠ میلیارد دۆلارەوە بۆ خوارووی ٩٠ میلیارد دۆلار دابەزیوە، واتە قسە لە دابەزینی ٣٠%ی بەهای بودجە دەکرێ کە بووەتە کێشەی نوێی ڕەشنووسی بودجەکە و ئەو پێویستییە هاتۆتە کایەوە قەبارەی بودجەکە لە ڕووی ژمارەوە بە ڕێژەی ٣٠% بەرز بکرێتەوە تا بگاتە بەهای ڕاستەقینەی خۆی.

### فرۆشتنی موڵکی دەوڵەت

فرۆشتنی بەشێک لە موڵکی دەوڵەت شتێک نییە قەدەغەکراو بێ، بەڵام دەوڵەتان لە چوارچێوەی یاسا و شەفافیەت و چاودێریی دەزگا نیشتمانییەکان و پەرلەمان، هەندێک جار موڵکیان لە پێناو خەڵک و بەرژەوەندیی نیشتمانیی دەفرۆشن.

لەو جۆرە فرۆشتنەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هاووڵاتییان ناکرێت، دواجار بەگەڕخستنەوەی موڵکەکان لای کەرتی تایبەت دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار و بەرهەمهێنانی سەرمایەی زیاتر و لای دەوڵەتیش داهاتێک دەستەبەر دەبێ کە دەتوانێ بۆ پەرەپێدانی وڵات بەکاری بهێنێت.

پڕۆسەکە لە ئێران لە ڕابردووشدا تاقی کراوەتەوە و بەهۆی نەبوونی ئەو تایبەتمەندییانەی باسیان لێوە کرا، جگە لە زیان هیچ سوودێکیان بۆ خەڵک نەبووە. بۆ نموونە کارخانەی نەیشەکەری هەفتتەپە کە لە دەیەی چلی هەتاوی بنیات نراوە لە دوای شۆڕش بە وەزارەتی پیشەسازی سپێردرا و لە ساڵی ١٣٩٤ و لە چوارچێوەی ئەسڵی ٤٤و لە پڕۆسەی خسووسیسازی بە نرخێکی هەرزان بە دوو کۆمپانیا فرۆشرا، بەڵام دواتر هەم کارخانەکە و هەم ئەوانەش کە کاریان تێدا دەکرد زیانێکی زۆریان بەرکەوت و دەیان خۆپێشاندان و مانگرتنیان کردووە و هێشتا نەتوانراوە مافی کرێکارانی کارخانەکە دەستەبەر بکرێت.

لە هەمووی گرنگتر لە ئێران کەرتی تایبەت یان "بەخشی خسووسی" زۆر لاوازە و لە ڕاستیدا بە پێی پێناسەی ڕۆژ، ئەو کەرتە هەر بوونی نییە. لە ئێران ئەوەی هەیە یان هی دەوڵەتە یان هی ئەو کۆمپانیا و ئەو دامەزراوانەن کە بە دەوڵەتی سێبەر هەژمار دەکرێن و کەرتی تایبەت لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسکدا چالاکی هەیە.

### ئامانجە سەرەکییەکە

کۆی لێکدانەوەکان دەیسەلمێنن کە خامنەیی لە ڕێی ئەم کارەوە دەیەوێت توانا ئابوورییەکانی ڕێکخراو و کۆمپانیا و دامەزراوە متمانەپێکراوەکانی خۆی بەهێز بکات. وەک ئاشکرایە خامنەیی خاوەنی دەیان دامەزراوەی مەزهەبی، ئابووری، بازرگانی، خێرخوازی، سەربازی و میدیاییە و بەشێکیان لە بەرگی کەرتی تایبەتدا کار دەکەن. بەپێی هەندێک سەرچاوە سەرووی ٦٠%ی ئابووری ئێران ڕاستەوخۆ لەژێر دەستی عەلی خامنەیی‌دایە و ساڵانە بەدەر لەو داهات و بودجەیەی لە یاسای بودجە بۆ پلان و پڕۆژەکانی خامنەییی تەرخان دەکرێ، ئەوا ئەو دامەزراوانەش بە ملیاران دۆلاریان دەست دەکەوێت کە تەنانەت باج و ماڵیاتیشی لێ دەرناکەن و بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکیی، کڕینی چەک و پارەدارکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و هەناردەکردنی شۆڕش و سەرکوتکردنی خەڵک بەکاریان دەهێنێت.

لە میانەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، کە تەمەنەکەی خەریکە لە شەش مانگ نزیک دەبێتەوە، گەورەترین گورز بەر کۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتووە و لەم دواییانەدا تەنانەت بەشێک لە هێزەکانی ڕێژیم هەڵوەریون و لەوەتەی کۆماری ئیسلامی دامەزراوە، هیچ کاتێک هێندەی ئێستای لاواز نەبووە.

خامنەیی کە باش دەزانێت ڕێژیمەکەی لاواز بووە و گەورەترین قەیران بەرۆکی گرتووە و تەنها ئامرازی سەرکوتکردنی بەدەستەوە ماوە، دەخوازێت ئامرازەکە بەهێزتر بکات. "مولد سازی داراییهای دولت" ئاسانترین ڕێگایە بۆ پارەدارکردنی دامەزراوەکانی خامنەیی. ئەو 103 تریلیۆن تمەنەش کە باسی لێوە دەکرێ قەرارە بەم پڕۆسەیە دەستەبەر بێ تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتییە، ئەگەرنا بەهای ئەو موڵک و دامەزراوانەی بڕیارە لە دوو ساڵدا بفرۆشرێن، دەیان هێندە زیاترن.

خامنەیی لە ناو بازنە پاوانخوازەکەی خۆیدا دەیەوێت زۆرترین هێز و توانا کۆ بکاتەوە و لە ڕێی نزیکترین و باوەڕپێکراوترین دامەزراوەکانی، پەرە بە ئۆلیگارشیی خۆی بدات و بۆ هەموو ئەگەرێک لە داهاتوودا بەکاریان بهێنێت. مەترسی ئەوە لە ئارادایە تەنانەت دوای مردنی خامنەیی و کۆتایی‌هاتنی ڕێژیمی ئیسلامیش، بەشێک لەو سامانە هەرگیز نەگەڕێتەوە دەستی خەڵک، چونکە دامەزراوەکانی خامنەیی بوونەتە خاوەنی دەیان کۆمپانیا و ئەو کۆمپانیایانەش خۆیان دەیان لقی کۆمپانیای تریان لە کەرتە جیاوازەکان هەیە و بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات وەبەرهێنانیان کردووە و دۆزینەوەیان و لێپرسینەوەیان کارێکی ئاسان نییە و تەنیا سەرخستنی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەتوانێت ڕیسەکەیان لێ بکاتەوە بە خوری.

---

دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە دارتەرمی مێژوویەک

ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی" خەوی هەموو لایەکی زڕاند. بێچووەپاشا و کوڕە هەژار و فەرخە ئاخوند و تەنانەت منی نووسەر و ئەگەر نووسەر بم و تۆی خوێنەریش ئەگەر خوێنەر بی، ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە بە توندی هەڵیبەزاندووینەوە.

بەر لە هەموان کوڕەگەورەکەی حەمەڕەزای خۆمان، پاش چل و چەند ساڵ خواردن و ڕیتنەوەی بێحیساب و کیتاب، دوای ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشی ژینا و بەرزبوونەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، هەوای پاشایاتی لە کەللەی دا و لە شۆکی چل و چەند ساڵە هاتە دەر و بەباشی زانی وەک سوارچاکی لێهاتوو هەوساری سەرهەڵدانەکە بگرێتە دەست و خۆی باوێتە سەر پشتی و ئەسپی خەیاڵی بەرەو کۆشکی پاشایەتی لینگ بدات. پادشای خەیاڵاویی داهاتوومان بە ژێر سێبەری ئاپۆرای خەڵکی ڕاپەڕیودا دەڕوات و "خەیاڵاوی دەیڕوانێت". واهەست دەکات بە جادەی چۆڵ و سێبەردا دەڕوات. جادەیەک دوای ڕاکردنی باوکی و دامەزرانی جێگرەوە ئاخوندەکانی، نە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی تێدا تیرۆر کراوە و نە هەزاران پێشمرگەی شۆڕشگێڕ و ژن و پیاو و منداڵی کوردی تێدا شەهید کراون و نە بە هەزاران کەس لە زیندانان‌دا بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵ گوزراونتەوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی وەک " ئەسپەک" لەسەری شای خەیاڵاویی داوە و گێژی کردووە. ئەو لێی تێکچووە نێرینەیە و وادەزانێت کچەگەورەی باوکیەتی و حەمەی باوکی بە زیندوویی سەری خۆی تاجی پاشایەتیی ناوەتە سەر. هەر لەبەر ئەئەمەشە خەریکە دروشمەکە بۆ "ژن، ژیان، شاهەنشا" بگۆڕێت.

ئەم کابرایە ڕەنگە لێی شێوابێت و دروشمەکەی بە "پیاو، ژیان، ئازادی" تێگەیشتبێت، ئەگینا لە گشتمان خاستر دەزانێت خانەوادەی موحتەڕەمی پەهلەوی لەنێو خێزانی خۆشیاندا "شلەی بۆگەن"یشیان بە کڵاوی کچ و خوشکانیان نەپێواوە.

ئەم میرزا ڕەزایەی خەیاڵی پاشایەتی هەڵیگرتووە، لایەنگرانیشی لە خۆی گەوجترن. دوای ئەوەی ماڵپەڕی بی.بی.سی لە توێتێکدا بەشێک لە لێدوانی لێپرسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە شەرمەزارکردنی نزیکبوونەوەی خەباتگێڕان لە کوڕی شای کۆنی بڵاو کردەوە، بەندە یانی "دارسمە"ی نووسەری ئەم دێڕانە هەموو تێچێن و کۆمێنتەکانی لایەنگرانی پاشام لەژێر توویتەکەی "بی.بی.سی" دا خویندنەوە. لە کۆی سەدان تێچین، نزیکەی ٩٠ لەسەدیان نووسەرانیان زمان شڕیان کردبوو و باسی ئەسپابەکەی نێوگەڵی خۆیان کردبوو. لە ئەنجامی لێکدانەوەی بەندەی موخلیستاندا وا دەرکەوت لایەنگرانی کوڕی شای ماوەبەسەرچوو باڵەخانەی سەروویان بەکرێ داوە و بەشێوەیەکی کاتی یان بۆ هەمیشە بارگە و بنەی ئەندێشە و تێگەیشتنیان بەرەو نێوگەڵیان گواستووەتەوە.

بەداخێکی گرانەوە ئاخوندان پێچەوانەی شازادە لە پەڕی قوودا نەخەوتوون و وەک کەروێشکی خەواڵوو بازرەی دەشت و دەر و چیاوچۆڵی سیاسەت و میاسەت نەبوون و باڵەخانەی سەروویان بەکرێ نەداوە و ملۆزمی خۆیانی تێدا بەخێو دەکەن. ئەوان دوای زیاتر لە چل ساڵ ئەزموونی دەستەڵات، لە وەشاندنی جووتە و شەقۆن بەردەوام بوون و فکرێکی دیکەیان لە حاڵی خۆیان کردەوە.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دوای بەردەوامیی نزیکەی ساڵێک خەباتی خەڵکی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ژنان، وای لە ئاخوندان کرد هەست بکەن ئێستا تا ڕادەیەک توانیویانە قەیرانەکە ڕابگرن، بەڵام لەترسی داهاتووی زۆر نزیک و دووریش دونیایان لێ بوو بە چەرمی چۆلەکە. دروشمی ژن، ژیان ئازادی هەروا بەردەوام و ژنان بە پیر و لاویانەوە دەستیان خستووەتە بینەقاقای کۆنەپەرستی و ها ئەمڕۆ و سبەی بیخنکێنن.

ئاخوندان لە هەنگاوێکی نوێدا دژی ڕەگ و ڕیشەی ژن و ژیان وەستاونەتەوە و خەریکی شیمیایی‌باران کردنی قوتابخانەی کچانن. ئەوان ژاری شیمیایی دەدەنە کچانی بچووک و پێیان وایە ئەم گورزەیان ئەمڕۆ و داهاتووش دەگرێتەوە. کاروانی شیمیایی‌باران کردنی کچانی بچووک ئێستا ڕۆژێک لە قوم و ڕۆژێک لە تاران و ڕۆژێکی دیکە لە خوڕڕەمئاوا و خووزستانە. ئامانجی کورتخایەنیان ئەمەیە خەڵک دروشمی لێدە لە بەیتی ڕەهبەری بۆ دروشمی "کۆتایی‌هێنان بە ژاراویکردنی کچان" بگۆڕن و بۆ داهاتووش بە وازهێنانی کچان لە قوتابخانە و خوێندن ژنانی داهاتوو بە نەخوێندەواری بمێننەوە.

لە بەرانبەردا ئازادیخواز و خەباتگێڕانیش تابووتێکیان لە کەرەستەی پتەوی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵبەستووە و لاشەی دوو دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیان خستووەتە سەر و بەرەو لێواری دۆزخ شانیان داوەتە بەر، بەڵام جاری پەلەقاژەی هەردوو مەیتەکە لە نێو "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەردەوامە.



# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:842 6 March 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کۆچی دوایی یوگێنیا کوردناسی بە ناو بانگی ڕووس

یوگێنیا ئیلینیچنا واسیلیەوا دوکتورای زانستی مێژوو، ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بە ناوبانگی ڕووس ڕۆژی ١٥ی فێوریەی ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کرد.

ی. واسیلیەوا لە ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی کییویتس سەر بە ناوچەی نۆوۆگۆردی ڕووسیە لەدایکبوو. لە دێسامبری ساڵی ١٩٤٤ ماڵیان چووە شاری لێنینگراد و لە ساڵی ١٩٥٣ پاش تەواوکردنی قوتابخانە، لە زانکۆی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگای دەوڵەتی لێنینگراد لە بەشی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا درێژەی بە خوێندن دا. پاش تەواوکردنی زانکۆ، لە یەکی ئاگوستی ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ٢٠١٦ لە ئاکادێمی زانستی ڕووسیە، زانکۆی دەستنووسەکانی ڕۆژهەڵات (سانکت پێترزبورگ) کاری کرد. کاری سەرەکیی ئەو لە پێوەندیی لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستان لە سەدەکانی ناونجی و سەردەمی نوێ بوو. لە ساڵی ١٩٩٢ تێزی دوکتوراکەی لە پێوەندی لەگەڵ «باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان» بوو.

بەشێک لە کتێبەکانی واسیلیەوا بریتین لە:

١. باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەی ١٦ تا ١٩. سەرچاوە لەسەر مێژووی میرنشینە کوردییەکانی ئەردەڵان و بابان. ساڵی ٢٠١٦

٢. مێژوونووسی سەبارەت بە هۆزە کوردەکان (لە شەرەفخان بدلیسییەوە- سەدەی ١٦ تا میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی- سەدەی ١٩). ساڵی ٢٠١٢



٣. هۆزی کورد لە سەرچاوە و بڵاوکراوەکاندا ٢٠٠٥

٤. شەرەفخان بدلیسی، سەردەم، ژیان. هەمیشە زیندو٢٠٠٣

و دەیان کتێب، نامیلکە و بابەتی گرینگ سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان


## حەسەن شەریعەتمەداری: حیزبی دێموکرات دەبێ دەستپێشخەری بکات و لایەنەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حەسەن شەریعەتمەداری، سکرتێری شۆرای گوزار، لە بەرنامەی ‹‹کەندوکاو›› لەسەر ‹‹ئایا ئۆپۆزیسیونی دژبەری ڕێژیمی ئێران بەرەوە هاوپەیمانییەکی سیاسی دەڕۆنە پێش››، بەشدار بوون. حەسەن شەریعەتمەداری لەو وتووێژەدا گوتی دەبێ حیزبی دێموکرات دەسپێشخەری بکات و لایەنەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە و ئاڵتێرناتیڤ دروست بکرێت.

لەو وتووێژەدا کە ڕۆژی هەینی ٥ی ڕەشەمە بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات وێڕای ئاوڕدانەوە لە یەکگرتوویی گەلانی ئێران و دروشمەکانی خەڵک لە شۆڕشی ژینا، باسی لەو کرد کە دەبێ هاوپەیمانی و ئاڵتێرناتیڤسازی لە ڕاستای پشتبەستن بە داواکارییەکانی خەڵک و جێگیرکردنی دێموکراسی و وەلانانی ناوەندگەرایی و بەشداریی هەموو گەلانی ئێران و یەکتر تەحمولکردنی هێزە سیاسیەکان بڕواتە پێش. لەو وتووێژەدا حەسەن شەریعەتمەداری، سکرتێری شۆرای گوزار لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستپێشخەری بکات و لایەنەکانی دیکە بانگ بکات و لە کۆنفڕاسێکدا بۆ یەکگرتوویی، باس لە کێشەکان بکەن کە چۆن دەتوانن چارەسەری بکەن.

ناوبراو باسی لەوە کرد، لە ئێستادا فرەچەشنی لە ئێران بۆ زۆربەی لایەنەکان سەلمێندراوە و چەند کەسی ناسراو ناتوانن نوێنەری هەموو ئیتنیک و کۆمەڵگەی ئێران بن، بۆیە دەبێ هەموو لایەنێک بۆ ڕێککەوتن لەسەر داهاتووی ئێران بەشدارییان هەبێت.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی ئەو وتووێژەدا باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو لایەن و کەسایەتییانەی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، ناناوەندگەرایی و سێکۆلاریزم هەیە و گەڕانەوە بۆ سەر سیستمی حکومڕانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە، خاڵی هاوبەشی زۆری هەیە و بۆ یەکگرتوویی لە داهاتوودا بەربەستێکی وا نابینێت.



بەڕێزیان هەروەها لەسەر بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە گوتی کە سپای پاسداران تەنیا کەرستەیەکی ئەمنییەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لە ڕاستیدا ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و نابێ بە بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێتاوان پێشان بدرێت.

## سیمیناری پێگەی ژنان لە خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا




ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی ١١ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، سیمینارێکی بەڕێوە برد.

لەو سیمینارەدا فاتمە عوسمانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات باسی لە ڕۆڵی ژنان لە خەباتی ئاشکرا و نهێنیی حیزبی دێموکراتدا کرد و گوتی: لە مێژووی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا گرینگییەکی تایبەت بە ژنان دراوە، لە کۆماری کوردستاندا مەکتەب و قوتابخانەی بۆ ژنان داناوە و ئەو کاریگەرییانەی کە حیزبی دێموکرات لە کۆماری کوردستان هەیبوو ژنانیشی لێ بێبەش نەکردووە.

ناوبراو باسی لەوە کرد کە خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگی هەبووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا هەر بە پیرۆزی ماوەتەوە و خوێندەواریی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان بەشێک لە خەباتی حیزبی دێموکراتە کە ئێستاش وای کردووە کە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاردانی ئۆپۆزیسیۆن جێگە و پێگەی تایبەتیان هەبێت. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ژنان ئاگاهانە و بە زانیارییەوە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەر بکەون. هەروەها یەکەیتیی ژنان لە کۆماردا دامەزرا و تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی بەردەوامە.

لە بەشی کۆتایی سیمینارەکەدا بەشداربووان بە سەرنج و تێبینییەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

### بەر لە ماڵاوایی

## ئەو جۆرەی گەل دەیهەوێ



تاهیر قاسمی

بەدەر لەوە کە لە ئێران ڕۆژانە چەندە خەڵک لەسەر شەقامن، چ دروشمێک دەڵێنەوە یان تا چەند دەکەونە بەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئێران لە حاڵی شۆڕش و گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتیدایە. ئەوە بابەتێکە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەسەری کۆکن. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا خەڵکی ئێران بە هەموو لایەکیان پێشان دا کە ئەم ڕێژیمە چیدی لەنێو خەڵکی ئێراندا جێگای نەماوە.

ڕوون نییە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چەندە دەکێشێ و چ قۆناغگەلێک تێپەڕ دەکا. ڕێژیمێک کە وەک ئۆختاپووس پەلی بۆ زۆر شوێن هاویشتووە و چل ساڵە خۆی بۆ نەڕووخان تەیار دەکا، سروشتییە بەئاسانی دەست لە دەسەڵات بەرنادا. لەم چل و چەند ساڵەدا ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و بەو پووڵە زۆرەی ساڵانە لە فرۆشی نەوتی ئێران دەستی دەکەوێ، هەم لەباری چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی سەرکوت خۆی یەکجار بەهێز کردووە و هەم پەلی بۆ زۆر شوێنیان هاویشتووە و لە زۆر وڵاتان چنگی گیر کردووە. بەڵام بە هەموو ئەو هەڵسووکەوتانەی بەرامبەر بە خەڵک و لە شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتدا دەردەکەوێ، ڕوونە کە ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە لە هەمووان زیاتر دەزانن کە ئیدی جێگایان لەنێو خەڵکدا نەماوە. جا ئەوە کە چەند مانگ یان چەند ساڵی دیکە دەتوانن خۆ ڕابگرن و بمێننەوە، لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ڕۆیشتن و ڕووخانی مسۆگەرە.

لەم نێوەدا ئەوەی کەڵکەڵەی خەڵک بە تایبەت نەتەوە و ڕەگەز و ئایینە هەرە ستەملێکراوەکانە، ئەوەیە کە بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە کێ جێی دەگرێتەوە و داهاتووی مافەکانی ئەوان لە ڕێژیمی داهاتوودا چۆن دەبێ؟ لەم نێوەشدا بەپێی ماوەی خەبات و ڕادەی قوربانیدان، خەم و نیگەرانییەکانی گەلی کورد لە سەرەوەی نیگەرانییەکانی زۆربەی گەلان و ستەملێکراوەکانی دیکەیە. نەتەوەیەک کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لەسەر ماف و ئازادییەکانی خۆی درێژەی بەو خەباتە دا کە تا ئەودەم زیاتر لە نیو سەدە بوو دژ بە ڕێژیمی تازەڕووخاو لەئارادا بوو. لەسەر بنەمای ئەم پێشینەی خەباتە، کورد لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، زیاترین حزووری لەسەر شەقامەکان هەبووە، زیاترین مانگرتنی گشتی بەڕێوە بردووە و زیاترین تێچووی گیانی و دارایی پێشکەش بەو سەرهەڵدانە کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش کوردان بە شێوەی بەردەوام لە زۆربەی پێتەخت و شارە گرینگەکانی جیهان بە دەیان جار خۆپێشاندان و کۆبووەیان دژ بە ڕێژیم و بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی نێوخۆ ڕێک خستووە و لەهەر خۆپێشاندان و گردبوونەوەیەکی ئێرانییەکاندا بە بەرچاوترین شێوە و زیاترین ڕێژە ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانیان شەکاندوەتەوە.

لەگەڵ درێژەکێشانی شۆڕش و چالاکیی گەل لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و لەگەڵ ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازییە، ئەوەی کە دەبێ بەرهەمی ئەو ڕەنج و قوربانیدانە بە دروستترین و باشترین شێوە، بە قازانجی پێشخستنی چارەسەری پرسی ئەم نەتەوەیە بچنێتەوە، حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن. بەشی زۆری ئەو چالاکی و فیداکارییانەی خەڵک لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا کردیان، لەسەر بانگەواز و بە پێی ڕێنماییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بوو. ئەوان لەسەر بانگەوازی ناوەند، هاتنەسەر شەقام، دووکان و بازاڕیان داخست، بریندار بوون، بێڕێزییان پێ کرا و خوێنیان دا. ڕەنگە زۆریان هەر بۆیان گرینگ نەبێ کە ناوەند هەموو حیزبەکانی کوردستانی دەخۆ نەگرتووە. ئەوەی بۆ ئەوان گرینگ بووە و گرینگە یەکگرتوویی نێوماڵی کوردە. هەمان یەکگرتوویی کە ئەوان لەسەر شەقام و بازاڕ و لە چلەی شەهیدەکاندا نواندیان، ئێستا چاوەڕوانن حیزبەکانی ناوەند و دەرەوەی ناوەندیش بە هەمان یەکگرتووییەوە دەست بە چنینەوەی بەرهەمی خەبات بکەن. چاوەڕوانن ئەگەر بەرەیەکی ئێرانی دێتە ئاراوە، حیزبەکان بە یەکەوە بڕیار لەسەر پەیوەست بوون و نەبوون بدەن. نایانهەوێ کەسێک یان لایەنێک خۆی لە ناوەند و لە حیزبەکانی دیکە و سەرەنجام لە نەتەوەکەی و خواستەکانی هەڵبڕێ و لەگەڵ ئەملایەن و ئەولایەن سات و سەودا بە خوێن و قوربانیدانی ئەوانەوە بکا. بە تایبەت ڕێککەوتن لەسەر نێوەڕۆکێکی لاواز لەگەڵ هێزێک کە هیچ باوەڕی بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نییە و لەم بارەوە مێژوویەکی ڕەشی لەخۆی تۆمار کردووە.

«کورد تا دەوڵەتی نەبێ بەشی هەر کوشتن ئەبێ» دروشمێک نەبوو کە بەشدارانی ناشتنی ژینا تەنیا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرماناندا بە زەینیاندا هاتبێ و پێشتر بیریان لێ نەکردبێتەوە. ئەمە کەمترین خواستێکە کە گەل هەیەتی. ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵاتیش خاوەن دەوڵەت و ئیدارەی خۆی بێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ.

پرسێکی دیکە کە گرینگیی زۆری هەیە، پێشگرتن لە کۆبوونەوەی دووبارەی دەسەڵات لە ناوەند و دوورکەوتنەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ژیاندنەوە و بەهێزکردنی ئەو ڕەوت و لایەنانەیە کە گەرەکیانە درێژە بە سووڕانەوەی دەوری بەتاڵی شا بە شێخ و شێخ بە شا بدەن. ئەوە بە تایبەت ڕووی لە سەڵتەنەت تەڵەبەکانە کە ڕەوتی هەرە سەرەکیی ناوەندگەرایی و سەمبولی شۆڤێنیزمی ئێرانین و کارنامەیەکی ڕەشیان لە سەرکوتی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا هەیە. هەر جۆرە نێزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەو ڕەوتە، مەشرووعییەتدان بە گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە کە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکرا و لە ڕاستیدا ژیاندنەوەی دیکتاتۆرێکی مردوویە بۆ جێگای دیکتاتۆرێک کە لەسەرەمەرگدایە. هەمان هەڵە کە شێرکۆ بێکەسی نەمر دوو دەیە لەوەپێش بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانی گوت؛

*من خۆم بووم خۆم*
*سێدارە هەڵوەشاوەکەم*
*سەر لە نوێ دروست کردەوە و*
*بە شانی خۆم هێنامەوە*
*بەر دەم بەغدا*
*من، خۆم بووم خۆم*
*ماری سڕبووی ئەم عێراقەم*
*سەر لە نوێ گەرم کردەوە*
*تا پێوەم با*